کتێبی تیشک

# پێشمەرگەی ئایدیال

عەلی مونەزەمی



# پێشمەرگەی ئایدیال

## حاتەم دوعاخان وەک نموونە

عەلی مونەزەمی

زنجیرە کتێبی تیشک بۆ لێکۆڵینەوەی
کوردستان
TISHK BOOK
٢٠٢٤ی زایینی

TISHK
The Center for Kurdistan Studies

ناوی کتێب:  پێشمەرگەی ئایدیال؛ حاتەم دوعاخان وەک نموونە
ناوی نووسەر: عەلی مونەزەمی
وەشانخانە:  ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان - تیشک
شوێن: کۆڵن، ئاڵمان
ساڵی چاپ: سەرماوەزی ٢٧٢٤
ژمارە: ١٣

ISBN 978-3-68939-006-8
eISBN 978-3-68939-007-5
https://doi.org/10.69939/TISHK2624

TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan
Postfach: 840108
51033 Köln

نووسین:
عەلی مونەزەمی

وێنەی ڕووبەرگ:
ژیندا

دیزاین:
ئاران

زنجیرە کتێبی تیشک بۆ لێکۆڵینەوەی
کوردستان
TISHK Book
٢٠٢٤ی زایینی
ژمارە (١٣)

TISHK
Zentrum für Studien über Kurdistan

## پوختە

پێشمەرگە وەک یەکێک لە پیرۆزترین زاراوەکان لە وێژەی سیاسیی کوردستان و هێزی ڕزگاریدەر و پارێزڤانی نەتەوەیی-نیشتمانی زۆر کەم بە شێوەی تیئۆری لەسەری نووسراوە و ئەو بەهایەی کە پێویست بووە لە نووسینە ئاکادمییەکاندا پێی نەدراوە. لەژێر تیشکی فەلسەفەی ئەفلاتوون و هزرەکانی قاسملوودا ئەو زاراوەیە شی کراوەتەوە و دواتر بە هێنانە بەرباسی ژیان و کەسایەتیی حاتەم دوعاخان وەک پێشمەرگەیەکی نموونە، کارەکتەرە سەرەکییەکانی کەسایەتیی پێشمەرگەی ئایدیال خراوەتە بەر چاوی خوێنەران. ئەوە بە چەشنێک هێماسازییە لە کولتووری بەرخوەدانی نەتەوەییدا، بۆ ئەوەی وەک ئاوێنەیەک لەبەر چاو بێت و وەک هێمایەک یارمەتیدەر بێت بۆ بیرکردنەوەی ئەبستراکت لە پەیوەندیی لەگەڵ پێشمەرگە و بیر و کردەوەی شۆڕشگێڕانەدا و مەجالێک بخولقێت بۆ هەموو ئەوانەی کە ناوی پیرۆزی پێشمەرگەیان هەیە کە بیر لە هەڵسوکەوت و کردەوەکانیان بکەنەوە و لەو چوارچێوەیەدا باشتر خزمەتی دۆزی ڕزگاریی نەتەوە و وڵاتەکەیان بکەن.

## وتەی دەستپێک

لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەییی کورددا، پێشمەرگە کەسێکی لەخۆبردووی خاوەن جێگە و پێگەی بەرز و تایبەتە کە مرۆڤی کورد هەموو کارەکتەر و تایبەتمەندییە سەرنجڕاکێش و ناوازەکانی مرۆڤایەتیی لە بوونی ئەودا بەدی دەکات. لە پەیوەندیی لەگەڵ باس لەسەر پێشمەرگە و شرۆڤە و لێکدانەوەی هزری-فەلسەفی لەو بارەوە، بیر و هزری قاسملوو کە تێکەڵەیەک لە تیئۆریی زانستی و فەلسەفەی پراکتیکییە، نرخی ئەم شرۆڤەیە تایبەتمەندتر و بەرزتر کردووە. لە بەر ئەوەی کە قاسملوو پێش ئەوەی کە ڕێبەرێکی پێشمەرگە بێت، پیاوی مەعریفە، فەلسەفە و زانست بوو. بۆ هەڵسەنگاندن و قووڵبوونەوە لەو باسەدا پێویست بوو هزر و ڕامانی قاسملوو لەسەر پێشمەرگە، لەگەڵ هزر و بۆچوونی بیرمەندانی دیکەش بەراورد بکرێت و لەبەر یەک دابنرێت. بۆ ئەم مەبەستە فەلسەفە و بۆچوونی ئەفلاتوون -کە یەکێکە لە فەیلەسۆفە یەکەمەکانی بواری باس لەسەر شەڕڤان و هێزی پاراستن لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و حکوومەتداریدا- هەڵبژێردراوە. دوای شیکردنەوەی باسە فەلسەفییەکان و هەڵسەنگاندنیان لەگەڵ بیر و هزری قاسملوو، ژیان و کارەکتەری کەسایەتییەکانی حاتەم دوعاخان - وەک یەکێک لە هێماکانی پێشمەرگە- دەدرێتە بەر تیشک و بە کەڵکوەرگرتن لەو میتۆدە، جوانییەکانی پێشمەرگە دەخرێتە ڕوو.

لێرەدا پێویستە سپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەم بە هەر شێوەیەک یارمەتیدەرم بوون بۆ ئەوەی بتوانم ئەو پەرتووکە بنووسم. سپاس بۆ کاک ئیبراهیم لاجانی کە چاوی لە بەشی تیئۆریی ئەم پەرتووکە کرد و بە وتە جوان و ورەبەخشەکانی هاندەر و یارمەتی دام، بۆ ئەوەی کە لە نووسینی ئەم کتێبەدا بەردەوام بم. سپاس بۆ کاک ئەنوەر کوهەنساڵ کە هەم هاندەری فکری بوو و هەم لە پەیوەندیکردن بە ئینفۆرمانتەکان یارمەتی دام. سپاس بۆ کاک سلێمان کەلەشی و کاک شەهریار نەقشبەندی کە ژمارەی تەلەفۆنی دوو ئینفۆرمانتیان بۆ

دۆزیمەوە تا بتوانم پەیوەندیان پێوە بکەم. سپاس بۆ دڵسۆزێکی نێوخۆی وڵات کە ئەویش هەم ئینفۆرمانتێکی پێ ناساندم و هەم پەیوەندیی نێوان ئێمەی ساز کرد کە بتوانم لەگەڵ ئەو ئینفۆرمانتە قسە بکەم. سپاس بۆ کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی، کاک شاهۆ حوسێنی، کاک غەنی غەنیپوور، کاک ئەحمەد عەزیزی، کاک سەلاح فازڵی، کاک م.ئ.س.، کاک عەبدوڵڵا فەتاحی، کاک موراد قادری و کاک مەحموود دەشتی کە وەک ئینفۆرمانت قسەیان کرد و لە ناساندن و پەیوەندیکردن لەگەڵ ئینفۆرمانتەکانیشدا یارمەتیدەرم بوون. سپاسێکی تایبەتیی دیکە بۆ کاک غەنی غەنیپوور کە هەم هاندەر بوو و هەم بە خوێندنەوەی ڕەشنووسی پەرتووکەکە توانی چەند هەڵەیەکم ڕاست بکاتەوە. هەروەها پێویستە سپاسی کاک کۆچەر ڕۆژهەڵات (کاک جەماڵ فەتحی) بکەم کە ئەوە دووهەمین جارە لە بواری پێداچوونەوەی زمانەوانیدا یارمەتیدەرم بووە بۆ ئەوەی کە پەرتووکەکانم بگەنە پرۆسەی چاپ و بڵاوبوونەوە. سپاس بۆ دەستەی نووسەرانی تیشک، بەتایبەتی کاک سارۆ ئەردەڵان و کاک سیاوەش محەممەدی. کاک سارۆ وەک هەڵسێنگەر و کاک سیاوەش وەک ڕەخنەگر لە ژێدەرەکان ئاستی زانستیی ئەم پەرتووکەیان لە بواری زانستیدا بەرز کردەوە. سپاس بۆ کاک سوهراب دوعاخان و دیسان کاک غەنی غەنیپوور و هاوڕێیەک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات بۆ ناردنی وێنەکان و سپاس بۆ کاک سەربەست ئورمیە بۆ بەرزکردنی کوالیتیی وێنەکان. سپاس بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان - تیشک و بەتایبەتی کاک ناسر مورادی. هەروەها پێویستە کە سپاسی هاوژینی خۆشەویستم، زەینەب مونەزەمی بکەم، کە تێچووی لەچاپدانی ئەو پەرتووکەی گرتە ئەستۆ و بەشێکی گرنگی ئەرکی لەچاپدانی ئەم پەرتووکەی لەسەر شانم سووک کردەوە.

# پێشکەشە بە جگەرگۆشەکانی پاکڕەوانانی کوردستان، بە تایبەتی جگەرگۆشەکانی پاکڕەوان حاتەم دوعاخان

سوهراب و پەروین دوعاخان

# پێشمەرگەی ئایدیال

# پێڕست


پێشەکی ١٥
پرسیار و کێشەی لێکۆڵینەوە ١٧
ناوی پێشمەرگە ٢٠
چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتن لە فەلسەفەی ئەفلاتوون و هزرەکانی قاسملوو ٢٣
چوارچێوەی باسەکان ٢٣
سنووردارکردنی ئەم نووسینە ٢٤
شێوازی لێکۆڵینەوە ٢٧
فەلسەفەی ئەفلاتوون و بیر و هزری قاسملوو ٢٩
فەلسەفەی ئەفلاتوون ٣٠
پەروەردە ٣٠
پەروەردەی جەستە یان لەش ٣٤
بەرپرس یان فەرماندەی پارێزڤانان ٣٤
کۆمەڵگای جێی مەبەستی ئەفلاتوون: بەرهەمهێنەران، پارێزڤانان و ڕێبەران ٣٧
سێ بەشی ڕۆح و پەیوەندییان لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتیی جێگای مەبەستی ئەفلاتوون ٣٩
ڕێبەری ٤١
کارەکتەرەکانی فەیلەسۆفی لێهاتوو بۆ حوکمڕانی ٤٢
تێگەیشتن لە جیهان ٤٥
بۆچی گرنگە بەشی تووڕەیی ڕۆح پەروەردە بکرێت؟ ٤٩
کام مرۆڤ بەختیارترە؟ ٥١
بیر و هزری قاسملوو ٥٣
پێشمەرگە لە ڕوانگەی قاسملووەوە ٥٣
جێگای خەڵک لە هزری قاسملوودا ٥٦
پەروەردە لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە ٥٧
پەروەردەی ڕێبەری ٥٨
پەروەردەی ئەندامان و پێشمەرگە ٦٧
ئەرکی پێشمەرگە بۆ پاراستنی ئاسایشی نێوخۆیی ٧١
ڕەتکردنەوەی تیرۆریزم و هەڵسوکەوتی پێشمەرگە لەگەڵ دیلەکانی شەڕ ٧١
پێشگرتن لە میلیتاریزم لە نێو حیزبدا (دژایەتی لەگەڵ تیموکراتی) ٧٢
ئەرکی پێشمەرگە لە ئەگەری وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ٧٣
پەروەردەی خەڵکی کوردستان ٧٣
حاتەم دوعاخان وەک هێما و نموونەی پێشمەرگە ٧٧
ڕەگ و ڕیشەی بنەماڵەیی و سەردەمی منداڵی ٧٧
چوونەوەی حاتەم بۆ ئەکادیمیای هێزی ئاسمانی ٨٢

ئەکادیمیای فرۆکەوانی ٨٤
چوونەوە بۆ ئەمریکا - جاری یەکەم ٨٥
پێکهێنانی ژیانی هاوبەش ٨٦
چوونەوە بۆ ئەمریکا بۆ جاری دووەم ٨٧
چوونەوە بۆ مەهاباد و چاوپێکەوتن لەگەڵ دوکتور قاسملوو ٨٩
چوونەوە بۆ دزە ی مەرگەوەڕ و دیدار لەگەڵ شیوەسەڵی ٩١
چۆنییەتیی گیرانی غەنی و حاتەم لە لایەن ڕێژیمەوە ٩٤
دیسان لە پایگای دووەمی شکاری لە تەورێز ١٠١
"هەر کاتێک هاتییەوە، تەلەفزیۆنێکی ڕەنگیم لەگەڵ خۆت بۆ بێنە!" ١٠٣
فەرماندەی هێزی نحۆ ١٠٥
چەککردنی جاشەکانی ڕاژان - یەکەمین عەمەلیات ١٠٨
تێکشکاندنی تیپی زرێهیی قەزوین لە "گەلیی قاسملوو" ١١٤
کۆبوونەوەی فەرماندەرانی هێز لەگەڵ دوکتور قاسملوو ١١٧
پەیامی دەفتەری سیاسی و ئەرکێکی حیزبی ١١٨
چاوپێکەوتن لەگەڵ فازڵ میرانی ١١٩
شەڕی ورمێ ١٢٠
خیانەتەکانی ڕەحمان کەریمی ١٢٤
پاشەکشە لە باکووری ڕۆژهەڵات بە هۆی سەپاندنی شەڕ لە لایەن کەواسوورەکانی بەر لەشکەری ڕێژیم ١٣٠
لە لاجانی پیرانشار- ڕێکخستنی دووبارەی هێزی نحۆ ١٣٢
وەرێخستنی شەڕی پارتیزانی ١٣٣
شەهیدبوونی حاتەم - "ئەگەر کورد نەمکوژن، عەجەم قەت ناتوانن زەفەرم پێ بەرن"! ١٣٥
شیکردنەوەی کەسایەتیی حاتەم دوعاخان وەک پێشمەرگەی نموونە ١٣٩
کەسایەتیی حاتەم دوعاخان لەسەر بنەمای فەلسەفەی ئەفلاتوون ١٣٩
حاتەم- کەسێکی پەروەردەکراو ١٤٠
حاتەم وەک ڕێبەر ١٤٤
تێگەیشتنی حاتەم لە خەبات و کوردایەتی ١٤٥
شیکردنەوەی کەسایەتیی حاتەم لەسەر بنەمای ڕوانگەی قاسملوو لەسەر پێشمەرگە ١٤٧
ئەنجام ١٥٣
ژێدەر و ژێرنووسەکان ١٥٥
پاشکۆ ١٦٥
وێنەکان ١٦٩

# پێشەکی

دوای دەرچوونی پەرتووکی «دیرۆکەکە ڤەشارتی»، زیاتر هەستم بەوە کرد کە زانیارییەکانمان لەسەر مێژووی نوێی خەباتی نەتەوەیی لە ناوچەی ورمێ، بەتایبەتی سەبارەت بە ئەکتەرە سەرەکییەکان کەمە. بۆ ئەم مەبەستە، هەوڵم دا کەسانی خاوەن زانیاری لەو بارەوە ببینمەوە و قسەیان لەگەڵ بکەم. یەکێک لەو کەسانە، پاکرەوان حاتەم دوعاخان بوو کە زانیارییەکان لەسەری زۆر کەم بوو. لە ڕێگای کاک ئەنوەر کوهەنساڵەوە توانیم پەیوەندی بکەم بە کاک غەنی غەنیپوورەوە، کە بە دڵفرەوانییەوە ئامادەیی خۆی دەبڕی. پلانمان دانا کە سەردانی سوید بکەم بۆ بینینی کاک غەنی، بەڵام بەهۆی پەتای کۆرۆنا و گرفتەکانی تر، ئەو سەفەرە سەری نەگرت.

کاتێک کە لەسەر پەرتووکی «ئازادی لە هزر و ڕامانی قاسملوودا» کارم دەکرد، ئەم جارە هەستم بەوەش کرد کە لە باری تیئۆرییەوە پەرتووکخانەی کوردی لە بواری لێکۆڵینەوە لەسەر پێشمەرگە لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە لاوازە. بۆ ئەوەی کە بتوانم کار لەسە هەردووی ئەو بیرۆکانە بکەم، بەو ئاکامە گەیشتم کە هەردوو مژارەکە لە یەک پرۆژەدا جێ بکەمەوە. هاوینی ئەمساڵ (٢٠٢٤) کە بۆ مەراسمێکی شایی لەلایەن کاک سلێمان کەلەشییەوە بۆ دانمارک دەعوەت کرابووم، ئەو شانازییەم بە نەسیب بوو کە چاوم بە کاک غەنی غەنیپوور بکەوێت و بیرۆکەی ئەم پرۆژەیەی لەگەڵ باس بکەم. ئەویش پێی شتێکی باش بوو و بەڵێنی هاوکاری پێ دام. کە لە دانمارک گەڕامەوە، لە ١٥ی جوولای ٢٠٢٤دا دەستم بە وتووێژ لەگەڵ کاک غەنی غەنیپوور کردەوە و ئەم پرۆژەیە بە کردەوە کاری لەسەر کرا.

ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەیە بووە ئەم پەرتووکەی کە ئێستا لەبەر دەستتاندایە. ئەگەرچی نووسین لەسەر پێشمەرگەی ئایدیاڵ و پاکرەوان حاتەم دوعاخان پێویست بوو لە ڕێگای قەڵەمێکی بەهێزتر بنووسرایە، بەڵام وەدەرەنگ خستنیشی

بەباش نەزانرا، بۆیە لە خۆمڕا بینی لەسەر ئەم مژارە قورسە بنووسم. هیوادارم ئەوە هاندەرێک بێت بۆ نووسەرانی دیکە کە باشتر لە من کار لەسەر ئەو مژارە بکەن.

ڕێز و حورمەت

عەلی مونەزەمی

٢٠٢٤/٠٩/٢٠ نورویژ

# پرسیار و کێشەی لێکۆڵینەوە

ئەوەی کە زاراوەی پێشمەرگە بۆ یەکەمین جار لە کوێ و چۆن هاتووەتە نێو کولتوور و زمانی کوردی، بۆ ئێمە ڕوون نییە؛ بەڵام زاراوەی پێشمەرگە بە شێوەی مودێرن و بە واتای ئەمڕۆیی خۆی، ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان و بەشێکە لە دەستکەوت و بەهاکانی ئەم کۆمارە و ڕێبەرەکەی (پێشەوا قازی محەممەد). ئەو زاراوەیە دواتر لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لەلایەن هێزە ئازادیخواز و ڕزگاریخوازەکانی کوردستانەوە بەکار هاتووە و بە کار دەبردرێت. لە ئێستەدا لە باشوور زاراوەی پێشمەرگە بۆ هێزەکانی پارێزڤانی کوردستان بە فەرمی بەکار دێت و لەلایەن حکوومەتی ناوەندیی عێراقەوە دانی پێ دانراوە. هەروەها پێشمەرگە بە دوای بەشدارییی لە شەڕی دژی تیرۆردا، ئێستا زاراوەیەکی ناسراوە لەسەر ئاستی جیهان و وەک هێزێکی دژی تیرۆر ناو و ناوبانگی دەرکردووە و لەلایەن فەیلەسۆفی فەرەنسی (بێرنارد هێنری لێڤی)، لە ساڵی ٢٠١٦دا فیلمێک لەسەر شەڕی پێشمەرگە لە دژی داعش بەرهەم هێنرا و لە بنکەی نەتەوە یەکگرتووەکان نمایش کرا.[1] دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر ڕێژیمی پاشایەتی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لەو کاتەی کە ڕێژیمی تازەبەدەسەڵاتگەیشتووی ئیسلامیی ئێران فەرمانی جیهادی بە دژی نەتەوەی کوردستان ڕاگەیاند، ژمارەی ئەو پێشمەرگانەی کە ئەزموونی شەڕی چەکدارییان هەبوو زۆر نەبوو، بەڵام زۆرینەی خەڵکی کورد و ڕێبەرانی سیاسیی ئەوکاتی کوردستان بڕیاری بەرگریی ڕەوایان دا و لە بەرامبەر ئەو هێرشەدا خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان دەستی پێ کرد. بۆیە هەر نەک تەنیا پێشمەرگە، بەڵکوو خەڵکی دیکەش بە خۆڕێکخستن لە چوارچێوەی هێزی بەرگریی نەتەوەییدا، بۆ دیفاع لە خاک و خەڵکی خۆیان و پشتیوانیی لە پێشمەرگە چوونە مەیدانی شەڕ و بە شێوازی جۆراوجۆر بوون

---

١- Berman, Paul. 2017. «Realism and the Kurds. Bernard-Henri Lévy presents his extraordinary documentary Peshmerga at the United Nations, but civilization isn’t listening.”
https://n9.cl/jf7uw

بە پاڵپشتی پێشمەرگە و پارێزگارییان لە خەڵک و وڵاتی خۆیانیان کرد. لەبەر ئەوەی کە بەرگری یەکێک لە فاکتەرە بەرزەکانی نەتەوەیی لە کوردستان بوو، خەڵکی کوردستان دڵخوازانە و خۆبەخشانە ڕوویان لە مەیدانی شەڕی داسەپاو کرد. هەر لەو کاتەدا زۆر ئەفسەری کورد کە لە نێو ئەرتەشی ئێراندا بوون، بۆ پشتیوانیی لە نەتەوەکەیان و بەشداریی لە خەباتی نەتەوەییدا هاتنە نێو ڕیزی پێشمەرگە کە فرۆکەوان سەروان حاتەم دوعاخان یەکێک بوو لەو ئەفسەرە چاونەترسانە.

لەسەر بەشداریی لە شەڕی بەرگریی نەتەوەییدا - ئەو نرخە بەرزە کولتوورییە - بە دەیان ستران، گۆرانی و هۆنراوە لەلایەن هونەرمەندان و دەنگبێژانەوە گوتراوە و لە کولتووری فولکلۆری کوردیدا بوونی هەیە و نیشان دەدات ئەوانەی لە وەها ڕۆژێکدا ناچنە مەیدانی شەڕ و خۆیان دەشارنەوە، بە سووک، بێکەڵەک، کەمتەرخەم، بێشەرەف و خاوەن کەسایەتییەکی نزم دەژمێردرێن، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەوانەی کە چەکی بەرگریی هەڵدەگرن و ڕوو لە مەیدانی بەرگری دەکەن، بە جوامێر، عەگید، ئازا، بەشەرەف و تێکۆشەر ناویان دەبەن. هەر تاکێک بۆ ئەوەی کە لە کام یەک لەو دوو دەستەیەدا خۆی پۆلێنبەندی بکات، ئازادە. گرووپێکی دیکەش کە زۆربەی خەڵکی ئاسایی لە خۆی دەگرتەوە، ئەگەرچی چەکدارانە لەو بەرگرییەدا بەشدار نەبوون، بەڵام بە دابینکردنی پێداویستییەکان و خواردەمەنی و هتد ئەرکی خۆیان لەو شەڕەدا بەجێ گەیاندووە کە مرۆڤ دەتوانێت بە گوێرەی فەلسەفەی ئەفلاتوون ئەوان لە دەستەی وەرزێر، کرێکار، بازرگان و پیشەکانی دیکەدا پۆلێنبەندی بکات کە خاوەنی چاکەی میانڕەوی (ف. فضیلت اعتدال) بوون. بێجگە لەو سێ گرووپە، گرووپێکی چوارەمیش هەن کە خیانەتکارن و لە کولتووری کوردستاندا بە جاش دەژمێردرێن. ئەم نووسینە زۆرتر لەسەر ئەو گرووپەی کە پێی دەگوترێت پێشمەرگە و بەرگریکاری نەتەوەکەیانن ڕاوەستاوە و شیکردنەوە دراوە. دەکرێت پێشمەرگە ئەو دەستەیەش لە خۆ بگرێت کە لە هێزی بەرگریی نەتەوەییدا خۆیان ڕێک خستووە بۆ بەرەنگاریی لە بەرانبەر دوژمناندا. دوای شیکردنەوەی باسە فەلسەفییەکان و هەڵسەنگاندنیان لەگەڵ بیر و هزری قاسملوودا، ژیان و کارەکتەرەکانی کەسایەتیی حاتەم دوعاخان

وەک یەکێک لە هێماکانی پێشمەرگە دەخرێتە بەر تیشک و بە کەڵکوەرگرتن لەو میتۆدە، جوانییەکانی پێشمەرگە دەخرێتە بەر چاوی ئێوە خوێنەرانی بەڕێز.

پێشمەرگایەتی کارێکی ساکار نییە. ئەوانەی کە دەبنە پێشمەرگە جگە لەوەی ژیانیان هەموو کاتێک بەرەوڕووی مەترسییە و ڕیسکێکی گەورەیە، بەڵکوو بە هۆی شەڕ و پێکدادان لەوانەیە تووشی هەندێک ڕووداوی زەرەربەخش بن کە لە هەموو ژیانیاندا کاریگەریی هەبێت لە سەریان، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پێشمەرگە خۆبەخشانە و بە ئاگاییەوە ڕێگای ژیانی هەڵدەبژێرێت. کەواتە ئەگەر وایە بەرەوڕووی پرسیارێک دەبینەوە کە گەلۆ چ شتێک هاندەرە بۆ ئەوەی کە کەسێک وەها ڕێگایەکی دژوار بگرێتە بەر و ببێتە پێشمەرگە؟ گەلۆ ئەوە هەستی شەڕئەنگێزانەیە کە وەها ڕێگایەک دەخاتە بەردەم ئەو کەسانە یان پارێزگاریی لە وڵات، ناسنامە و بەرژەوەندییەکانی باڵای نەتەوەییە وا دەکات کە گوێ بەو مەترسییانە نەدەن؟ گەلۆ پێشمەرگایەتی شەرەفە یان بەرژەوەندیی تایبەتیی ماددی بۆ ئەو کەسانە هەیە کە دەبن بە پێشمەرگە؟

لەم نووسینەدا بە دوای وڵامی ئەو پرسیارانەوە دەبین:

١.پێشمەرگە کێیە؟

٢.گەلۆ پێشمەرگەی ئایدیاڵ یان نموونەیی چ پێشمەرگەیەکە؟

٣.چ شتێک دەتوانێت هاندەر بێت بۆ ئەوەی کەسێک ببێتە پێشمەرگە؟

٤.ڕۆڵی ڕێبەری لە باشترکردن و یان تێکدانی کەسایەتیی پێشمەرگە چییە؟

٥.پێشمەرگە دوای سەرکەوتن دەبێت چ ئەرکێکی هەبێت؟

هەوڵ دەدرێت کە وڵامی هەموو ئەو پرسیارانە لە نێوەڕۆکی ئەم نووسینەدا بدرێتەوە تا ڕۆڵی پارێزڤانیی پێشمەرگە لە پرۆسەی ئازادیی وڵات و نەتەوەی کورددا وەک مرۆڤێکی ئازادیخواز و ڕزگاریدەر بە ڕوونی دەربکەوێت. هەروەها لەبەر دوو هۆی سەرەکی باس لە حاتەم دوعاخان وەک پێشمەرگەیەکی

نموونەیی دەکرێت: یەکەم ئەوەی کە حاتەم دوعاخان وەک کەسێکی بوێر و ئازا بە زانینەوە ڕێگای پارێزڤانی لە نەتەوەکەی گرتە بەر و دووهەم هۆ ئەوەیە کە ئێمەش ئەرکمان لەسەر شانە کە بە باسکردن لە ژیانی پێشمەرگە سەرمەشقەکان، ئەوان بکەینە هێما بۆ پێشمەرگەکانی داهاتوو و بەو چەشنەش نەهێڵین قارەمانانی نەتەوەکەمان ناویان ون ببێت.

لەم نووسینەدا باسی مێژووی شەڕەکانی پێشمەرگە بە دژی داگیرکەران بەگشتی و بەتایبەتی ڕێژیمی داگیرکەری ئێران ناکرێت، بەڵکوو هەوڵ دەدرێت لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسییەوە ڕۆڵ و تایبەتمەندییەکانی پێشمەرگەی نموونە ڕوون بکرێتەوە و نیشان بدرێت کە بۆچی ئەوانەی بە هەڵبژاردنی ئازاد و ئیرادەی خۆیان وەها بەرپرسایەتییەک دەگرنە ئەستۆ، دەبێت هەوڵ بدەن کە جوانییەکانی شۆڕشگێڕیی بپارێزن و لە دوارۆژیشدا نەکشێنەوە بۆ لای ئۆلیگارشیزم و تیموکراتی و یان بەرەو دیکتاتۆری نەڕۆن. لەبەر ئەوەی کە هەنگاونان بەرەو ئۆلیگارشیزم دەبێتە هۆی دابەشبوونی زیاتری کۆمەڵگا و ئەوەش بە نۆرەی خۆی گەورەترین هەڕەشە دەبێت لەسەر دەسکەوتەکانی نەتەوەیی و دروستکردنی سیستەمی تیموکراتی دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگایەکی تووڕە و لە سیستەمی دیکتاتۆریشدا بەس هەستەکان گرنگیان پێ دەدرێت و ئەو هەستانەش تێربوونیان بۆی نییە و دەبنە هۆکار کە زوڵم لە هەموو کەس بکرێت و بە حوکمڕانیشەوە کەس پارێزراو نەبێت.

## ناوی پێشمەرگە

هەروەک کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا، هیچ سەرچاوەیەک نییە کە نیشان بدات بۆ یەکەم جار زاراوەی پێشمەرگە چۆن هاتووەتە نێو زمانی کوردییەوە، بەڵام دوکتور قاسملوو لە پەرتووکی «چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا» دەنووسێت کە دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد کۆڕێکی ئەدەبی پێک هاتبوو بۆ دۆزینەوەی زاراوەکانی نێو سپا. لەو کۆڕەدا یەکەمین زاراوە کە پێویست بوو بدۆزرێتەوە، وشەیەکی ڕەسەنی کوردی بوو بەرامبەر سەربازی

فارسی. لەو کۆڕەدا چاچییەکی پیری دونیادیتوو پێشنیار دەکات کە زاراوەی پێشمەرگە کە بە واتای کەسێکی لەخۆبردووە، دابنرێت. قاسملوو هەروەها دەنووسێت کە «بێگومان یەکێک لە دەستکەوتە هەرە گەورەکانی سەرکەوتنی کۆماری کوردستان پێکهێنانی سپای میللی بوو کە بە هێزی پێشمەرگە ناو نرا». بە بۆچوونی قاسملوو ئەرکی سەرەکیی هێزی پێشمەرگە لە کاتی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا پاراستنی ئەو کۆمارە بوو.[١] بەس ناوی پێشمەرگە بە شێوەی فەرمی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان کە لە ساڵی ١٩٤٦دا دامەزرا و لەو کاتەوە پێشمەرگە هاتووەتە نێو وێژەی سیاسیی کوردستان، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا ناوی پێشمەرگە زیاتر بۆ ئەوانەی کە بە شێوەی چەکداری خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاریی کوردستان دەکەن، بەکار دەچێت. ئەگەرچی دوژمنانی کوردیش لەوە غافڵ نەبوون کە لە نرخە سیاسی-کولتوورییەکانی کورد بە دژی ئەم نەتەوەیە کەڵک وەربگرن و کۆماری ئیسلامیش بەدوای گەیشتن بە دەسەڵات، هەوڵی دا کە ئەو کوردە خۆفرۆشانەی کە چەکی جاشایەتی و سەرشۆڕی هەڵدەگرن، ناوی «پێشمەرگەی موسڵمان»ـیان لەسەر دابنێت، بۆ ئەوەی کە بتوانێت خەڵکێکی زیاتر فریو بدات و بیانکاتە لەمپەری سەر ڕێگای ڕزگاریی کوردستان[٢]؛ بەڵام ئەو ناوە قەت لە نێو خەڵکدا جێگای خۆی نەگرتەوە و هەروەک جاران بە جاش ناویان دەبردرێت.[٣]

بە هۆی ئەوەی کە کوردستان هێشتا نەبووەتەوە وڵاتێکی سەربەخۆ بۆ ئەوەی کە تەنیا ئەوانەی ئەرکی خۆیان بۆ پاراستنی وڵات و نیشتمان بەجێ دەگەیەنن، بە

---

١- قاسملوو، عەبدوڵڕەحمان. ٢٠٠٠. «چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی». ل. ٥٦
https://n9.cl/fy6vm

٢- سازمان پیشمرگان مسلمان کرد - ویکی امام خمینی
https://n9.cl/xyvzv

٣- Lindqvist, Moa. 2023. «"Governing the nation is more important than revenge"Amnesty for Kurdish Collaborators in the Aftermath of Genocide and its Influence on Reconciliation in Iraqi Kurdistan". (univ. Lund University, Department of Political Science, Peace and Conflict Studies). P. 6
https://n9.cl/wnasw

هاووڵاتی دابنرێن، بەڵام لە کولتووری کوردیدا پێشمەرگە لووتکەی خۆشەویستیی وڵات و نەتەوەیە. قاسملوو دەڵێت: «پێشمەرگە سەربازی ئەرتەشی بێ بیروباوەڕ نییە. پێشمەرگە دڵخوازانە هاتووە بۆ مەیدانی خەبات و بۆ ئامانجی پیرۆزی گەل خەبات دەکا»[١] و «پێشمەرگەکان لە دڵی گەل هاتوونە دەر».[٢]

بۆ بەرزڕاگرتنی ناوی پێشمەرگە لە نێو کورددا ڕۆژێکی تایبەت دیاری نەکراوە کە هەموو پارت و ڕێکخراوەکان لەسەری کۆک بن و یەکگرتووانە ئەم ڕۆژە پیرۆز ڕابگرن، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە داهێنەری ناوی پێشمەرگەیە لە وێژەی سیاسیی کوردستاندا، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی وەک ڕۆژی پێشمەرگە دیاری کردووە. دوکتور قاسملوو لەو بارەوە دەڵێت، لەبەر ئەوەی کە لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا یەکەمین جووڵانەوەی چەکدارانەی خەڵکی کوردستان لە مەهاباد دەستی پێ کردبوو بۆ کۆتاییهێنان بە حاکمیەتی دەوڵەتی ناوەندی، بۆ بەبیرهێنانەوەی ئەو ڕۆژە و نیشاندانی ئەو ڕاستییەیە کە درێژەدان بە ڕێبازی جووڵانەوەی ١٣٢٤ و ١٣٢٥ تا کۆتاییهێنان بە حاکمیەتی کۆنەپەرستی ئێستاش هەر ئەرکی سەرشانمانە، بۆ ڕێزدانان بۆ خەباتی قارەمانانەی ئێستای پێشمەرگە کە کۆڵنەدەرانە بەرامبەر بە ڕێژیمی سەدە نێوەڕاستییەکانی کۆماری ئیسلامی بەربەرەکانی دەکات و هەروەها بۆ ئەوەی کە هەموو ساڵێک بە سەر خەباتی ساڵی ڕابردووماندا چاو بخشێنین، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەستنیشان کراوە.[٣] لە ڕاستیدا دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ ڕێزلێنان لە پێشمەرگە، بڕیاری کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو و لەسەر بناغەی ئەم ڕاسپاردەیە، لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حیزبەدا کە لە گەلاوێژی ١٣٦٣دا بەڕێوە چووبوو، ٢٦ی سەرماوەز بۆ ئەم مەبەستە دیاری کرابوو و لە سەرماوەزی هەمان ساڵدا ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە پێشمەرگە بۆ یەکەمین جار بەڕێوە چووبوو کە زۆر ڕێکخراوی کوردستانی تێیدا بەشداریان

---

١- قاسملوو، عەبدوڵڕەحمان. ١٣٨٦. «تاڤگەی هەقیقەت- بەشێک لە بەرهەمەکانی قاسملوو « (بەرگی سێیەم). کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی . ل. ٢٠٧

٢- قاسملوو، عەبدوڵڕەحمان. ١٣٨٤ «تاڤگەی هەقیقەت- بەشێک لە بەرهەمەکانی قاسملوو « (بەرگی دووەم). کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی. ل. ٣٤

٣- قاسملوو. ١٣٨٤. ل.١١٣-١١٤

کردبوو[١] و لەو کاتەوە تا ئێستا هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا جەژن دەگیرێت.

## چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتن لە فەلسەفەی ئەفلاتوون و هزرەکانی قاسملوو

قاسملوو کە ڕێبەری جووڵانەوەیەکی چەکدارانەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیەکی بندەست و پارچەپارچەکراو بوو، ئەگەرچی ڕێبەرێکی کاریزماتیک و سیاسەتوانێکی ڕێالیست بوو، بەڵام ئەو هەروەها خاوەنی زۆر پرەنسیپی نەگۆڕ بوو کە نرخی مرۆیی بناغەکەی پێک دەهێنا. بۆیە گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی یۆنانی، بەتایبەتی ئەفلاتوون (ئەفلاتوون لە کتێبەکەیدا بە ناوی «کۆمار» (Republic) کە وتووێژی نێوان سوقرات و خەڵکی دیکەیە) کە باس لە پێکهێنانی حکوومەتێکی ئایدیاڵ و زۆر پرەنسیپی گرنگ بۆ پارێزڤانان و دەسەڵاتداران شی دەکاتەوە، وەها مژارێک لە سەردەمی ئێستادا بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە کورد تێیدایە، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی کە ئێمە بتوانین پێشمەرگەی ئایدیاڵ لە ڕوانگەی قاسملووەوە باشتر پێناسە بکەین. لەبەر ئەوەی کە هەروەک چۆن ئاکاری شۆڕشگێڕانەی جێگای باوەڕی قاسملوو بەشێکە لە فەلسەفەی نۆرماتیڤ بۆ پێشمەرگەیەکی ئایدیاڵ، گرنگە کە ئێمە بزانین ئەفلاتوون چ تایبەتمەندی و ئەرکێکی بۆ جەنگاوەری ئایدیاڵ دەسنیشان کردووە و خاڵە هاوبەشەکان و دژبەرەکانی نێوان هزری قاسملوو و ئەفلاتوون کامانەن. ئەوە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ باشتر شیکردنەوەی ژیان و تایبەتمەندییەکانی حاتەم دوعاخان وەک پێشمەرگەیەکی ئایدیاڵ و ناساندنی ئەو بە جیلی نوێ لەو ڕوانگەیەوە.

## چوارچێوەی باسەکان

ئەم پەرتووکە پێنج بەش لەخۆی دەگرێت کە بریتین لە: ١. لە بەشی یەکەمدا کە پرسیاری لیکۆڵینەوە شی کراوەتەوە، ڕوونی دەکاتەوە ئەم پەرتووکە پێویستە

---

١- ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارەی ١٠١، ل. ٩ و ١٩.

وڵامی چ پرسیارگەلێک بداتەوە و پێشمەرگە بە کێ دەگوترێت. ٢. بەشی دووەم مێتۆدی لێکۆڵینەوە و چۆنییەتیی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان دەخاتە ڕوو. ٣. بەشی سێیەم بەشێکی تیئۆرییە کە زانیاری لەسەر فەلسەفەی سیاسیی ئەفلاتوون لە پەیوەندی لەگەڵ پارێزڤانی ئایدیاڵ و هزرەکانی قاسملوو لە پەیوەندی لەگەڵ پێشمەرگەدا دەخاتە ڕوو. ٤. بەشی چوارەم ژیاننامە و بەسەرهاتی حاتەم دوعاخان وەک یەکێک لە پێشمەرگە نموونەکانی کوردستان لە خۆی دەگرێتەوە. ٥. لەبەشی پێنجەمدا کەسایەتیی حاتەم دوعاخان لەسەر بنەمای فەلسەفەی ئەفلاتوون و هزرەکانی قاسملوو شی کراوەتەوە و دواتر ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەیە لە کۆتاییی پەرتووکەکەدا نووسراوە.

## سنووردارکردنی ئەم نووسینە

زۆر فەیلەسۆف و زانا لەسەر شەڕڤان و پارێزڤان شتیان نووسیوە کە دانەر نە کاتی ئەوەی هەبوو کە بتوانێت بیر و هزری هەموو ئەو زانایانە بخوێنێت و لەگەڵ یەکدا بەراوردیان بکات و نە لە پرۆژەیەکی وەها بچووک و سنوورداردا دەتوانرا ئەو کارە قورسە شانی وەبەر بدرێت. بۆیە گەڕانەوە بۆ لای ئەوانەی کە یەکەمین جار لەسەر ئەو پرسە کاریان کردووە شتیان نووسیوە، پێویست بوو و لەو نێوەشدا گەڕانەوە بۆ یۆنانی کەونار و فەلسەفەی ئەفلاتوون باشترین یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی کە دانەر بتوانێت ڕووی تێ بکات. هەروەها کە گوترا، لە نێو حیزبەکانی کوردستاندا ئەگەرچی زۆربەی حیزبەکان هێزی چەکداری خۆیان بە پێشمەرگە ناو دەبەن (بێجگە لە پەکەکە و پارتەکانی سەر بە ڕەوتی پەکەکە کە لە زاراوەی شەڕڤان و گریلا کەڵک وەردەگرن)، کەچی بۆ ڕێزگرتن لەو پارێزڤانانە یەک ڕۆژی هاوبەشیان دیاری نەکردووە و هەر یەک لەو پارتە سیاسیانەش پێناسەی خۆیان بۆ پێشمەرگە هەیە. لێکۆڵینەوە لەو هەموو هزر و ڕوانگەیە جیاوازانە هەم کاتێکی زۆری دەویست و هەم هەروەک چۆن لە باری فەلسەفییەوە گەڕاینەوە بۆ سەرچاوە سەرەتاییەکان، بۆ پێشمەرگەش هەر هەمان گەڕانەوە بە پێویست زانرا و بۆیە گەڕانەوە بۆ کۆماری کوردستان و فەلسەفەی حیزبی دێموکراتی

کوردستانی ئێران شتێکی سروشتی بوو. لە نێو ئەو حیزبەشدا پێشمەرگە یان پارێزڤانی نموونەیی زۆرن و باس لەسەر هەموو ئەوانە لە توانای کەسێکدا نییە. بێجگە لەوە، بە هۆی ئەوەی کە زۆر کەم لەسەر حاتەم دوعاخان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە شت نووسراوە و زۆر کەم ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی گیراوە، وەک ڕێزگرتن لە خەبات و فیداکاریی ئەو پێشمەرگەیە لەخۆبردووە، هەوڵ دراوە بۆ یەکەمین جار بە وردی ژیان و خەباتی ئەو پارێزڤانە فیداکارەی نەتەوەکەمان لە ڕێگای لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و بە شێوەی بێلایەن و ئابژێکتیڤ بنووسرێت.

# شێوازی لێکۆڵینەوە

بۆ لێکۆڵینەوە لە مژارە پێویست و پەیوەندیدارەکان بەو پەرتووکە، دانەر لە شێوازی لێکۆلینەوەی کواڵیتاتیف (چۆنایەتی) کەڵکی وەرگرتووە کە بریتییە لە شیکردنەوەی دەق و کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لە ڕێگەی وتووێژی قووڵ و نیوە چوارچێوەدار. بە هۆی ئەوەی کە دانەر دەستی بە زۆر یەک لەو پەرتووکانەی کە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بڵاو کراون و یان لە باشوور کوردستان و لەلایەن کەسایەتییە سیاسییەکانەوە بڵاو کراون، نەگەیشتووە؛ بۆیە ئەم لێکۆلینەوەیە بێکەموکوڕی نییە. هەروەها هەوڵ درا کە لەگەڵ هەندێک کەس وتووێژ بکرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و هەوڵەکان بۆ ئەم مەبەستە بە ئاکام نەگەیشتن. بۆیە تەنیا لەگەڵ چەند کەس لەو بارەوە وتووێژ کراوە، کە ئەوانیش بە هۆی بەرپرسایەتی و یان پەیوەندیی تایبەتی لەگەڵ حاتەم دوعاخان، زانیاریی زۆر وردیان پێ بوو و ئەوەی لانیکەم بۆ یەکەمین لێکۆڵینەوە لەسەر کەسایەتییەکی وەها پێویست بوو، کۆ کرایەوە؛ سەرەڕای ئەوەی کە بێکەموکوڕیش نییە. بۆ دۆزینەوەی ئینفۆرمانتەکان لە مێتۆدی «تۆپە بەفرینە» کەڵک وەرگیراوە. بەو شێوەیە کە لە ڕێگای ئینفۆرمانتەکانەوە هەوڵ دراوە ئینفۆرمانتی نوێ بدۆزرێنەوە.

بە هۆی ئەوەی کە دانەر لەسەر شێوازی لێکۆلینەوەی کواڵیتاتیف لە پەرتووکەکانی پێشتردا زۆر بە وردی زۆر شتی نووسیوە، دووپاتکردنەوەیان لێرەدا بە پێویست نازانرێت.

# فەلسەفەی ئەفلاتوون و بیر و هزری قاسملوو

پلاتۆن (ئەفلاتوون) یەکێک لە فەیلەسوفەکانی یۆنانی ئەنتیکە کە لە نێوان ساڵەکانی ٤٢٨-٣٢٨ی پێش زایین ژیاوە و لە ماوەی ژیانیدا ژمارەیەک بەرهەمی هزری و فەلسەفیی نووسیوە کە کاریگەرترین و بەناوبانگترینیان پەرتووکی «کۆمار»ە کە بۆ خۆی لە ١٠ پەرتووک پێک هاتووە. لێرەدا دانەر لە فۆرماتی PDFی وەرگێرانی فارسیی کتێبەکە کە لەلایەن محەممەد حوسێن لوتفییەوە وەرگێڕدراوە و لە ساڵی ١٩٧٤ لە تاران چاپ کراوە، کەڵکی وەرگرتووە.

لەو پەرتووکەدا کە باسەکان بە شێوازی دیالۆگی نێوان سوقرات و کەسانی دیکەدا نووسراوە، ئەفلاتوون لە جیهانی ئایدیاکاندا بە دوای شیکردنەوەی چاکەی دادپەروەری لە لای تاکەکان لە ڕێگای دیالێکتیک و گەیشتن بە ئایدیای چاکەوەیە. ئەو پەرتووکە ئەگەرچی لەسەر بنەمای دیالۆگی نێوان سوقرات و هێندێک کەسی دیکە نووسراوە، بەڵام بە تەواوی ڕوون نییە کە کام وتە بە ڕاستی وتەی سوقراتە و کام وتە یان ئایدیا، بیری ئەفلاتوونە. ئەو لەو پەرتووکەدا چەند جۆر حکوومەت لە یەکتر جیا دەکاتەوە وەک حکوومەتی ئایدیاڵ، تیموکراتی (ئەریستۆکراتی)، ئۆلیگارشی، دێموکرات و تیرانی. بە بڕوای ئەفلاتوون حکوومەتی ئایدیاڵ کە حکوومەتێکی خەیاڵییە و لە واقیعدا بوونی نییە، باشترین شێوازی حکوومەتدارییە کە لەوێدا هەر تاکێک دەبێت ئەو ئەرکە بەڕێوە ببات کە لەگەڵ جەوهەری ڕۆحییەتی یەک دەگرێتەوە و ڕێک دەکەوێت. ئەوەش کاتێک مسۆگەر دەبێت کە تاکەکان لە کۆمەڵگادا لە ڕێگای سیستەمێکی پەروەردەییەوە جێگای شیاوی خۆیان لە کۆمەڵگادا بە دەست بهێنن؛ لە کاتێکدا کە دەرەتان و کەرەستەی پەروەردە بۆ هەمووان وەک یەک لە بەردەستدایە و لە نێوان ژن و پیاودا یەکسانی هەیە و ئەوەی کە پێی خۆشە بە ویستی ئازادانەی خۆی بەشداریی لە پەروەردە لەو سیستەمەدا دەکات. ناوبراو

کۆمەڵگا لەسەر سێ چینی بەرهەمهێنەران (کرێکاران، وەرزێران، بازرگانان و هتد)، پارێزڤانان (شەرڤانان) و ڕێبەران (فەیلەسۆفەکان)ـدا دابەش دەکات. ئەگەرچی لە زۆر جێگادا ئەفلاتوون زاراوەی پارێزڤان هەم بۆ ڕێبەران و هەم بۆ جەنگاوەران بەکار دەبات، بەڵام لە هەندێک جێگادا زاراوەی جەنگاوەر بۆ ئەندامانی سپا بەکار دەبات. ئەو دابەشکارییەی کۆمەڵگا لەلایەن ئەفلاتوونەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ سێ بەشی ڕۆح، واتە ژیری، خەوێش (مزاج) و هەستەکان (ئارەزوو). لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە کاتێک لە کۆمەڵگادا دادپەروەری جێگیر دەبێت کە هەر تاکێک یەک کاری هەبێت و لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردەییەوە جێگای لە کۆمەڵگادا دیاری کرابێت. سیستەمی پەروەردەیی ئەفلاتوون لە سێ قۆناغ تێپەڕ دەبێت. ئەوانەی کە لە قۆناغی یەکەمدا دەکەون و سەرکەوتوو نابن، دەبێت ببن بە بەرهەمهێنەر (کرێکار، وەرزێر، بازرگان و هتد)، ئەوانەی کە لە قۆناغی دووهەمدا دەکەون، دەبن بە پارێزڤان و بەڕێوەبەر لە حکوومەتدا و ئەوانەی کە دەچنە بۆ قۆناغی سێیەم، دەبێت فێری دیالێکتیک بکرێن و ببن بە فەیلەسۆف و دواتر ڕاهێنان بکەن و ئەزموون بە دەست بهێنن بۆ ئەوەی کە ببن بە فەرمانڕەوا. لەو بەشەدا لە پێشدا خاڵە گرنگەکانی فەلسەفەی ئەفلاتوون شی دەکرێنەوە و دواتر دەچینە سەر بیر و هزرەکانی قاسملوو لە پەیوەندی لەگەڵ پێشمەرگەدا.

## فەلسەفەی ئەفلاتوون

### پەروەردە

لە فەلسەفەی ئەفلاتووندا پەروەردە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئایدیاڵ جێگایەکی تایبەتیی هەیە. لە سیستەمی پەروەردەیی جێگای مەبەستی ئەفلاتووندا

پەروەردەی ڕۆح و پەروەردەی جەستەیی دوو چەقی سەنتراڵن،[١] بەڵام پەروەردەی ڕۆح پێشتریەتیی دراوەتێ. بۆ ئەوەی کە ڕۆح پەروەردە بکرێت، هەنگاوێکی زۆر گرنگ ئەوەیە کە بتوانن پارێزڤانان وا پەروەردە بکەن کە لە دژوارترین ساتەکاندا لەسەر هەستەکانیاندا زاڵ بن و بەرامبەر کوژرانی هاوڕێیانیان لە مەیدانی شەڕدا و یان مردنی ئەندامانی بنەماڵەیاندا ئەژنۆی خەم نەگرنە باوەش و گریان بە شوورەیی بزانن و بۆ پێکەنینیش سنوورێکیان هەبێت. ئەفلاتوون دەڵێت: هەر لە منداڵییەوە بە چیرۆک کە بەشێک لە ڕاستیشی تێدا بێت، دەبێت منداڵەکان پەروەردە بکرێن بۆ ئەوەی کە لاوان بوێر و چاونەترس بن و لە ترسی مردن ئازاد بکرێن. ڕێگای بارهێنانی پارێزڤانی ئازا و چاونەترس، ڕزگارکردنی ئەوان لە هەستە ترسێنەرەکانە. کەسێک کە بەو شێوەیە پەروەردە بکرێت، مردن لە مەیدانی شەڕدا لە بەدیلگیران باشتر دەزانێت.

ئەو هەروەها دەڵێت: گێڕانەوەی چیرۆکی شەڕی خوداکان لەگەڵ یەک بۆ منداڵان باش نییە و نابێت بۆ منداڵان باس بکرێن. لەبەر ئەوەی کە ئەو چیرۆکانە دەبنە هۆی ئەوەی کە ناکۆکی لەگەڵ یەک بۆیان ببێتە شتێکی سروشتی.

بۆ ئەفلاتوون بنەمای کۆمەڵگایەکی چاونەترس و ئازا، پەروەردەکردنی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایەیە کە چاونەترس و دلێر پێ بگەن. بە بڕوای ئەفلاتوون، «کەسێک دەتوانێت پارێزڤانی کۆمەڵگا بێت کە کەسێکی دلێر، چالاک و بەهێز بێت و سروشتێکی فەیلەسۆفانەی هەبێت (ئەهلی زانست و فێربوون بێت)».[٢]

---

١- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. «جمهوری» ترجمه به فارسی از محمد حسین لطفی، چاپخانه خوشه ١٣٥٣. ل. ٩٨
https://n9.cl/22ply

٢- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٩٧-١١٧

* دوکتور شەرەفکەندی لە وتەکانیدا بە بۆنەی شەهیدبوونی د. قاسملوو دەڵێت: «با دایکانی کوردستان ڕۆڵەکانیان لە باوەشی گەرم و پڕ لە خۆشەویستیی خۆیاندا، بەهەستی گەرمی نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازی پەروەردە بکەن و چیرۆکی ژیانی دوکتور قاسملوو و شەهیدانی ڕێگای ڕزگارییان بە گوێدا بخوێنن.
با باوکانی کوردستان دەرسی ئازایەتی و خەباتگێڕی فێری منداڵەکانیان بکەن و تێیان بگەیەنن کە چەندە خۆشە جێگای هیوا و هومێدی کۆمەڵەکەیان و گەلەکیان بن.
با لاوانی کورد، کوڕ و کچ باش بزانن کە ژیان لە ئەسیری و ژێردەستەییدا و بە سەرشۆڕی و شەرمەزارییەوە چەندە بێقەدر و قیمەتە و لە بەرامبەردا هەوای پاک و بێگەردی سەربەرزی و ئازادی چەندە خۆش و دڵڕفێنە».

تایبەتمەندییەکی دیکە کە ئەفلاتوون بۆ پارێزڤانان بە گرنگی دەزانێت، تێگەیشتووییە. کەسێکی تێگەیشتوو دەتوانێت هەستەکانی باشتر کۆنترۆڵ بکات. کەسانی تێگەیشتوو خۆیان لە درۆکردن بەدوور دەگرن و کەسانێکی خۆڕاگر و بەسەبر و پشوودرێژن. سەرچاوەی بەختیاریی ئەوان لە دەروونیاندایە و لەو ڕێگایەدا وەک خەڵکی ئاسایی پێویستیی بە خەڵکی دیکە نییە کە ئارامیان بکات. ئەوان کوژرانی هاوڕێیانیان لە مەیدانی شەڕدا بە چارەڕەشی دانانێن و بۆیان ناگرین.[١]

ئەو هەروەها خۆڕاگریش وەک ڕاستگۆیی بۆ لاوان بەپێویست دەزانێت. خۆڕاگری بە واتای پەیڕەویی لە فەرمانی حوکمڕانان، میانڕەوی لە خواردن و خواردنەوە و خامۆشکردنی شەهوەت یان زەوقە. (داوێنپاکی و دەستپاکی).[٢]

هەروەک کە پێشتر باس کرا، ئەفلاتوون لەو بڕوایەدا بوو کە هەر کەسێک دەتوانێت لە یەک کاردا ببێتە پسپۆڕ و کارزان. لەبەر ئەوەی کە ئەگەر کەسێک چەند کاری هەبێت، لە هیچ کامیاندا سەرکەوتوو نابێت. بۆیە ئەفلاتوون پێی وایە کە پارێزڤانانیش بێجگە لە پیشەی خۆیان و یان ئەو کارانەی کە بۆ پاراستنی کۆمەڵگا پێویستن، نابێت هیچ کارێکی دیکە بکەن. ئەرکی کۆمەڵگایە کە دەبێت تێچوو پێداویستییەکانیان دابین بکات.[٣]

ئەفلاتوون هەروەها ئەو کار و کردەوانەی کە شیاوی کۆمەڵگا بەگشتی و شەڕڤانان و پارێزەران بەتایبەتی نین، بەو شێوەیە پۆلێنبەندی دەکات:

گۆرانی و هۆنراوەی دڵتەنگکەر و غەمگین نابێت ڕێگەپێدراو بێت بۆ ژنان و پارێزڤانان کە دەبێت ئازا و بەجەرگ پێ بگەن. هەروەها، مەستی، سستی و تەمبەڵی و ئەو گۆرانییانەی بۆ کۆبوونەوەی مەستی و سەرخۆشان دەگوترێن، بۆ پارێزڤانان ناگونجێن.

١- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ١١٨-١٢٠

٢- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ١٢١

٣- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ١٣٢

بە وتەی ئەفلاتوون، ئەو گۆرانییانە کە لە کاتی تەنگانە و چارەنووسی ناخۆش وەک کاتی مەیدانی شەڕ و برینداربووندا بە کەڵکی پارێزڤانان دێت و مۆراڵیان بەرز دەکاتەوە، و یان ئەو گۆرانییانەی کە لە کاتی ئاشتی و خۆشیدا بە مەبەستی تاعەت و عیبادەت لەگەڵ خودای خۆیان و گوێگرتن لە خەڵک و لانەدان لە ڕێگەی میانڕەوی دەگوترێن بە مەبەستی زاڵبوونی پارێزڤانان بەسەر نەفسی خۆیاندا، شیاون. بە بڕوای ئەفلاتوون، دەبێت لە کۆمەڵگادا هەموو کارەکان و هونەرەکانی ڕێگەپێدراو، هونەرێک بن کە لە پاکی و ساکاربوونی ڕۆحەوە سەرچاوە دەگرن و نابێت پیسی و نارێکوپێکی بخەنە ڕوو. لەبەر ئەوەی کە پارێزڤانان دەبێت لە کۆمەڵگایەکدا پێ بگەن کە ڕەنگدانەوەی چاکە و جوانی بێت. یانی پێگەیاندنی لاوان لە ژینگەیەکی تەندروستدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر چی ببینن و ببیسن لە بەرژەوەندیاندایە. پەروەردەکردنی ڕۆح لە ڕێگای مۆسیقا و شێعرەوە باشترین بەشی پەروەردەیە. لەبەر ئەوەی کە کێش و گۆرانی بە قووڵی کاریگەریی لەسەر ڕۆح دادەنێن. لێرەدا مەبەست ئەو شێعرانەن کە بۆ بوێربوونی شەڕڤانان پێویستن؛ نەک شێعرەکانی کەسانی وەک هۆمێر. کەسێک کە بە دروستی پەروەردە دەبێت و پێ دەگات، کاتێک کە دەبێتە خاوەنی تێگەیشتن، لە دیتنی شتی جوان چێژ وەردەگرێت و ئەوە بە هۆی ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان جوانی و ڕۆحی ئەودا کە هەر لە منداڵییەوە جێ دەکەوێت، خۆی دەنوێنێت.[١]

بە بڕوای ئەفلاتوون، هەم مامۆستایان و هەم پارێزڤانان کاتێک خاوەنی پەروەردەی دروستن کە بتوانن سروشت و نێوەڕۆکی بوێری، خۆڕاگری، تێکۆشەربوون و ڕەنگدێرەکانی هاوتای ئەوان و ئەوانەی کە پێچەوانەی ئەوانن، بناسن و بەرامبەر بەوان چ بچووک بن و چ گەورە، کەمتەرخەم نەبن.

هەروەها ئەوانەی کە خاوەنی پەروەردەی دروستن، خۆشەویستی ئەوانەشن کە بەو ڕادەیە لە پێگەیشتن نزیک بن. مەبەست لە خۆشەویستی لێرەدا لەگەڵ هەستی سکسی جیاوازە. خۆشەویستیی ڕاستەقینە دوورە لە شێتییەتی کە شەهوەت بەشێکە لەو شێتییەتییە. خۆشەویستی بە هۆی جوانیی دەروونە یانی

---

١- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ١٣٧-١٤٤

ببی بە خۆشەویستی جوانیی کەسێک کە تەنیا و تەنیا بە هۆی جوانیی ڕۆحییەوە بێت و ئەو پەیوەندییە وەک پەیوەندیی نێوان باوک و منداڵ بێت و لەوە نەچێتە دەر.[1]

## پەروەردەی جەستە یان لەش

بە بڕوای ئەفلاتوون، ئەگەرچی پەروەردەی ڕۆح و جەستە هەردووکیان لە ڕاستیدا هەر پەروەردەی ڕۆحن، بەڵام مەشق و پەروەردەی جەستە دەبێتە هۆی پەروەردەی ئیرادە و پێویستە لە هەموو تەمەندا کاری لەسەر بکرێت. ئەگەرچی ڕۆحی تەندروست دەتوانێت ببێتە سەرچاوە بۆ هەبوونی جەستەی تەندروست، بەڵام جەستەی تەندروست بە واتای هەبوونی ڕۆحی تەندروست نییە. هەروەک کە باس کرا، بەهێزی دەبێتە سەرچاوەی ئیرادە ئەگەر بە دروستی پەروەردە بکرێت، بەڵام ئەگەر زێدەڕۆی تێیدا بکرێت، تەحەمول ناکرێت. هەروەها ئەگەر نەرمیش زێدەڕۆی تێیدا بکرێت، دەبێتە هۆی لاوازی و ئەگەر دروست پەروەردە بکرێت، دەبێتە دلۆڤانی و میانڕەوی و هەردووی ئەو ڕەنگدێرانە بۆ پارێزڤانان پێویستن. بە وتەی ئەفلاتوون، ئەگەر کەسێک لە باری جەستەییەوە خۆی بەهێز بکات، کەچی پشت لە زانست و بەحس و گفتوگۆ بکات، دەبێتە دوژمنی بیرکردنەوە، تێفکرین و پەروەردە و بۆ ئەوەی کە خەڵکی دیکە لەگەڵ خۆی بخات، پەنا بۆ بەکاربردنی زەخت و گوشارهێنان دەبات. وەها کەسێک لە هەموو جوانییەکان دوور دەکەوێتەوە و بەرەو دیکتاتۆری دەچێت.[2]

## بەرپرس یان فەرماندەی پارێزڤانان

شارەزایی لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکاندا و خۆ بە ئەرکدارزانین یەکێک لەو خاڵانەیە کە بۆ فەرماندەرانی پارێزڤانان دەبێت لەبەر چاو بگیرێت. لەبەر ئەوەی کە

---

١- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ١٤٥-١٤٦

٢- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ١٤٧-١٦٢

مرۆڤ خۆی لەبەرامبەر ئەو شتەی کە خۆشی دەوێت، بە ئەرکدار دەزانێت. خۆ بە ئەرکدارزانین بەو واتایەیە کە مرۆڤ بەرژەوەندی، خێر و زەرەری ئەو شتەی کە خۆشی دەوێت، بە هی خۆی بزانێت. بەس کەسێک شیاوی فەرماندەیی پارێزڤانانە کە لە هەموو ژیانیدا نیشانی داوە کە بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵگا ئەو ئەرک و کارەی کە پێی سپێردراوە بە کەیفخۆشییەوە بەجێی گەیاندووە و خۆی لە ئەنجامی هەر کارێک کە لە زەرەری کۆمەڵگادا بووە، پاراستووە. وەها کەسانێک سەرەڕای پاراستنی بیر و باوەڕی خۆیان، پێویستە هەموو کاتێک لە ژێر تاقیکاریدا بن و خۆڕاگرییان هەڵسەنگێنرێت. بۆ ئەم هەڵسەنگاندنە دەبێت ئەوان لە بەرامبەر شتی دڵرفێن و خۆش دابنرێن بۆ ئەوەی کە دەربکەوێت کە بەو شتانەش هەڵدەخەڵەتێن یان خۆڕاگرن و خۆیان دەپارێزن. ئەو هەڵسەنگاندنە دەبێت لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا هەر لە منداڵییەوە تا گەورەساڵی بەردەوام بێت.

ئەوانەی کە دەبنە پارێزڤان و وڵاتیان پێ دەسپێردرێت، دەبێت تا زیندوون حورمەت و ڕێزیان لێ بگیرێت و کاتێکیش کە مردن و نەمان، بەشکۆ و ڕێزەوە بە خاک بسپێردرێن و گڵکۆیەکی شایستەیان بۆ ساز بکرێت.

ئەرکی پارێزڤانان و بەڕێوەبەران پاراستنی کۆمەڵگایە لە هەمبەر دوژمنانی دەرەکی و نەیارانی نێوخۆیی. بەو واتایە کە وریا بن دوژمنان زەربە لە وڵات نەدەن و نەیاران ئارامی و ڕێکوپێکیی وڵات تێک نەدەن. ئەوان هەروەها دەبێت ببن بە هاوکاری ڕێبەرانی وڵات.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە پرەنسیپێکی واتاداری ئەخلاقییە، ئەوەیە کە بەڕێوەبەران و پارێزڤانان لەوەی کە وڵات دایکی ئەوانە و خەڵکی وڵات خوشک و برای ئەوانن، دەبێت تێ بگەیندرێن کە لە کاتی تەنگانەدا بۆ یارمەتیدانیان هەستن و ئەوان لە دوژمنان بپارێزن. خەڵکیش دەبێت ئەو یەکە بە ڕاست و دروست بزانن و بڕوایان پێ هەبێت.

دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان بە ڕادەی پێویست بۆ پارێزڤانان و بەڕێوەبەران،

ئەرکی کۆمەڵگایە. لە ئەگەری جێبەجێنەکردنی ئەو یەکە، لەوانەیە پارێزڤانان ناچار بن کە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان زوڵم لە خەڵکەکەیان بکەن. کەچی پارێزڤانان نابێت نە شتێکیان زیاد بێت و نە کەم. ئەوانەی کە دەبنە خاوەنی ماڵ و موڵک و سەروەت و سامان، توانا و شیاویی پارێزڤانیی خۆیان لەدەست دەدەن و دەبنە بازرگان و لە جیاتی ئەوەی کە پارێزگاری لە خەڵک بکەن، دەبنە ڕکابەر و دوژمنی خەڵک و ڕقیان لە خەڵک هەڵدەستێت و خەڵکیش ڕقی لەوان هەڵدەستێت و بەو چەشنە زیاتر لە دوژمن لە خەڵکی خۆیان دەترسن و ئەوەش وڵات وێران دەکات.[١]

پارێزڤانان، نابێت تەنیا چینی بەختیاری کۆمەڵگا بن. لەبەر ئەوەی کە کۆمەڵگایەکی بەختیار ئەو کۆمەڵگایەیە کە هەموو بەشەکانی بەختیار بن. ئەگەر پارێزڤانان زیاتر لە ڕادەی پێویست ببنە خاوەنی موڵک و سامان، ئەرکی سەرەکیی خۆیان لە بیر دەچێت و دەبنە هەموو شتێک بێجگە لە پارێزڤان. بەو شێوەیەش کۆمەڵگا لە سەر دوو چینی دەوڵەمەند و هەژاردا دابەش دەکرێت و ئاکامەکەی دەبێتە تێکچوونی یەکگرتوویی نەتەوەیی لە وڵاتدا. بەس گرنگترین ئەرکی پارێزڤانان ئەوەیە ئاگادار بن کە گەندەڵی نەکەوێتە نێو کۆمەڵگا و بۆ خۆشیان سەرچاوەی ئەو گەندەڵییە نەبن.[2]

بە بڕوای ئەفلاتوون ئەگەر پارێزڤانان دەرد و شادیی خەڵک بە هی خۆیان بزانن، ناکەونە دژایەتیی یەکتر و درز ناکەوێتە نێوانیان و لە یەکتر دانابڕن کە ئامانجێکی هاوبەشیان هەبێت. لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر پارێزڤانان خاوەنی موڵک و دارایی تایبەتی نەبن، لەگەڵ یەک تووشی دژایەتی و کێشەی یاسایی نابن. سەرەڕای نەبوونی موڵک و دارایی تایبەتی، بەڵام ئەوانەی بە واتای ڕاستەقینەی هەڵگری وشە پارێزڤان بن، لە هەموو ئەوانی دیکە خۆیان بە بەختیارتر دەزانن. بە هۆی ئەوەی کە خەڵک تێچووی ژیانیان دابین دەکات، بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە لێیان دەڕوانن و لە کاتی مردندا بە ڕێز و پێزانینەوە بە

---

١- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ١٦٣-١٧٢

٢- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ١٧٦-١٨٣

خاکیان دەسپێرن.[١]

ئەفلاتوون خاڵە بەهێزەکانی سپایەکی باش دەسنیشان دەکات و دەنووسێت، کە سپا دەبێت لە نێوان شەڕ و ئاژاوەدا جیاوازی دابنێت. شەڕ لەگەڵ دوژمن دەکرێت و لە کاتێکدا پێکدادانی نێوان خەڵک لە یەک نەتەوەدا ئاژاوەیە. بەس لە کاتی ئاژاوەدا دەبێت ئامانج سزادانی دژبەر بێت نەک سەرکوتکردنی، بۆیە نابێت ماڵ و موڵکی یەکتر بسووتێنن.

ئەو هەروەها دەنووسێت: لە سپای وڵاتێکی ئایدیاڵدا کە جەنگاوەران یەکتر بە برا و خۆشکی خۆیان دەزانن، لە مەیدانی شەڕدا یەکتر بە تەنیا بەجێ ناهێڵن.

ئەو هەروەها خاڵێکی بەهێزی دیکەش باس دەکات کە لێرەدا پێویستە ئاماژە پێ بدرێت و ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر سەربازێک چەپەرەکەی (سەنگەرەکەی) بەجێ هێشت و یان چەکەکەی لە مەیدانی شەڕدا فڕێ دا، دەبێت بە ترسنۆک بناسێنرێت و بۆ چینی وەرزێڕان و کرێکاران دابەزێنرێت. یانی بۆ ئەندامانی سپا دەبێت هەم خەڵات هەبێت و هەم سزادان.

ئەو هەروەها پرەنسیپێکی دیکە بۆ ئەندامانی سپا باس دەکات، کە لەگەڵ هەڵسوکەوتی پێشمەرگەکانی ڕاستەقینە زۆر گونجاوە. ئەو دەنووسێت: سووکایەتی بە تەرمی دوژمنان شتێکی ناشایستە و نابێت بکرێت.[٢]

## کۆمەڵگای جێی مەبەستی ئەفلاتوون: بەرهەمهێنەران، پارێزڤانان و ڕێبەران

ئەفلاتوون دەنووسێت: دەیانەوێت کۆمەڵگایەک بنیات بنێن کە زانا، بوێر، بەرخۆگر و دادپەروەر بێت. ئەو سێ ڕەنگدێرە لە ڕاستیدا گرنگن بۆ دەسنیشانکردنی

١- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٢٥٥-٢٥٩

٢- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٢٦٢-٢٦٩

سێ گرووپی پێکهێنەری کۆمەڵگای جێی مەبەستی ئەفلاتوون کە لەوێدا هەموو تاکەکان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی زایند و پاشخانی بنەماڵەیی، لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردەییەوە جێگای شیاوی خۆیان لە کۆمەڵگادا دەدۆزنەوە، کەچی ئەو جێگایە دینامیکە و دەتوانێت گۆڕانی بەسەردا بێت و بۆ نموونە کەسێکی پارێزڤان لەوانەیە بۆ چینی بەرهەمهێنەران دابەزێنرێت و یان بەپێچەوانەوە، کەسێکی بەرهەمهێنەر یان منداڵەکەی بۆ چینی پارێزڤانان بەرز بکرێتەوە.

زانایی بۆ ئەفلاتوون بە واتای هەبوونی وریاییە (تەدبیرە). وریاییش بە واتای هەبوونی زانستە (زاناییە). مەبەست لە زانایی لێرەدا زاناییەکە کە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و پەیوەندی لەگەڵ وڵاتان و کۆمەڵگاکانی دیکە پێویستە و نەک هەر زانستێک. ئەو زانستە لای پارێزڤانانی ڕاستەقینە دەست دەکەوێت. ئەوانەی خاوەنی ئەو زانستەن، دەبێت لە ڕادەی سەرووی قووچکەی کۆمەڵگا جێ بگرن (ڕێبەر بن).

ئازایەتی و بوێری پەیوەندیی بە سپا و هێزی جەنگاوەری وڵاتەوە هەیە کە لە هەر هەلومەرجێکدا بڕوای خۆی پتەو ڕادەگرێت و لە خۆشی و ناخۆشی، لە بەرامبەر حەز و هەوەس یان لە کاتی ترس و هەڵهاتندا، لە دەستی نادەن. ئەوەش لە ڕێگای پەروەردەی دروستی ڕۆح و جەستەوە بەدەست دێت.

بە بۆچوونی ئەفلاتوون، خۆڕاگری لە ڕوانگەی خەڵکەوە جۆرێک ڕێکوپێکی و سەرکەوتن بەسەر شەهوەت و چێژەکانە. خۆڕاگری بەو واتایە کە کەسێک فەرمانڕەوای خۆی بێت. لەبەر ئەوەی کە ڕۆحی مرۆڤ لە دوو بەشی بەرز و نزم پێک دێت و ئەگەر بەشی بەرزی ڕۆح بەسەر بەشی نزمی ڕۆحدا زاڵ بێت، ئەو کەسە حوکمڕانی لەسەر خۆیدا دەکات. کەچی ئەگەر کەسێک بە هۆی پەروەردەی خراپ و یان هەستان و دانیشتن لەگەڵ خراپەکان، بکەوێتە داوی هەوەس و بەرەڵاییەوە، دەڵێن کە بووەتە نۆکەری هەوەسی خۆی. خۆڕاگری بە جۆرێک گرێدراوی هەموو کۆمەڵگایە، بەو واتایە کە جۆرێک لە هەماهەنگی هەیە لە نێوان هەموو بەشەکانی کۆمەڵگادا. ئەوانەی زۆرتر بەسەر هەوەسی خۆیاندا زاڵن، دەبن بە ڕێبەر لە کۆمەڵگادا و ئەوانی دیکەش لەو بارەوە هاوڕان

کە دەبێت ئەوان ڕێبەر بن.

هەروەک پێشتریش ئاماژە پێ کرا، دادپەروەری بۆ ئەفلاتوون ئەوەیە کە هەرکەس کاری خۆی بکات و کاری بەسەر کاری خەڵکی دیکەوە نەبێت. بەو واتایە کە مرۆڤ ئەرکی تایبەتیی خۆی بەجێ بهێنێت. دادپەروەری بێجگە لەمە شتێک نییە کە هەر کەس خاوەنی کار و ماڵی خۆی بێت. ئەگەر کەسێک شایستەی کارێک نەبێت و هەوڵ بدات ئەو کارە بکات، ئەوە دەبێتە هۆی بێسەروبەری و تێکدانی نەزمی کۆمەڵگا و ئەوە زوڵمە لە کۆمەڵگا. یانی دەبێت هەر کام لە چینی کرێکاران، چەکدارەکان و پارێزڤانان بەس ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن.[1]

## سێ بەشی ڕۆح و پەیوەندییان لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتیی جێگای مەبەستی ئەفلاتوون

پێشتر باس کرا کە ئەفلاتوون کۆمەڵگای دادپەروەر بەسەر سێ گرووپ دابەش کردووە و دەڵێت کە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا دادپەروەر بێت، دەبێت هەر سێ بەشەکانی خاوەنی تایبەتمەندییەک و ڕەنگدێرێک بن و ئەویش ئەوەیە کە هەر یەک لە بەشەکان خەریکی کاری خۆیان بن. بۆ ئەفلاتوون لە نێوان کۆمەڵگای دادپەروەر و تاکی دادپەروەردا لێکچوون هەیە. یانی ئەگەر کەسێک دادپەروەر بێت، دەبێت هەر سێ بەشی ڕۆحی ببن بە هۆکاری وەها تایبەتمەندییەک. بەس دەبێت ئێستا بزانین کە گەلۆ هەر سێی ئەم بەشانە لەژێر کاریگەریی هێزێکی تاکانەدان و یان هەر کامیان لەژێر کاریگەریی هێزێکدان؟

بەشی ژیرانەی ڕۆح، ئەو بەشەیە کە بیر دەکاتەوە و هەڵدەسەنگێنێت، بەڵام بەشی ناژیری ڕۆح ئەو بەشەیە کە ئەم یان ئەوی خۆش دەوێت، یان تینوو و برسی دەبێت و یان دەبێتە دەسخۆشی ویستی دیکە؛ واتە بەشی هەست و هەوەسە.

---

١- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ١٩٠-٢٠٣

بەشی سێیەم تووڕەییبە کە بە دژی هەست و هەوەسە و پشتیوانی ژیرییە. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە، ئەفلاتوون پێویستیی بەوە هەیە لە پێشدا بسەلمێنێت کە تووڕەیی بەشی سێیەمی ڕۆحە. بە بۆچوونی ئەفلاتوون، چۆن منداڵێک لە منداڵیدا تووڕەیە و دواتر کە گەورە دەبێت، ژیر دەبێت و هەندێکیشیان هەر قەت ژیر نابن، دەردەکەوێت کە تووڕەیی بەشی سێیەمی ڕۆحە.

کەواتە، هەروەک چۆن کۆمەڵگا لە کاتێکدا دادپەروەر دەبێت کە هەر بەشێکی ئەو کارە بکات کە دەبێت بیکات، مرۆڤیش کاتێک دادپەروەر دەبێت کە هەر بەشێک لە ڕۆحی تەنیا ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات. بەشی ژیریی ڕۆح کە دەسەڵاتدارە، ئەرکدارە لە ڕێگای بیرکردنەوەوە بەختیاریی هەموو ڕۆح دابین بکات. ئەرکی بەشی تووڕەییبە لەگەڵ بەشی ژیری هاوکاری بکات. بەشی تووڕەیی و بەشی ژیری لە ڕێگای پەروەردەوە لەگەڵ یەک هەماهەنگ دەبن. کاتێک ئەم دوو بەشەی ڕۆح لە ڕێگای پەروەردەوە بەهێز بوون، دەبێت زاڵ بن بەسەر بەشی هەوەسدا کە بەشی تێرنەبووی ڕۆحە. نابێت و شایستە نییە بەشی هەوەس لەسەر بەشەکانی دیکەدا فەرمانڕەوایی بکات. ئەگەر فەرمان بکەوێتە دەستی ئەم بەشە، هەموو ڕۆح وێران دەکات.

بەشی ژیری و تووڕەیی ئەو بەشانەن کە ڕۆح لە بەرامبەر دوژمنانی دەرەکیشدا لە برینداربوون دەپارێزن. ژیری فەرمان دەدات و تووڕەییش دەجەنگێت و گوێی لە فەرمانی ژیرییە.

ئەفلاتوون لەسەر بنەمای ئەم ڕوونکردنەوە و شیکارییە، مانای ئەوەی کە بە چ کەسێک بیرمەند، بوێر، خۆڕاگر و دادپەروەر دەڵێن، وەسف دەکات. بە وتەی ناوبراو، بوێر ئەو کەسەیە کە بەشی تووڕەیی ڕۆحی لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا، ئەو تێگەیشتنە لە بارەی مەترسیدا جێبەجێ دەکات کە ژیری لەسەر مەترسی و نەبوونی مەترسی پێی داوە؛ بۆ ئەوەی کە لەو شتەی کە مەترسییە، بترسێت و لەوەی کە بێمەترسییە، نەترسێت.

ژیریی هەر کەسێکیش لە ڕێگای ئەو بەشە بچووکەی ڕۆحەوەیە کە فەرمانڕەوایە

و فەرمان دەدات. ئەم بەشەیە کە دەسنیشان دەکات چ بۆ هەر بەشێکی ڕۆح و هەموو ڕۆح پێویست و بەکەڵکە یان زەرەری هەیە.

خۆڕاگر کەسێکە کە بەشی فەرمانڕەوایی ڕۆحی، لەگەڵ بەشەکانی دیکە هاوڕایە کە فەرمان دەبێت بەدەستی ژیریی ڕۆح بێت. یانی بەشەکانی دیکە بە دژی ژیری ڕاناپەڕن.

دادپەروەریش هەر ئەوەیە کە پێشتر باس کرا، بەڵام دەبێت وریا بین کە دادپەروەری لە کەسێکدا بێجگە لەوەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە، سەر هەڵنەدات؛ واتە ئەوەی کە خاوەنی ئەم کارەکتەرانە بێت، دەبێت کەسێکی جێگای بڕوا بێت و لە بەرامبەر زێڕ و زیو و شتی ماددی خۆی نەدۆڕێنێت و خیانەت بە کۆمەڵگا و وڵات نەکات و بەڵێنی خۆی لە بیر نەچێت. هۆکاری ئەم یەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەر بەشێک لە ڕۆحی ئەو ئەرکە بەڕێوە دەبەن کە دەبێت بەڕێوەی بەرن.[1]

ئەگەر بەشەکانی سێیانەی ڕۆح لەگەڵ یەک ناتەبا بن، قەناعەت بە بەڕێوەبردنی ئەرکی خۆیان نەکەن، لە کاروباری یەکتردا دەستێوەردان بکەن و ئەگەر ئەو بەشەی ڕۆح کە دەبێت فەرمانی بەشی فەرمانڕەوا جێبەجێ بکات، سەر هەڵبدات و بیەوێت فەرمان بە هەموو ڕۆح بدات، زوڵم دروست دەبێت. ئەم بێنەزمی و گەندەڵییە دەتوانین ناوی بنێین زوڵم. ئەم یەکە لە بارەی بەشەکانی کۆمەڵگاشدا دروستە. بە وتەی ئەفلاتوون، بە ڕادەی جۆرەکانی حکوومەت، جۆری جیاوازی ڕۆح هەیە. بەو واتایە کە بەو ڕادەیەش جۆرەکانی زوڵم هەیە و تەنیا حکوومەتی ئایدیاڵی جێگای مەبەستی ئەفلاتوون لە زوڵم بەدوورە.

## ڕێبەری

بە بڕوای ئەفلاتوون، ئەرکی بەرپرس، فەرمانڕەوا یان ڕێبەر لە کۆمەڵگادا کۆتاییهێنان بە چارەڕەشیی مرۆڤە، بۆیە دەڵێت: ئەگەر فەیلەسوف نەبن بە پاشا

١- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٢٠٤-٢٢٠

و یان پاشاکان نەبن بە فەیلەسۆف و ئەگەر فەلسەفە و هێزی سیاسی لەگەڵ یەک تێکەڵ نەکرێن، چارەڕەشیی مرۆڤ تەواو نابێت. فەیلەسۆفی جێگای مەبەستی ئەفلاتوون کەسێکە کە خۆشەویستی هەموو زانستەکانە. ئەو هەروەها دەڵێت: ئەگەر کەسێک شتێکی خۆش بوێت، بە هۆی ئەو خۆشەویستییەوە بیانوویەکی بۆ دەدۆزێتەوە، ئەوەی کە حەزی لە شەراب بێت، بۆ هەر شەرابێک بیانوویەک دەبینێتەوە کە بیخواتەوە. ئەوانەی کە حەزیان لە پۆست و مەقامە، ئەوانیش هەروان؛ ئەگەر نەتوانن ببن بە سەرداری سپا، فەرماندەیی دەستەیەکی بچووک قەبووڵ دەکەن و مادام خاوەنی پۆست و مەقامن، بەوە قەناعەت دەکەن. فەیلەسۆفیش بە واتای خۆشەویستی زانست، کەسێک نییە کە بەشێکی زانست خۆش بوێت و بەشەکەی دیکەی نەوێت بەڵکوو کەسێکە کە بەگشتی خوازیاری هەموو زانستە. بە بڕوای ئەفلاتوون فەیلەسۆف بە دوای زانستی بێکەڵکەوە نییە. ئەو لە نێوان ناسین و پێوابوون (ف. شناخت و پندار) جیاوازیی دادەنێت. ناسین، ئەو شتانە لە خۆی دەگرێت کە بەڕاستی بوونیان هەیە و ناسراون، کەچی پێوابوون ئەو شتانە لە خۆی دەگرێت کە لە نێوان بوون و نەبووندان. بەس ئەوانەی دەتوانن بۆ نموونە شتە جوانەکان ببینن، بەڵام نازانن خودی جوانی چییە و یان ئەوانەی کارە دادپەروەرانەکان دەناسن، کەچی نازانن خودی دادپەروەری چییە، لە زانایی بێبەشن. بەڵام ئەوانە خاوەنی ناسینن کە تێگەهەکان وەک ئەوەی کە هەن، دەزانن.[١]

## کارەکتەرەکانی فەیلەسۆفی لێهاتوو بۆ حوکمڕانی

پێشتر باس کرا کە ئەفلاتوون فەیلەسۆف بە شیاوی ڕێبەری بۆ کۆمەڵگا دەزانێت. بە بڕوای ناوبراو، حوکمڕانانی ئەم سەردەمە لە سەر فەرمانڕەوایی لەگەڵ یەک بە شەڕ دێن، وەک ئەوەی کە فەرمانڕەوایی نیعمەتێکی گەورە بێت. ڕێبەربوون بۆ ئەوانەی کە گەیشتوونەتە پلەی بەرزی زانین و ئایدیای چاکە، ئەرکێکی

١- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٢٧٣-٢٨٦

قورس و بەدووره لە خێر و نیعمەتی دنیایی. ئەوانەی کە هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ئەوەی کە بگەنە پلەی ڕێبەری، شارەزای ئەرکی ڕێبەری نین بەڵکوو فاکتەری دیکە هاندەرن بۆ ئەو ئامانجە و ئەوان خێر و بەرژەوەندیی خۆیان لە ڕێبەربووندا دەبینن. ئەگەر کەسێک بە زەحمەتی خۆی، خۆی پێگەیاندبێت و ببێتە فەیلەسۆف، مافی خۆیەتی نەیەوێت نرخێک بدات و بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگا و ئەرکی ڕێبەری بە ئەستۆ بگرێت. کەچی ئەوانەی کە لەو کۆمەڵگایەدا بە هۆی ئەم یاسایە کە دامانناوە و ئیمکاناتی پەروەردەبوونمان خستووتە بەردەستییان، دەبێت ئەو کاتەی کە دەگەنە ئایدیای چاکە و دەبنە فەیلەسۆف، بگەڕێنەوە و ئەرکی فەرمانڕەوایی بگرنە ئەستۆ. لە کۆمەڵگایەکدا کە فەرمانڕەوایان، ژیانێکی جیاواز لە ژیانی فەرمانڕەوایی بە باشتر بزانن، ڕێگای پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە کراوەیە و بەو واتایەیە کە دەوڵەمەندەکان حوکمڕانی دەکەن؛ مەبەست لە دەوڵەمەند لێرەدا دەوڵەمەندی هزرییە. لەو کۆمەڵگایانەش کە سواڵکەران بۆ بەدەستەوەگرتنی حوکمڕانی هێرش دەهێنن، ئەوانەی کە دەستیان لە سەروەتی ڕاستەقینە بەتاڵە و پێیانوایە لەو ڕێگەیەوە بە سەروەت دەگەن، ڕێگای پێشکەوتن هەموو کاتێک داخراوەیە.[١]

لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە، ئەوانە شیاوی ڕێبەرین کە بتوانن پارێزگاری لە یاسا بکەن، نە بە ئاگادارییەوە درۆ بکەن و نە بە زانینەوە ئیزن بدەن کڵاو لەسەریان بچێت، لە درۆ و کڵاوچییەتی بێزار بن و بەس هەقیقەتیان خۆش بوێت، میانڕەو و خۆڕاگر بن و چێژی ڕۆحی بە گەورەترینی چێژەکان بژمێرن و چێژەکانی جەستەیی بۆیان گرنگ نەبێت و خۆیان لە تەماح و چاوچنۆکی بەدوور بگرن، بەدوور بن لە خۆڕەزیلکردن و گرێدراوبوون و چاویان لە ژیانی ئەبەدی بێت و بەهایەک بە ژیانی ماددی و سەر زەوی نەدات. بە بڕوای ئەفلاتوون، فەیلەسۆف کەسێکە کە لە پەستبوون، چاوچنۆکی و ترس و خۆنوێنی بەدوور بێت، لەگەڵ خەڵکی دیکە بە دروستی هەڵسوکەوت بکات و لە فێربووندا زیرەک بێت. زیرەکی لێرەدا بە واتای ئەوەیە کە فەرامۆشکار نەبێت. کەسێک کە فەرامۆشکارە و ئەوەی فێر دەبێت زوو لە بیری دەچێتەوە، بۆیە وەها کەسێک ئاشکرایە کە نەزانە. وەها

---

١- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٣٥٥-٣٥٦

کەسێک هەم لە خۆی بێزار دەبێت و هەم لە کارەکەی. ئەمە واتە ڕۆحێکی فەرامۆشکار و کەسێک کە ڕۆحییەی فەیلەسۆفبوونی تێدا نییە؛ بۆیە لێرەدا یادگەی بەهێز مەرجی سەرەکییە.

ئەفلاتوون بۆیە ئەو ڕەنگدێرانە بەپێویست دەزانێت، چونکە پێیوایە کە باشترین و گرانبەهاترین ڕۆحەکان ئەگەر وەبەر پەروەردەی خراپ بکەون، گەندەڵتر لە وانی دیکەیان لێ دەردەچێت و هەر شتێکی بەرز و بەنرخ کە بە گوێرەی سروشتی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەکرێت، دەفەوتێت و لە نێو دەچێت.[١]

پێشتر باسی بۆچوونی ئەفلاتوون لەسەر سێ بەشی ڕۆح کرا و بە بەشی ژیری، تووڕەیی و هەوەس ناویان هێنرا. بەشی تووڕەیی جێگایەکی گرینگی هەیە لای ئەفلاتوون بۆ ئەوانەی کە دەبن بە جەنگاوەر و ڕێبەر. لەبەر ئەوەی کە ئەم بەشە لە ڕۆح هەستی شەرەفە و بە دوای ئەو هەستەوەیە. ئەو هەستە دەبێت پەروەردە بکرێت تا بەهێز بێت و پشتیوانیی لە ژیری بکات. پێشتر هەروەها بەکورتی باسی پەروەردە لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە کرا. ئەو دەڵێت: لاوان دەبێت هەر لە هەرەتی لاوەتیدا بە ڕادەی پێویست پەروەردەی مەعنەوی و فەلسەفە ببینن کە بۆیان پێویستە و هەروەها دەبێت ئەوان لە باری جەستەییەوە باش پەروەردە بکرێن تا ئەگەر گەورە بوون و پێگەیشتن، جەستەیەکی بەهێزیان هەبێت بۆ فێربوون و خزمەتی فەلسەفە. ئەگەر بگەنە تەمەنێک کە ڕۆح لە کاتی گەشەدایە، دەبێ بۆ فێربوونی فەلسەفە کات و سەرنجی زیاتر دابنێن. کاتێک کە هێزی جەستەیان دادەبەزێت و لە ئەرکەکانی سیاسی و چەکداری تەواو دەبن، دەبێ هەموو کاتی خۆیان بۆ فەلسەفە دابنێن و هیچ کارێکی دیکە نەکەن. بەو شێوەیە هەم لەسەر ئەم جیهانە ڕووسوور و بەختیار دەبن و هەم لە دونیای دیکەدا ئەو ژیانەیان بەردەوام دەبێت.

دەبێت فەرمانڕەوا لە ڕەوتی ژیاندا نیشان بدات کە خۆشەویستی کۆمەڵگا و وڵاتە و چ لە خۆشی و چ لە ناخۆشیدا لەو تاقیکارییە، پاک بێتەدەر و نە لە کاتی مەترسی و دژواری و نە لە هیچ کاتێکی دیکەدا، نابێت ئەو پرەنسیپە بخاتە

---

١- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٢٨٩-٣١٤

ژێر پێ. ئەوەی لە هەموو تاقیکارییەکاندا سەربەرز بێتە دەر، بە فەرمانڕەوا هەڵدەبژێردرێت و دەبێت چ لە سەردەمی ژیان و چ دوای مردن، شکۆ و ڕێزی لێ بگیرێت. دوو تایبەتمەندیی گرنگ کە ئەفلاتوون بۆ ئەو دەستە لە پارێزڤانان دەسنیشانیان دەکات، نەترسبوون و هەبوونی هۆشی باش بۆ فێربوونی خێرا لە لایەک و بەرەوڕووکردنی ئەوان لەگەڵ خۆشی و مەترسی بۆ تاقیکاری و دڵنیابوون لەوەی کە ئەوان دەتوانن فێری زانستی بەرز (ئایدیای چاکە) بن. ئایدیای چاک بەو واتایەیە کە وەک ڕۆژ دەور دەگێڕێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە شتەکانی دیکە لە ژێر تیشکیدا ببینرێن و لێیان تێبگەین.[1]

## تێگەیشتن لە جیهان

بۆ تێگەیشتن لە جیهان، ئەفلاتوون جیهان بە سەر دوو جیهاندا دابەش دەکات: جیهانی هزر و بیر و جیهانی دیمەنەکان. ئەو هەروەها هەر یەک لەو دوو جیهانانەش بە سەر دوو بەشدا دابەش دەکات و پێیوایە کە جیهانی دیمەنەکان لە دوو بەشی وێنەکان و بەشی ڕاستەقینە کە شتەکان تێیدا بەڕاستی بە چاو دەبینرێن، و جیهانی هزر و بیریش هەروەها لە دوو بەشی وێنەکان کە مرۆڤ لە بیریدا وێنایان دەکات و خودی هزر (ئایدیا) بە شکڵی ڕاستەقینە، پێک دێن. بە بڕوای ئەفلاتوون، لە بەرامبەر ئەو چوار جیهانەدا چوار شێواز لە تێکۆشانی ڕۆح بوونی هەیە. ناسین لە ڕێگای ژیری بەرزترین بەشە. ناسین لە ڕێگای بەڵگەهێنانەوە (ف. استدلال) بەشی دووهەمە. بۆ بەشی سێیەم باوەڕ دەبێت لە بەرچاو بگیردرێت و بۆ بەشی چوارم بیرکردنەوە. ئەفلاتوون جیهانی دیتنەکان وەک ئەشکەوتێک دەشوبهێنێت کە لەوێدا ئەگەر کەسێک هەوڵ بدات خۆی ڕزگار بکات و لە ئەشکەوتەکە بچێتە دەرەوە و ڕۆژ ببینێت، وەک ئەو کەسەیە کە دەگاتە پلەیەک لە تێگەیشتن کە ڕۆحەکەی بۆ جیهانی ناسین بەرز دەبێتەوە و ئایدیای چاک دەناسێت. ئەو ئاستە بەرزە لە تێگەیشتن بۆ هەموو

---

١- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٣١٥- ٣٣٧

ئەوانە پێویستە کە لەسەر بنەمای ژیری بیانەوێت کار بکەن لە ژیانی تایبەتی و یان سیاسیدا. هێزی ناسین لە ناخ و ڕۆحی هەر مرۆڤێکدا بوونی هەیە و ئەگەر ئاراستەی بینینی بۆ لای شتە باشەکان بێت، شتە باشەکان فێر دەبێت و ئەگەر نە، تایبەتمەندییە بەهێزەکانی دەکەوێتە خزمەتی خراپە. بۆیە ئەرکی مامۆستا ئەوەیە کە بە پەروەردە ئاراستەی بینینی قوتابییەکان بۆ لای شتە باشەکان ببات و لەوەدا یارمەتیدەریان بێت بۆ ئەوەی کە ڕۆحیان بگاتە بینینی ئایدیای چاک. ئەوانەی کە ئاراستەی بینینیان بۆ لای شتە خراپەکانە و یان ئەوانەی هەموو تەمەنی خۆیان بۆ فێربوون بەکار دەبەن، بۆ ئەوە نابن کە ببنە فەرمانڕەوا. لەبەر ئەوەی کە دەستەی یەکەم لە هەقیقەت بەدوور ماونەتەوە و ئامانجێکی دیاریکراویان نییە و دەستەی دووهەمیش پێیانوایە کە ئەو ڕێگایەی کە لەو ژیانەدا گرتوویانەتە بەر، بۆیان بەسە.[1]

پێشتر باسی سیستەمی پەروەردەیی لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە کرا. ئەفلاتوون لە پەرتووکی هەفتەمدا وردتر باسی سیستەمی پەروەردەیی بۆ ڕێبەری و ئەوانەی دەکات کە لە کۆمەڵگادا ئەرک بەئەستۆ دەگرن، بۆ ئەوەی کە بەشی ئازای ڕۆح وا پەروەردە بکرێت کە لە پشتیوانیی ژیریدا بێت. بە بڕوای ناوبراو، منداڵەکان دەبێت فێری وەرزش، مۆسیقا و ئەدەبیات (وێژە) بکرێن. وەرزش بۆ ئەوەیە کە پێش لە لاوازی و قەڵەوی بگرێت. مۆسیقاش بۆ ئەوەیە کە لە ڕۆحی پارێزڤاناندا هاوئاهەنگی ساز ببێت، بەبێ ئەوەی کە زانستێکی ڕاستەقینەیان پێ ببەخشێت. شێعر و حەکایەتیش هەر هەمان ئاکامی دەبێت ئەگەر بناغەی لەسەر ئەفسانە یان داستانی مێژوویی بێت. دووەمین زانست لەلای ئەفلاتوون بۆ پارێزڤانان، بیرکارییە. لە بەر ئەوەی کە هەموو تەکنیکەکان و هونەرەکان پێویستیان پێیەتی و بۆ سپاش زانستێکی پێویستە. لەبەر ئەوەی کە بیرکاری یەکێک لەو زانستانەیە کە مرۆڤ بەرەو جیهانی ڕاستەقینەی نەگۆڕ ڕێنوێنی دەکات، بۆ پارێزڤانان کە هەم جەنگاوەران و هەم فەیلەسوفەکان لە خۆی دەگرێتەوە، پێویستە و یاسا ئەوانەی کە لە کۆمەڵگادا دەیانەوێت پۆستی باڵا بەئەستۆ بگرن، ئەرکدار دەکات بۆ ئەوەی کە هەم لە مەیدانی شەڕدا و هەم بۆ ئەوەی کە ڕۆح لە دونیای

---

١- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٣٣٧-٣٥٤

گەندەڵ بەرەو جیهانی ڕاستەقینە ڕێنوێنی بکات، ئەو زانستە فێر بن. بە بۆچوونی ئەفلاتوون، وەک بەشێک لە بیرکاری، زانستی دیکە کە پێویستە پارێزڤانان فێری بن، ماتماتیکە. لەبەر ئەوەی کە هەم بۆ شەڕ بەکار دێت و هەم ئەوانەی کە ماتماتیک فێر دەبن، دەتوانن زانستەکانی دیکەش زووتر فێر بن.

ئەفلاتوون زانست لە بارەی شتە نەگۆڕەکان لە پلەی سێیەمدا دادەنێت و ئەستێرەناسی لە پلەی چوارەمدا پۆلێنبەندی دەکات. زانستی پێنجەم، زانست لە بارەی شتە جووڵەکەرەکاندایە. ئەو لەسەر بنەمای بیری فیساغوورس دوو جۆرە جووڵە لە یەکتر جیا دەکاتەوە و بە جووڵەی دەنگ و جووڵەی ئەو شتانەی کە بە چاو دەبینرێن، ناودێر دەکات.

ئەفلاتوون دەڵێت: «ئەگەر کەسێک هەموو ئەو زانستانەش فێر بووبێت، هێشتا نەگەیشتووەتە پلەی کۆتایی و ناتوانین وەک مامۆستای دیالێکتیک لە قەڵەمی بدەین». کەسێک کە لە ڕێگای دیالێکتیکدا هەنگاو هەڵبگرێت، لە هەستەکان کەڵک وەرناگرێت بەڵکوو تەنیا بە هێزی ژیری و یارمەتیوەرگرتن لە چەمکە یەکینەکان دەستی بە بوونی ڕاستەقینەی هەر شتێک ڕادەگات. لەو قۆناغەشدا ئەگەر دەست لە ویستەکان هەڵنەگرێت و بەردەوام بێت تا لە سروشتی ڕاستەقینەی «چاک» تێ بگات، ئەو کاتە کە دەتوانین بڵێین بە بەرزترین لووتکەی ناسینەکان گەیشتووە. بە بۆچوونی ناوبراو، تەنیا زانستی دیالێکتیکە کە هەموو گریمانە نەسەلمێنراوەکان لە قەراغێک دادەنێت و لە هەر حاڵەتێکدا ئەوەندە قووڵ دەبێتەوە تا بگاتە دەستپێک و بناغەکەی بۆ ئەوەی کە بتوانێت لەسەری قیت ڕاوەستێت و دواتر چاوی ڕۆح کە لە نێو قوڕ و لیتەی نەزانی ڕوو چووە، پاک بکاتەوە و بەرەو سەرێ ڕێبەری و ڕێنوێنی بکات. بۆ ئەم مەبەستە، مرۆڤ لە زانستە دەستپێکەکان کەڵک وەردەگرێت.[١]

پێشتر باسی ئەوە کرا کە ئەفلاتوون چالاکییەکانی ڕۆح لە سەر چوار جۆر چالاکی، واتە زانست، ناسین، بڕوا و پێوابوون دابەش دەکات. بۆ ئەوەی کە تێگەیشتن لەو شتە ساناتر بێت، ئەو بڕوا و پێوابوون بە باوەڕ و ناسین و زانستیش لەسەر

١- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٣٥٨-٣٨١

یەک بە ناسینی ژیرانە ناودێر دەکات. لە بەر ئەوە کە بە بڕوای ئەفلاتوون، پرسی باوەڕ دونیای «بوون»ـە کە هەموو کاتێک لە حاڵی گۆڕاندایە، کەچی پرسی ناسینی ژیرانە، دونیای ڕاستەقینەیە کە نەگۆڕە. جیاوازیی نێوان ئەو دوو جیهانە، دروست وەک ئەو جیاوازییەیە کە لە نێوان زانست و بڕوادا هەیە. بۆیە گرنگە کە ئەو لاوانەی کە لە جیهانی ئایدیاکاندا پەروەردە دەکرێن بۆ ئەوەی کە لە کۆمەڵگادا ئەرک بەئەستۆ بگرن، پەروەردەی دیالێکتیکی وەربگرن. بۆ ئەفلاتوون، زانستی دیالێکتیک تاجی هەموو زانستەکانە.

ئامانجی ئەفلاتوون لەو شیکردنەوەیە ئەوەیە کە بسەلمێنێت لەبەرچی دەبێت فەیلەسۆفەکان لە کۆمەڵگادا ببنە حوکمڕان. بە بۆچوونی ناوبراو، ئەوانەی کە بۆ فەرمانڕەوایی دەبن، دەبێت خاوەنی سروشتی زگماکی بن بۆ فێربوونی زانستی دیالێکتیک. یانی بێجگە لە دلێری و هێزی جەستەیی، دەبێت بتوانن هەروەها خاوەنی توانای فێربوون بن. بەو واتایە کە ئەوان دەبێت خاوەنی ڕادەیەکی بەرزی چڕیی ژیری بن کە زوو لە بیرکردنەوە ماندوو نەبن. لەبەر ئەوەی کە کاری بیرکردنەوە زۆرتر مرۆڤ ماندوو دەکات. چونکە کاری زانستی، کاری ڕۆحە نەک لەش. هەروەها، ئاوەها کەسێک دەبێت خاوەنی یادگەیەکی بەهێز بێت و لە بواری فێربووندا چاک و ماندوونەناس بێت و لەو یەکە چێژ وەربگرێت.

ئەفلاتوون فەلسەفە و گەندەڵی بە دوانەی دژ بە یەک دەزانێت و پێیوایە کە ئەوانەی کاری فەلسەفە دەکەن، نابێت سروشتێکی گەندەڵیان هەبێت. ئەوان دەبێت کەسانێکی لێزان بن کە تووشی شڵەژان نەبن. هەروەک کە پێشتریش باس کرا، ئەوانەی کاری فەلسەفە دەکەن و دەبن بە پارێزڤان، لە درۆ بێزارن و بە مەبەستەوە درۆ ناکەن و ئەگەر کەسێکیش بە مەبەستەوە درۆیان لەگەڵ بکات، تووڕە دەبن، بەڵام بەرامبەر درۆی بێمەبەست، لەخۆبردوویان هەیە.

ئەفلاتوون دیسان پێداگری دەکات کە بۆ دەسنیشانکردنی پارێزڤانانی ڕاستەقینە دەبێت ئەوانەی کە بەڕاستی بەجەرگ و خۆپارێزن، لە ئەوانەی کە بەس دەنوێنن کە وەهان، لە یەکتر جیا بکرێنەوە. لەبەر ئەوەی کە ئەوانەی بەس دەنوێنن کە بەجەرگ و خۆپارێزن، کەسانێکی ناتەواون و ئەگەر ببنە حوکمڕان، کۆمەڵگا

دەکەوێتە دەستیان و کۆمەڵگا تێک دەدەن.

ئەفلاتوون لە ئاخری پەرتووکی هەفتەمدا قۆناغەکانی سیستەمی پەروەردەیی جێگای مەبەستی خۆی ڕێکوپێکتر شی دەکاتەوە و دەنووسێت: بۆ پەروەردە دەبێت گەنجان هەڵبژێردرێن، چونکە کاری قورس و بەردەوام کاری لاوانە. دەبێت لاوان لە تەمەنی لاوەتیدا فێری بیرکاری و ماتماتیک بکرێن کە دەستپێکە بۆ دیالێکتیک. فێربوون دەبێت بە شێوەی دڵخواز و ئازاد بێت و لە میتۆدی کایە و گەمە بۆ فێربوون کەڵک وەربگیرێت. دەبێت لاوان لە تەمەنی گەنجیەتیدا بنێرن بۆ مەیدانی شەڕ، بۆ ئەو جێگایانە کە مەترسیان کەمترە، کە ئەزموون بەدەست بهێنن. ئەو گەنجانەی کە لە کاری فێربوون، مەشقی لەش و بەرامبەر مەترسیدا خۆڕاگریی زیاتریان بوو، دەبێت لە دەستە هەڵبژێردراوەکاندا جێگایان بۆ بکرێتەوە. ئەفلاتوون بۆ پەروەردەی لەش مەودای ٢ تا ٣ ساڵ دادەنێت و ئەوانەی کە لەو دەورەیەدا سەرکەوتوو دەبن، پلەیان بەرزتر دەکرێت و بەرنامەی فێرکردنیان ڕێکوپێکتر دەکرێت تا بتوانن لە پەیوەندی و پێکەوەگرێدراوبوونی زانستەکان پێکەوە و لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینە تێ بگەن. بە بۆچوونی ئەفلاتوون، لاوان دەبێت کاتێک فێری دیالێکتیک بکرێن کە بۆ گەمە و سەرگەرمی کەڵکی لێ وەرنەگرن و ماوەی فێربوونی دیالێکتیکیش دەبێت ٥ ساڵ بێت. دوای تەواوبوونی دیالێکتیک، ئەوانەی کە سەرکەوتوو دەبن، دەبێت ١٥ ساڵ لە پەروەردەکردنی لاواندا کار بکەن و لە مەشق و ئەزمووندا دوا نەکەون. لەو ١٥ ساڵەشدا بۆ خۆیان دەبێت لە ژێر چاوەدێریدا بن کە تووشی گینگەڵ و هەڵخراندن نەبن.[١]

## بۆچی گرنگە بەشی تووڕەیی ڕۆح پەروەردە بکرێت؟

پێشتر باسی ئەوە کرا کە بە بۆچوونی ئەفلاتوون بە ڕادەی حکوومەتەکان، جۆرەکانی ڕۆح بوونیان هەیە و لەو حکوومەتانەدا کە بەشەکانی کۆمەڵگا بە هارمۆنی لەگەڵ یەک ناژین و ناتەبایی هەیە، زوڵم هەیە. ئەوەش هەموو

---

١- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٣٨١-٣٩٤

جۆرەکانی حوکمڕانی، بێجگە لە حکوومەتی ئایدیاڵی ئەفلاتوون، لە خۆی دەگرێتەوە. یەکێک لەو حکوومەتانە کە ئەفلاتوون باسی دەکات، حکوومەتی تیموکراتییە. حکوومەتی تیموکراتی، حکوومەتێکە کە تێیدا جەنگاوەران بەڕێوەبەری وڵاتن. بەس ئەو ڕۆحە پاکە کە لە ژێر باندۆری وەها حکوومەتێکدا پێ دەگات، بەڕێوەبەریی کارەکان بە بەشی نێوەنجیی ڕۆح دەسپێرێت و ئەوەش دەبێتە هۆکار کە وەها تاکێک ببێتە کەسێکی شەڕانی و لووتبەرز و تێیدا هەوەس بۆ خۆپەرستی و پارەپەرستی بەهێز بێت. ئەوەش بە هۆی نەبوونی هاوکاری و هاوئاهەنگی لە نێوان بەشی ژیری و بەشی ئازای ڕۆح دێتە پێش. ئەگەرچی حکوومەتی تیموکراتی حکوومەتێکی دیکتاتۆر نییە، بەڵام حکوومەتێکی گەندەڵە و ئەوەش دەبێتە هۆکار کە ئەگەر کەسێک باوکێکی دادپەروەری هەبێت کە بە هۆی گەندەڵیی حکوومەت، خۆی لە حکوومەت و دەوروبەر دوور ڕابگرێت و ئامۆژگاریی کوڕەکەی بکات کە ئەویش دادپەروەر بێت و ئیزن بدات بەشی ژیریی ڕۆح ڕێبەری ئەو بکات، کەچی لە لایەکی دیکەوە ژنێکی هەبێت کە پرتەوبۆڵە بکات لای کوڕەکەی و گلەیی بکات کە باوکی بێخەمە و هەوڵ نادات بۆ پارە بەدەستهێنان و وەرگرتنی پۆستی حکوومەتی، ئەو کاتەیە ئەو منداڵە لە نێوان دوو هێزی دژ بە یەک، ڕێگای نێوەنجی هەڵدەبژێرێت و دەبێتە کەسێکی خۆپەرست و ڕێگا دەدات کە لەلایەن بەشی نێوەنجیی ڕۆحەوە بەڕێوە بچێت.

حکوومەتی تیموکراتی کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی بەشی تووڕەیی ڕۆح و ئەو بەشەش گەندەڵی دەکات و ئیزن دەدات کە ڕایکێشێت بۆ لای بەشی هەوەسی ڕۆح، ڕێگا خۆش دەکات کە بەرەبەرە حکوومەت بکەوێتە دەستی چینی دەوڵەمەند و بەو شێوەیە حکوومەت لە تیموکراتییەوە بەرەو ئۆلیگارشی دەگۆڕدرێت. لە حکوومەتی ئۆلیگارشیدا پێوەر بۆ دابەشکردنی پۆستی حکوومەتی دارایی و سامانە و ئاکامەکەی دەبێتە ئەوەی کە کەسانی خاوەن زانست وەلا بنرێن. ئەو گۆڕانکارییانە بەردەوام دەبن لە حکوومەتێکەوە بۆ حکوومەتێکی دیکە تا کەسێکی دیکتاتۆر دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت و حکوومەت دەبێتە دیکتاتۆری. لە حکوومەتی دیکتاتۆریدا فەرمانڕەوا کەسێکە کە بەشی ئازای ڕۆحی بەتەواوی دەکەوێتە ژێر فەرمانی بەشی هەوەس و خۆی لە هیچ جینایەتێک ناپارێزێت و بۆ

خۆشی هیچ ئازادییەکی نییە لە بەر ئەوەی کە هەموو کۆمەڵگا بە دوژمنی خۆی دەزانێت و بۆ پاراستنی خۆی خەڵکێک بەکرێ دەگرێت تا پارێزگاریی لێ بکەن. بۆیە ئەفلاتوون بە ئەو سیستەمەی کە بۆ پەروەردە داناوە، دەیەوێ پێش بەو یەکە بگرێت و بەشی ئازای ڕۆح لای تاکەکان وا پەروەردە بکات کە هاوکاریی لەگەڵ بەشی ژیریی ڕۆح بکات.[١]

## کام مرۆڤ بەختیارترە؟

ئەفلاتوون وڵامی ئەو پرسیارە لەسەر سێ بەشی ڕۆح بنیات دەنێت و دەڵێت: «ئەگەر ئێمە بەشی ویستن و هەوەسەکانی ڕۆح بە بەشی بەرژەوەندیخواز، بەشی تووڕەیی و ئیرادە بە بەشی بەرزیخواز و بەشی ژیری یان ناسینیش بە بەشی زانستخواز (توێژەر) ناو بنێین، ئەوکات لەسەر ئەو بنەمایە سێ جۆر مرۆڤ بوونی هەیە و ئەو ناوی دەنێت مرۆڤی بەرژەوەندیخواز، مرۆڤی بەرزیخواز و مرۆڤی زانستخواز. ئەگەر سێ جۆر مرۆڤ بوونی هەبێت، هەر یەک لەوان بە گوێرەی ڕۆحی خۆیان چێژ لە شتێک وەردەگرن و بۆیە سێ جۆر چێژیش بوونی دەبێت. ئەوەی بەرژەوەندیخوازە، ئەگەر بەرزیخوازی و زانست لە خزمەتی دارایی و سامانیدا نەبێت، بۆی نرخێکی نییە. بۆ ئەوەی بەرزیخوازە، ئەگەر زانست بۆ پۆست و ناوبانگ نەبێت، نرخی نابێت، کەچی ئەوەی توێژەر و زانستخواز بەس چێژ لە فێربوونی زانست وەردەگرێت؛ ئەگەر لێی بپرسن، دەڵێت کە بەرژەوەندیخوازەکان و بەرزیخوازەکان بەس بە هۆی پێویستیی خۆیان بە دوای چێژەکانی خۆیان کەوتوون، دەنا هیچ شتێک چێژی لە فێربوون و زانست زیاتر نییە».

ئەفلاتوون لە وڵامی ئەو پرسیارەی کە «کام لەو سێ گرووپە بەختیارترن»؟، دەڵێت: کە ئەم پرسە دەبێت لە ڕێگای ئەزموون، بیرکردنەوە و ئیستدلالی ژیرانە

---

١- ئەفلاتوون، ١٩٧٤، ل.٤٠٠-٤٧٢

ڕوون بکرێتەوە و لە درێژەدا ئاماژە بەوە دەکات کە بە هۆی ئەوەی کە هەر سێ گرووپ ناوبانگ دەردەکەن و خەڵک ڕێز لە دەوڵەمەندەکان، خاوەن هێز و زانستەکان دەگرن، هەموویان دەبنە خاوەنی شانازی، بەڵام دیتنی جیهانی ڕاستییەکان تایبەتە بە توێژەران، و بەرژەوەندیخوازەکان و بەرزیخوازەکان لێی بێبەشن. لە لایەکی دیکەوە کەسی توێژەر تەنیا کەسێکە کە ئەزموون و بیرکردنەوە لەگەڵ یەک تێکەڵ دەکات و بۆیە لەوانی دیکە باشتر تێ دەگات. هەروەها سێیەمین کەرەستە کە ئیستدلالی ژیرانەیە، تەنیا لەبەر دەستی کەسی توێژەردایە. بەس دادوەریی ئەو باشترە لەوانی دیکە. بەس باشترین چێژەکان، چێژی ژیانی توێژەرە. دوای ئەو چێژی ژیانی بەرزیخواز و کەسی ئازایە. لەبەر ئەوەی کە مەودای نێوان چێژی ژیانی بەرزیخواز لە چێژی ژیانی بەرژەوەندیخواز بە چێژی ژیانی زانستخواز نزیکترە. بە بۆچوونی ئەفلاتوون ئەو شتانەی کە بۆ خۆراکی لەش بە کار دێن و چێژ دەبەخشن، لەو شتانەی کە بۆ خۆراکی ڕۆح بە کار دێن و ڕۆح چێژیان لێ وەردەگرێت، هەقیقەت و بوونی کەمتریان هەیە. وەک چۆن هەقیقەت و بوونی لە لەشدا کەمتر لە ڕۆحە، بۆیە شتێک لەوەوە خۆراک وەردەگرێت کە لەگەڵ سروشتی تەبایە. بەس ئەگەر وایە، ئەو چێژەی کە ڕۆح لە خۆراکی خۆی وەریدەگرێت، هەقیقەت و بوونی واقیعیترە لەوەی کە لەش لەو خۆراکانە وەریدەگرێت کە لەگەڵ سروشت و بوونی دەگونجێت. لەو جێگایەی کە شەهوەت، بەرژەوەندیخوازی و هەوەسی بەرزیخوازی سەر بۆ فەرمانی ژیری و ناسین (مەعریفە) دانەوێنن، و بۆ بەدواداچوونی چێژ، ژیری بکەنە پێشەوای خۆیان و بەس بە دوای ئەو چێژانەوە بچن کە ژیری پێشانیان دەدات، لەو حاڵەتەدا ئەو چێژەی کە ئەو بەشەی ڕۆح وەدەستی دێنن، نەک چێژی ڕاستەقینە، بەڵکوو چێژێکیشە کە لەگەڵ سروشتیان ڕێک دەکەوێت و باشترینی چێژەکانە. بۆ ئەوەی کە ڕۆح چێژی ڕاستەقینە وەربگرێت، دەبێت بەشی ژیری ڕۆح فەرمانڕەوایی هەر دوو بەشی دیکە بکات. ئەگەر هەر یەک لەو دوو بەشەی دیکە فەرمانی ڕۆح بگرنە دەست، نەک بۆ خۆیان ئەو چێژەی کە شایانییانە وەدەستی ناهێنن، بەڵکوو بەشەکانی دیکە ڕۆحیش ناچار دەکەن کە بەدوای چێژی ناڕاستەقینە بکەون کە لەگەڵ سروشتیان نارێکە. بەو شیکردنەوەیە دەردەکەوێت کە ئەفلاتوون بەختیاریی هەر بەشێکی کۆمەڵ لەوەدا دەبینێت کە

لە ژێر فەرمانی بەشی ژێریدا بە دوای ئەو چێژانەوە بن کە لەگەڵ سروشتیان تەبایە و بەو شێوەیە هەست بە بەختیاری بکەن. کەچی بەختیاریی ڕاستەقینە هی فەیلەسۆفەکانە و دواتر هی پارێزڤانان (جەنگاوەران و بەڕێوەبەرانی حکوومەتـ)ـە و دواتر هی بەرهەمهێنەران. ئەگەرچی بەرهەمهێنەران لە باری چێژی لەشەوە لەوانی دیکە پێشترن، بەڵام چێژی ئەوان ڕاستەقینە نییە.[١]

# بیر و هزری قاسملوو

## پێشمەرگە لە ڕوانگەی قاسملووەوە

هەروەک چۆن ئەفلاتوون زاراوەی پارێزڤان بۆ هەموو جەنگاوەران و ڕێبەران بە کار دەبات، لە ئەدەبیاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشدا زاراوەی پێشمەرگە بەبێ لەبەرچاوگرتنی پلە و پایەی حیزبی، هەموو ئەوانەی کە چەکی بەرگری لە نەتەوەکەیان کردووەتە شان و خەبات دەکەن بۆ ڕزگاریی وڵات و نەتەوەی کورد، لە خۆی دەگرێتەوە. قاسملوو دەڵێت: «دەبێ تێبگەین کە هەر ئەندامێکی حیزبی پێشمەرگەیە و لە هەموو کاتێک و هەموو وەزعێکدا دەبێ لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بێ. ڕێکخراوەکان و کادرەکانی حیزبی پێشمەرگەن و لە هەموو وەزعێکدا دەبێ لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بن... حیزبی دێموکرات بە ئەندامان و کادرەکان و پێشمەرگەکانییەوە تاقە حیزبێکە و دوو و سێ نییە. بەشی ڕێکخراو لە پێشمەرگە جیا ناکرێتەوە.»[٢]

قاسملوو، لەسەر پێشمەرگە دەڵێت: «پێشمەرگە ئەو ئینسانە واقیعییەیە کە لە پێناوی بەختیاری و ڕزگاریی گەل و نیشتمانیدا لە هەموو خۆشی و ئاسوودەییيەکی ژیان گوزەراوە و لە زستانی سارد و هاوینی گەرمدا دوور لە ماڵ و منداڵ و

---

١- ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٤٧٥-٤٨٧

٢- قاسملوو. ١٣٨٦. ل.٢١٠

کەسوکاری، لە سەنگەری شەرەف و پیاوەتیدا ژیان بەسەر دەبا. پێشمەرگە ئەو ڕۆڵە بەئەمەگەی خەڵکە کە هەموو سەرمایەی ژیانی بە سەخاوەتەوە لە خزمەتی ئامانجەکانی گەلدا وەکار خستووە، بێ ئەوەی لەو ڕێگایەدا چاوی لە حقووق و پاداش و تەنانەت سپاسێکیش بێ. پێشمـەرگە گلێنەی چاوی گەلی کورد و جێگەی هیوا و هومێدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. هەر بۆیە زۆر شتێکی سروشتییە کە خەڵکی کوردستان هەموو ئیمکاناتی خۆیان لە خزمەتی پێشمەرگە داناوە و حیزبی ئێمەش بە لانی کەمەوە سەدی هەشتای ئیمکاناتی ماڵی خۆی بۆ ڕێکوپێککردنی کاروباری پێشمەرگە وەکار خستووە».[1]

قاسملوو هەروەها لە وتووێژێکیدا لەگەڵ گۆڤاری «پێشگامـ»ـدا دەڵێت: پێشمەرگە دەبێ کەسێکی ئاگا بێت کە بزانێت بۆچی شەڕ دەکات، دەبێت دیسیپلینی هەبێت، پێشـمەرگە نابێت کوێرکوێرانە گوێڕایەڵی بکەن، دەبێت خاوەن ئەخلاق بن لە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکدا و لە دەسەڵاتیان کەڵکی خراپ وەرنەگرن و دەبێ کەسانی ئازا و لەخۆبردوو بن.[2]

لێرەدا دەردەکەوێت کە قاسملووش هەروەک ئەفلاتوون، پارێزڤانان بە کەسانێکی ئازا و فیداکار دەزانێت، کە ئامادەن بۆ پاراستنی وڵات و خەڵکی خۆیان، گیانیان بخەنە مەترسییەوە بەبێ ئەوەی کە لە مردن ترسێکیان هەبێت. یانی بۆ ئەوان ئامانجی ئازادی و ڕزگاری بەرزترین ئامانجە، نەک سەروەت و سامان. بۆیە قاسملوو دەڵێت، کە پێشمەرگە لەو ئەرکەی کە بە ئەستۆی گرتووە، چاوی لە حقووق، پاداش و تەنانەت سپاسێکیش نییە. هەروەها قاسملوو باس لە ئەوەش دەکات کە خەڵکی کوردستانیش بە مەبەستی دابینکردنی ئیمکانات بۆ پێشمەرگە، لە ئەرکی خۆیان غافڵ نین و هەم خەڵک و هەم حیزبی دێموکرات لەو بارەوە ئیمکاناتی خۆیانیان لە خزمەت پێشمەرگە داناوە. ئەو پێناسە و شیکردنەوەیە دەرخەری زۆر خاڵی هاوبەشە لە نێوان هزری ئەفلاتوون و قاسملوودا و دەری دەخات کە کۆمەڵگا لە سێ بەشی ڕێبەری، جەنگاوەر و خەڵکی ئاسایی (بەرهەمهێنەر) پێک هاتووە و هەر یەک لەوانیش ئەو ئەرکە

---

١- قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٥٥-٢٥٦

٢- قاسملوو. ١٣٨٨. ل. ١٤٦-١٤٧

بەڕێوە دەبەن کە لەگەڵ ئەو بەشەی ڕۆحیان کە تێیاندا بەهێزە، ڕێک دەکەوێت. ئەو وێکچوونە لە بەشێکی دیکەی قسەکانی قاسملووشدا بەڕوونی خۆی نیشان دەدات کە دەڵێت: «پێویستی بە دووپاتکردنەوە نییە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی ئێستای گەلی کورددا نەخشێکی گرنگ و لە بەربەرەکانێ و بەرپەرچدانەوەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمدا نەخشی ئەساسیی هەیە. ئەگەر بمانەوێ هۆیەکانی بنەڕەتیی سەرکەوتن لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی ئەمڕۆی گەلەکەماندا لێک بدەینەوە، دەتوانین سێ هۆی ئەساسی دەسنیشان بکەین: یەکەم سیاسەتی دروست و ئوسوولیی حیزبەکەمان کە دەرکەوتووە لەسەر یەک لەگەڵ پێویستییەکانی هەلومەرجی ئێستای خەباتی گەلەکەمان ڕێک دەکەوێ و دەتوانێ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ لای خۆی رابکێشێ. دووهەم پشتیوانیی بێدەریغ و هەموولایەنەی خەڵکی کوردستان لە سیاسەت و دروشمەکانی حیزب و سێیەم فیداکاری و گیانبازیی ڕۆڵە لەخۆبردووەکانی گەلی کورد کە لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا کە تفەنگ لەسەرشان و گیانلەسەردەست بەرامبەر بە دوژمن ڕاوەستاون.»[1] کاتێک کە باسی سیاسەتی دروست و ئوسوولیی جێگای مەبەستی قاسملوو دەکرێت، لەبەر ئەوەی کە ڕێبەریی حیزب و کۆنگرەی حیزبی ئەو سیاسەتانە دەسنیشان دەکەن، بە واتای ئەوەیە کە ڕێبەریی ئەو خەباتە لە دەستی بەشی ژیریی کۆمەڵگادایە. پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە سیاسەت و دروشمەکانی حیزب، بە واتای ئەوەیە کە خەڵک خاوەنی چاکەی میانرەوە و قەبووڵی ئەو ڕاستییەی کردووە کە لەژێر فەرمانی بەشی ژیریی کۆمەڵگادا کارەکان بچنە پێشێ و ئەوان ئامادەن بۆ ئەم مەبەستە ئیمکانات بخەنە خزمەتی پارێزڤانان. کاتێک کە باسی فیداکاری و گیانبازیی ڕۆڵە لەخۆبردووەکانی گەلی کورد دەکرێت، بەو واتایەیە کە بەشی ئازای کۆمەڵگا بووەتە بەڕێوەبەری ئەرکەکانی خەبات و هاوکاری بەشی ژیریی کۆمەڵگا. ئەو بەشە لە کۆمەڵگا کە ئەرکی پارێزڤانی لە خەڵک و وڵاتە، ئامادەیە لە ژێر فەرمانی ڕێبەریدا ئەو ئەرکە ئەنجام بدات. ئەو یەکە دەرخەری خاڵێکی گرنگە و ئەویش ئەوەیە کە شیکردنەوەی قاسملووش وەک

---

١- قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٥٥

ئەفلاتوون کۆمەڵگا لەسەر سێ بەشی بەرهەمهێنەر، جەنگاوەران و ڕێبەریدا دابەش دەکات کە هەر یەک لەو بەشانەش، ئەو ئەرکە بەڕێوە دەبەن کە لەگەڵ ڕۆحیان تەبایە. هەروەها هەر یەک لەو بەشانە دینامیکن و لە تێپەڕبوونی کاتدا، لەوانەیە جێگەی کەسێک لەو پۆلێنبەندییەدا گۆڕانی بەسەردا بێت.

## جێگای خەڵک لە هزری قاسملوودا

قاسملوو بەپێچەوانەی ئەفلاتوون کە پێداگریی لە سەر حوکمڕانیی فەیلەسۆفەکان دەکات، لەسەر حکوومەتی دێموکراتی پێداگریی دەکات کە بنەمای ئەو حکوومەتە دەنگ و ویستی خەڵکە. پێشتر دانەر لەسەر دێموکراسی لە ڕوانگەی قاسملووەوە پەرتووکێکی نووسیوە، بۆیە لێرەدا پێویست نییە کە بچینە سەری و جارێکی دیکە هەموو ئەو پرەنسیپ و هزرانە بنووسرێنەوە. هەروەها، قاسملوو لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەییشدا ڕێبەریی بەکۆمەڵی لە ڕێبەریی تاکەکەسی پێ باشتر و گرنگتر بوو، کەچی هەروەک ئەفلاتوون، دیسیپلین لە کاری ڕێکخراوەیی و بەڕێوەبەریی کۆمەڵگادا بۆ سەرکەوتن بەپێویست دەزانێت. قاسملوو لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی شەشەم دەنووسێت: «حیزبێکی شۆڕشگێڕ بەبێ دێموکراسی ناتوانێ ببێت بە حیزبی کۆمەڵانی خەڵک و بەبێ دیسیپلین، توانای تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی لە دەست دەدا».[1] مەبەست لە دیسیپلین جێبەجێکردنی بڕیاری ئۆرگانەکانی سەرەوە لەلایەن ئۆرگانەکانی خوارەوەیە لە کاتێکدا کە بڕیارەکان بە شێوەیەکی دێموکراتیک پەسەند کرابن. یانی پەیڕەویکردن لە بڕیارەکانی ئۆرگانی سەرەوە لەلایەن ئۆرگانی خوارەوە و پەیڕەویکردنی تاک لە بڕیاری بەکۆمەڵ کە لە سانترالیزمی دێموکراتیکدا ڕەنگ دەداتەوە.

---

١- قاسملوو. ١٣٨٦. ل.١٩٤

## پەروەردە لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە

ئەگەرچی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی داگیرکراوییەوە خاوەنی حوکمڕانیی خۆی نییە و بەو هۆیەش سیستەمێکی پەروەردەیی ڕێکوپێک کە لەگەڵ ویست و پێداویستییەکانی کۆمەڵگا و ئامانجەکانی خەڵک ڕێک بکەوێت، لەوێ بوونی نییە، بەڵام قاسملوو لە زۆر جێگادا لەسەر پەروەردەی ئەندامان، پێشمەرگەکان و بەتایبەتی کادرەکانی حیزب و چۆنیەتی بردنی سیاسەتەکانی حیزب بۆ نێو خەڵک قسەی کردووە و شتی نووسیوە بۆ ئەوەی کە بتوانن کەسانی شارەزا بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانە پەروەردە بکەن. پلانی قاسملوو بۆ دابەزاندنی سیستەمی حوکمڕانیی جێی مەبەستی خۆی هەروەک ئەفلاتوون، سێ بەشی کۆمەڵگا لە خۆی دەگرێتەوە: خەڵک، ڕێکخراو و ڕێبەری. کادری ڕێبەری بۆ خۆی دەبێت کەسێکی پەروەردەکراو و شارەزا بێت، کادرەکان دەبێت بۆ کارە ڕێکخراوەییەکان پەروەردە بکرێن و بڕیار و سیاسەتی حیزبیش دەبێت لەلایەن ڕێکخراوەوە بچێتە نێو خەڵک و پشتیوانیی ئەوان بۆ ئەو بەرنامە و سیاسەتانەی حیزب ڕابکێشێت. قاسملوو لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی شەشەم دەنووسێت: ئەرکی هەرە بنەڕەتیی تەشکیلاتی حیزب، بردنی سیاسەت و بڕیارەکانی بەڕێوەبەریی حیزب لە ڕێگای ڕێکخراوەوە بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک و هێنانەوەی نەزەری ئەندامان و خەڵک بۆ بەڕێوەبەرییە. ئەو هەروەها لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بەوەش دەکات کە لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پێنجەم باس لە نەبوونی بڵاوکراوەیەکی تیئۆریی نێوخۆیی کراوە کە بتوانێت ڕێنیشاندەری کادرەکان بێت و لە نێوان کۆنگرەی پێنجەم تا شەشەم، ئەو بۆشاییە بە بڵاوکردنەوەی نامیلکەی «تێکۆشەر» و نامیلکەی «ڕێنوێنیی تەشکیلاتی» پڕ کراوەتەوە و بۆ باشترکردنی کارە ڕێکخستنییەکان، نوێنەر بۆ هەموو کۆمیتە شارستانەکان نێردراوە و کلاسی پەروەردەیی بۆ کادرەکان دانراوە، کەچی قاسملوو ئەو یەکە بە تەواو نازانێت و دەڵێت کە بۆ پەروەردەکردنی کادر، دەبێت هەم کلاسی دایمی و ڕێکوپێک هەبێت و هەم چاپەمەنیی تیئۆری کە بە

شێوەی سیستماتیک ڕێنوێنیی کادرەکانی حیزب بکات.[١]

پێویستە ئێمە لەو بەشەدا زۆرتر لەسەر شێوازی پەروەردەی جێگای مەبەستی قاسملوو ڕابوەستین.

## پەروەردەی ڕێبەری

قاسملوو لە باسێکدا لەسەر «مێژوویەکی کورتی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»، ئاماژە بە تایبەتمەندییەکی بەهێزی ڕێبەری دەکات و ڕێبەرایەتییەک بە شیاو دەزانێت کە بتوانێت ئیدامەکاریی بەردەوامی هەبێت.[٢] قاسملوو هەروەها لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی شەشەمی حیزب هەندێک پێوەر بۆ کادرەکانی ڕێبەری دەسنیشان دەکات کە جێگای سەرنجن. دەڵێت: «ئێستا بەپێی ئامار، نزیک لە هەزار کادری حیزبی بێجگە لە هێزی پێشمەرگە هەیە. هەزار کادر ژمارەیەکی کەم نییە. ئەوەی ئێستا بۆ حیزبی ئێمە دەگۆڕێدایە کەیفییەت و چۆنەتیەتیی کادرەکانە. ئێمە لە حیزبدا کادرەکانمان بە چەندین دەرەجە دابەش کردووە، بەڵام ئەو دابەشکردنە بەتەواوی جێی خۆی نەگرتووتەوە. هێندێ جار ڕەنگە کادر لێوەشاوەیی سیاسیی نەبێ، بەڵام چونکو پسپۆڕیی لە بەشێکی تایبەتیدا هەیە، دەرەجەی بەرزی حیزبیشی دراوەتێ».[٣] لێرەدا دەردەکەوێت کە قاسملووش هەروەک ئەفلاتوون کە دەڵێت ئەوانەی لە تاقیکارییەکان دەردەچن، دەبێت لە ئەوانی دیکە جیا بکرێنەوە و پلەیان بەرز بکرێتەوە، قاسملووش بەو قسەیە نیشان دەدات کە ئەوانەی پسپۆڕن و یان لە باری سیاسییەوە لێوەشاوەن، دەبێت پلەیان لە نێو حیزبدا لە وانی دیکە لە سەرتر بێت. دیارە کە پسپۆڕی و لێوەشاوەیی لە ڕێگای ئەزموون، چڕیی ژیری و خۆپەروەردەکردنەوە بە دەست دێت. قاسملوو لە قسەکانیدا زیاتر دەچێتە

---

١- قاسملوو. ١٣٨٦. ل.١٩١-١٩٥

٢- قاسملوو. ١٣٨٦. ل. ١٥٨

٣- قاسملوو. ١٣٨٦. ل.١٩٤

پێش و هەندێک مێعیار و پێوەر بۆ کادری دەرەجە یەکی حیزبی کە ئەندامانی ڕێبەری لە خۆی دەگرێتەوە، دەسنیشان دەکات بۆ ئەوەی کە بۆ دیاریکردنی ئەرک بۆ کادرەکان، لەبەر چاو بگرن. لە لاپەڕەی ١٩٤ و ١٩٥ی پەرتووکی تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی سێیەمدا هاتووە، کە قاسملوو ١٠ خاڵ وەک پێوەر بۆ کادرەکانی ڕێبەری دەسنیشان دەکات کە بریتین لە:

١. «هەم لە باری بیروباوەڕ و هەم لە باری کردەوە و ئاکارەوە دێموکرات بێ و سیمای دێموکراتی هەبێ». [1]

ئەفلاتوون بۆچوونی وا بوو ئەوانەی کە بەباشی لە ئەرکی خۆیان شارەزان، دەبێت ببن بە بەرپرس یان فەرماندەری پارێزڤانان. لەبەر ئەوەی کە کەسێک لە بەڕێوەبردنی ئەرکدا پێداگرە و بە کەیفخۆشی ئەرکەکانی تێدەپەڕێنێت کە بیر و باوەڕی خۆیان پاراستووە و خۆیان لەو کارانە کە زەرەری هەبووە بۆ کۆمەڵگا، بە دوور گرتووە. لە نێوەڕۆکی ئەم خاڵەدا دەردەکەوێت کە قاسملوو لە لایەک ئانارشیزم و بێدیسیپلینی و لە لایەکی دیکەوە، بەڕێوەبەریی دیکتاتۆری ڕەت دەکاتەوە. قاسملوو لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی شەشەمدا دەنووسێت: بێدیسیپلینی و بێئینزباتی لە لایەک و شێوە بۆچوونی تەحەکوم و دیکتاتۆری لە لایەکی دیکەوە، زەربەیان لە حیزبی دێموکرات داوە. ئەو، بەڕێوەبردنی کارەکان بە شێوازی دێموکراتیک بە چەوت نازانێت. بەڵکوو نەبوونی پەروەردە و فێرکردنی ئەندامانی حیزبی و خەڵکی کوردستان و ڕاهێنانیان بە یاسا و ڕێسای دێموکراتیک بە هۆکار دەزانێت کە لە لایەک بێدیسیپلینی هەیە و لە لایەکی دیکەش هەندێک کەس هۆکاری ئەو بێدیسیپلینیە دەگەڕێنەوە بۆ دێموکراسی کە ئەوە ناڕاستە. هەروەک ئەفلاتوونیش پێی وا بوو ئەو کەسانە دەبێت ببن بە ڕێبەر کە پارێزڤانی لە یاسا دەکەن.

٢. «لە سیاسەت و تێکۆشانی حیزبیدا شارەزا بێ و ئامادە بێ کە ڕادەی تێگەیشتن و زانینی سیاسی و نەزەری خۆی بەرێتە سەرێ».

---

١- سیمای دێموکرات چەند پرەنسیپ و پێوەرێکن کە قاسملوو بۆ کادرەکانی حیزبی دەسنیشانی کردوون. دانەر لە پەرتووکی «اندیشەهای قاسملو دربارە دمکراسی برای ژێران کثیرالملە» ئەو خاڵانەی شی کردۆتەوە و بۆیە لێرەدا لە شیکردنەوەی خۆی دەبوێرێت.

پێشتر باس کرا کە بە بۆچوونی ئەفلاتوون، کەسێکی تێگەیشتوو دەتوانێت هەستەکانی باشتر کۆنترۆڵ بکات. کەسانی تێگەیشتوو خۆیان لە درۆکردن بەدوور دەگرن و کەسانێکی خۆڕاگر و بە سەبر و تەحەموڵن. بۆیە قاسملووش پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە کادرەکانی حیزبی و بەتایبەتی ئەندامانی ڕێبەری دەبێت ئاستی تێگەیشتنی خۆیان ببەنە سەرێ تا بتوانن لە داڕشتنی سیاسەتەکانی حیزب و تێکۆشانیاندا سەرکەوتوو بن. ڕادەی تێگەیشتن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ کوالێتیی مودیرییەت و تێکۆشان لە لایەک و پێشگرتن لە دیکتاتۆری لە لایەکی دیکەوە.

هەروەک ئەفلاتوون لەو بڕوایەدا بوو، کە فێربوون دەبێ ئازادانە بێت، قاسملووش بۆ نموونە لەسەر خالید عەلیپوور دەڵێت: «ئەو خۆی خۆی پەروەردە کردبوو. ئەگەرچی نەخوێندەوار بوو و دونیای نەدیبوو، بەڵام ئازایانە زوو خۆی پێگەیاند و خۆی گەیاندە ڕیزی ئەو کەسانەی کە خوێندەوار بوون و دونیایان دیبوو و شتیان دەزانی. ئەو کەسێکی کۆڵنەدەر بوو بۆ فێربوون و ئەگەر ویستبای شتێک فێر بێت، تا فێری نەدەبوو، وازی نەدەهێنا. ئەوەش بەو واتایەیە کە ئیرادەیەکی بەهێزی هەبووە بۆ فێربوون. لە کار و بەرپرسایەتیی حیزبیشدا کەسێکی بە بیر و باوەڕ و خاوەن کەد و بە حیزب و ئامانجەکانی وەفادار بووە».[١] لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەگەرچی خالید عەلیپوور ئەندامی ڕێبەری نەبووە، کەچی خاوەنی هەندێک کارەکتەری بەرز بووە کە بۆ قاسملوو جێگای سەرنج بووە.

٣. مودیرییەتی هەبێ، هەم «مردمدار» بێ [خەڵکی بێت] و هەم قاتیعیەتی هەبێ و هەم لە کاتی پێویستدا بتوانێ سەربەخۆ بڕیار بدا».

ئەم خاڵە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پەروەردەی جەستەیی و ڕۆحی هەیە. ئەفلاتوون دەڵێت، کە بەهێزی دەبێتە سەرچاوەی ئیرادە ئەگەر بە دروستی پەروەردە بکرێت، بەڵام ئەگەر زێدەڕەوی تێیدا بکرێت، تەحەمول ناکرێت. هەروەها ئەگەر نەرمیش زێدەڕەوی تێیدا بکرێت، دەبێتە هۆی لاوازی و ئەگەر دروست پەروەردە بکرێت، دەبێتە دلۆڤانی و میانڕەوی و هەر دووی

١- قاسملوو. ١٣٨٦. ل.١٠٥-١٠٦

ئەو ڕەنگدێرانە بۆ پارێزڤانان پێویستن. ئەفلاتوون هەروەها دەڵێت، کە ئەگەر کەسێک لە باری جەستەییەوە خۆی بەهێز بکات، بەڵام پشت لە زانست و باس و گفتوگۆ بکات، دەبێتە دوژمنی بیرکردنەوە، تێفکرین و پەروەردە و بۆ ئەوەی کە خەڵکی دیکە لەگەڵ خۆی بخات، پەنا بۆ بەکاربردنی زەخت و گوشار دەبات. وەها کەسێک لە هەموو جوانییەکان دوور دەکەوێتەوە و بەرەو دیکتاتۆری دەچێت. بۆیە قاسملووش لەسەر ئەو ڕەنگدێرە پێداگری دەکات کە ئەوانەی دەبنە ئەندامی ڕێبەری و خاوەن هێز، نابێت ئەو هێزە بە شێوازێکی هەڵە بەکار ببەن و خەڵک لە خۆیان دوور بخەنەوە. بەڵکوو دەبێت بە شێوازێکی لێزانانە هاوسەنگییەک لە نێوان هێزی بڕیاردان و خەڵکیبووندا پێک بهێنن و لەو ڕێگایەوە هەم بتوانن لە کاتی پێویستدا بڕیار بدەن و هەم خەڵک لە خۆ دوور نەخەنەوە. لێرەدا مەبەست لە هێز، تەنیا هێزی جەستەیی نییە. بەڵکوو ئەو هێزەشە کە کەسێک بە هۆی جێگرتن لە پۆستێکی حیزبیدا بەدەستی دێنێت.

٤. «هەم لە باری سیاسی و هەم لە باری شەخسییەوە ئازا و نەترس بێ».

ئازا و نەترسبوون بەشێکی گرنگی کەسایەتیی پارێزڤانانە لە فەلسەفەی ئەفلاتووندا. بۆیە ئەفلاتوون پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە بۆ بارهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازا و نەترس، دەبێت هەر لە منداڵییەوە ئەندامانی کۆمەڵگا پەروەردە بکرێن بۆ ئەوەی کە لە ترسی مردن ئازاد بکرێن. قاسملوو بە دەیان جار لە قسەکانیدا ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە لە ڕێگای خەبات بۆ ئازادیدا پێویستە کەسانی خەباتکار تا سەر بچن، یان سەر بکەون و یان لەو ڕێگایەدا گیانیان پێشکەش بکەن. کاتێک قاسملوو دەڵێت: «گەلێک ئازادیی بوێت، دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات»[١] و «ئازادی فیداکاری و خۆبەختکردنی دەوێت»[٢]، بەو واتایەیە کە کەسانی شۆڕشگێڕ دەبێت ئەوەندە ئازایەتیان هەبێت کە ئەگەر پێویست بوو، خۆیان بۆ ئازادیی نەتەوە و وڵاتەکەیان فیدا بکەن.

٥. «بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی حیزبی ئامادەی هەر چەشنە فیداکارییەک بێ

١- قاسملوو. ١٣٨٦. ل.١٠٧

٢- سەرچاوەی پێشوو

و هەر ئەرکێک لەلایەن حیزبەوە پێی بسپێردرێت، جێبەجێ بکا».

ئەفلاتوون لەو بڕوایەدا بوو کە شارەزایی لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکاندا و خۆبەئەرکدارزانین یەکێک لەو خاڵانەیە کە بۆ فەرماندەرانی پارێزڤانان دەبێت لەبەر چاو بگیرێت. لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ خۆی لە بەرامبەر ئەو شتەی کە خۆشی دەوێت، بە ئەرکدار دەزانێت. خۆبەئەرکدارزانین بەو واتایەیە کە مرۆڤ بەرژەوەندی، خێر و زەرەری ئەو شتەی کە خۆشی دەوێت، بە هی خۆی بزانێت.

قاسملوو کە لەو خاڵەدا پێداگری لەسەر فیداکاربوون و بەڕێوەبردنی ئەرک دەکات و بە گرنگی دادەنێت بۆ کادرەکان و ئەندامانی ڕێبەری، بەو واتایەیە کە کەسێک شیاوە ببێتە کادری حیزبی کە دەروەست و فیداکار بێت و بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکان لەو دوو پرەنسیپە ئیلهام وەربگرێت و بە کردەوە جێبەجێیان بکات.

ئەفلاتوون دەڵێت: ڕێبەربوون بۆ ئەوانەی کە گەیشتوونەتە پلەی بەرزی زانین و ئایدیای چاکە، ئەرکێکی قورس و بەدووره لە خێر و نیعمەت. ئەوانەی کە هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ئەوەی کە بگەنە پلەی ڕێبەری، شارەزای ئەرکی ڕێبەری نین، بەڵکوو فاکتەری دیکە هاندەرن بۆ ئەو ئامانجە و ئەوان خێر و بەرژەوەندیی خۆیان لە ڕێبەربووندا دەبینن. بۆیە قاسملوو پێداگرە لەسەر ئەوەی کە ئەندامانی ڕێبەری دەبێت هەم فیداکار بن و هەم ئەرکە پێسپێردراوەکان بەچاکی جێبەجێ بکەن.

٦. «ڕابردووی حیزبیی پاک بێ. نوقتە زەعفی گەورەی نیشان نەدابێ».

بە بڕوای ئەفلاتوون، ئەوانەی کە دەبنە پارێزڤانی کۆمەڵگا، دەبێت هەموو کاتێک لەژێر چاودێری و تاقیکردنەوەدا بن. تەنیا ئەوانە شیاوی ڕێبەری و پاراستنی کۆمەڵگان کە بتوانن لە بەرامبەر شتە چێژهێنەرەکان و شتە ناخۆشەکاندا خۆڕاگر بن و نەهێڵن هەوەس و شەهوەت بەلاڕێیاندا ببات. ئەوانەی کە تەسلیمی هەوەسی خۆیان دەبن، دیکتاتۆرەکانن. بۆیە قاسملووش هەموو کاتێک پێداگری لەسەر دێموکراسی دەکات و هەنگاونان بەرەو دیکتاتۆری بە هەڕەشە بۆ سەر دێموکراسی دەزانێت. دێموکراتبوون بۆ قاسملوو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی

لەگەڵ ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە هەیە و ئەوانەی کە پەیڕەوی لەو پرەنسیپە دەکەن، هەرگیز کارێک ناکەن کە بەدوور بێت لە ئاکار و ڕەوشت و ئەوەش هۆکارێکی گرنگە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە وەها کەسێک ڕابردوویەکی پاکی هەیە.

٧. «لەسەرخۆ بێ. زوو تێک نەچێ و تووڕە نەبێ و لە تەنگانەدا خۆی نەدۆڕێنێ».

ئەو کارەکتەرە دوو بەشی خۆڕاگری و ئازایەتی لە خۆی دەگرێتەوە. لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە خۆڕاگری و بوێری تایبەتمەندیی هەموو کۆمەڵگا و بەتایبەتی جەنگاوەرانی وڵاتە کە لە هەر هەلومەرجێکدا بڕوای خۆی پتەو ڕادەگرێت و لە خۆشی و ناخۆشی، لە بەرامبەر حەز و هەوەس یان لە کاتی ترس و هەڵهاتندا لەدەستی نادەن. خۆڕاگری لە چاوی خەڵکەوە جۆرێک ڕێکوپێکی و سەرکەوتن بەسەر شەهوەت و چێژەکانە. خۆڕاگری بە واتای فەرمانڕەوای خۆیبوونە. لەبەر ئەوەی کە ڕۆحی مرۆڤ لە دوو بەشی بەرز و نزم پێک دێت و ئەگەر بەشی بەرزی ڕۆح بە سەر بەشی نزمی ڕۆحدا زاڵ بێت، ئەو کەسە فەرمانڕەوایە بە سەر خۆیدا، کەچی ئەگەر کەسێک بە هۆی پەروەردەی خراپ و یان هەستان و دانیشتن لەگەڵ خراپەکان، بکەوێتە دوای هەوەس و بەرەڵڵایی، دەڵێن بووەتە نۆکەری هەوەسی خۆی.

ئەوەش لە ڕێگای پەروەردەی دروستی ڕۆح و جەستەوە بەدەست دێت. کەسێک کە هەماهەنگی لە ڕۆحیدا هەیە و لە دەروونی خۆیدا ئارامە و لە باری ڕۆح و جەستەوە پەروەردە کراوە، دەبێتە کادرێکی ورەبەرز و ورەبەخش. ئەو هەر لەو کاتەدا کە بەشی ئازای ڕۆحی باش پێ گەیاندووە، ئەو بەشەی وەک هاوکاری بەشی ژیریی ڕۆحی بەکار دەهێنێت و ناهێڵێت کە تووڕەیی ببێتە هاوکاری بەشی هەوەس. لەو خاڵەدا دەردەکەوێت کە لە ڕوانگەی قاسملووەوە، نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات پێویستیی بە ئەم جۆرە کادرانە هەیە.

٨. «هەست بە مەسئوولییەت بکا، هەڵسووڕ و چالاک بێ، تەکڕەوی نەکا، گیانی هاوکاریی هەبێ و حەز لە بەڕێوەبەریی جەمعی بکا».

هەست بە بەرپرسایەتیکردن لە بەر ئەو ئەرکانەی کە دەبێت بەڕێوەی ببات لە بەشێکی کۆمەڵگاوە بۆ بەشێکی دیکە جیاوازە. هەست بە بەرپرسایەتیکردن بۆ ئەندامانی ڕێبەری پەیوەندیی بە پەروەردەی ڕۆحەوە هەیە تا ئاستی ناسینی مرۆڤ بگەیەنێتە ڕادەیەک کە لە ئایدیای چاکە تێ بگات. ئەگەر کەسێک بەچاکی لە ئامانجەکانی گەیشت، ئەو کات باشتریش دەتوانێت ئەرکەکانی جێبەجێ بکات. تەکرەوی نەکردن و بڕوا بە بەڕێوەبەریی بەکۆمەڵ پەیوەندیی لەگەڵ سیمای دێموکراتەوە هەیە، کە پێشتر باسی لێ کرا. ئەو خاڵە ڕاست دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بۆچوونەی ئەفلاتوون کە دەڵێت: «کەسێک دەتوانێت پارێزڤانی کۆمەڵگا بێت کە کەسێکی دلێر، چالاک و بەهێز بێت و سروشتێکی فەیلەسۆفانەی هەبێت (ئەهلی زانست و فێربوون بێت)».

٩. «بۆ حیزب و دارایی حیزب دڵسۆز بێ».

دارایی حیزب لە دوو بەشی مەعنەوی و ماددی پێک دێت. ئەوانەی کە دڵسۆزی دارایی حیزبن، هەوڵ نادەن کە پلە و پایەی حیزبی بەکار بهێنن بۆ کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و هەنگاونان بەرەو ئۆلیگارشیزم. ئەوان هەروەها نابێت ڕەوایی و بڕوای کۆمەڵگا و حیزب بۆ بەرژەوەندیی شەخسیی خۆیان کەڵکی لێ وەربگرن. ئەفلاتوون دەڵێت: بەختیاریی پارێزڤانان، بەختیارییەکی دەروونییە نەک چێژوەرگرتن و تێرکردنی هەوەس. قاسملووش کاتێک کە دەڵێت: خەڵک و حیزب ئیمکاناتی ماددیی خۆیان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی پێشمەرگە تەرخان دەکەن، بەو واتایەیە کە کۆمەڵگا و حیزب ئەرکی خۆیان بەجێ هێناوە و تا ئەو جێگایەی کە ئیمکانی هەبووە، هەوڵیان داوە کە پێداویستییەکانی پێشمەرگە دابین بکەن. بەس پێشمەرگە نابێت لەو ئیمکاناتەی کە دەبێت لە خزمەتی شۆڕشدا بێت، کەڵکی نابەجێ وەربگرێت. ئەفلاتوونیش لەو بڕوایەدا بوو بە هۆی ئەوەی کە خەڵک تێچووی ژیانی پارێزڤانان دابین دەکەن، بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە لێیان دەڕوانن و لە کاتی مردندا بە ڕێز و پێزانینەوە بە خاکیان دەسپێرن، پارێزڤانان نابێت هەوڵی کۆکردنەوەی سامان بدەن.

١٠. «خۆشناو بێ، نوقتەزەعفی ئەخلاقیی نەبێ کە بە ئیعتیباری حیزب زیان

بگەیەنێ».

ئەفلاتوون هەبوونی ئەخلاقی باش، بە جوانیی ڕۆح ناو دەبات کە پێشتر ئاماژە پێ کرا. ئەوانەی کە نەتوانن خاوەنی ئەخلاقی شۆڕشگێرانە بن، بەو واتایەیە کە لە ڕوانگەی قاسملووەوە خاوەنی ڕۆحێکی جوان نین. قاسملوو دەڵێت: «بە بڕوای من ئەوەی بۆ شۆڕشگێڕێک گرینگە ئەوەیە کە نابێ هیچ کات شەرمەزاری ویژدانی خۆی بێ و دەبێ هەردەم بتوانێ ئیددعا بکا، کە ئەوەندەی بۆی کراوە و لە دەستی هاتووە، لە پێناوی شۆڕش، ئازادی و ڕزگاریی نیشتمانەکەیدا کردوویەتی».[١]

بەس تەنیا کەسانێک شیاوی ئەوەن ئەندامی ڕێبەری بن، کە خاوەنی ئەو جوانییە بن. لەبەر ئەوەی کە دانەر لە پەرتووکی «دیرۆکەکە ڤەشارتیـ»ـدا ئەخلاقی شۆڕشگێرانەی جێی مەبەستی قاسملووی بە وردی شی کردۆتەوە، خۆی لە هێنانی هەموو وردەکارییەکان لێرەدا دەبوێرێت.

بە وردبوونەوە لەو خاڵانە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەگەر لە ڕوانگەی سوقراتەوە (بە وتەی ئەفلاتوون) سەرچاوەی بوونی هەموو شتێک «ڕۆژ» بێت، دەبێت لە ڕوانگەی ئێمەش سەرچاوەی بوونی ئێمە وەک کورد و حیزبی کوردی، «کوردستان» بێت. ئەگەر لە گەورەیی «کوردستانیبوون» تێ گەیشتین، ئەو کات تێگەیشتنی ئێمە بۆ حیزبایەتی کە لەپێناوی ڕزگاریی کوردستاندا دامەزراوە، بەرینتر دەبێت و لە چوارچێوەی حیزبیشدا نەک پۆست و پلە، بەڵکوو خودی پێشمەرگەبوون دەبێتە شانازی. ئەگەر پێشمەرگەبوون خۆی بووە گەورەترین شانازی، ئێمە دەگەیەنێتە ئەو قەناعەتە کە ئەوانەی لێزان و خاوەن ئەخلاقی شۆڕشگێڕانەن، دەبێت بەرپرسایەتی وەربگرن و ئەوەش ئاستی خەباتمان کە بۆ ئازادییە، بەرزتر و بەهێزتر دەبێت. ئێمە دەتوانین هەموو ئەو خاڵانە و قسەکانی قاسملوو لەو وتەیەدا کە لەلایەن خۆیەوە فۆرمووڵە کراوە، ببینین کە دەڵێت: «ئێمە کادرێکمان دەوێ کە لە پێش هەموو شتێک ئینسانێکی بەبیروباوەڕ و نیشتمانپەروەر بێ، ئەمجار لە سیاسەت و ستراتیژی و تاکتیکی حیزب باش

١- بەهرامی کاوە. ئامادەکردن ١٣٨٢. «قاسملوو، ڕێبەرێکی مودێرن و شۆڕشگێرێکی دێموکرات». ل. ٨٩

شارەزا بێ، لە فیداکاری و لەخۆبردووییدا بۆ ئەندامانی دیکەی حیزب نموونە بێ، بەشێک بێ لە خەڵک، لەگەڵ ئەوان و وەک ئەوان بژی و دەرد و مەرگی ئەوان باش تێ بگا، لە کاتی تەنگانەدا دەست و پێی خۆی لێ ون نەبێ، بتوانێ بەربەرەکانێی دوژمن بکا و لە کاتی لێقەوماندا ڕێکخراوەکانی حیزب لە پەلاماری دوژمن بپارێزێ. لە هەلومەرجی ئێستادا کە حیزبەکەمان خەباتی چەکدارانەی بەسەردا سەپاوە، ئینسانێکی ئازا بێ و لە کاتی شەڕ و پەلاماری دوژمندا وورە بەر نەدا و لە ئاکامدا بتوانێ لە کاتی پێویستدا سەربەخۆ بڕیار بدا».[١]

خاڵێکی دیکەی جێگای سەرنج لە بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو لە پەیوەندی لەگەڵ مودیرییەت و جێبەجێکردنی بڕیارە حیزبییەکانە. قاسملوو دەڵێت: «پێویستە شێوەی قانعکردن وەک شێوەی ئەساسیی کاری حیزبی ڕەچاو بکەین و شێوەکانی دیکە ئەگەر جاروبار کەڵکمان لێ وەرگرتن، لە خزمەت و چوارچێوەی شێوە حیزبییەکەدا بن».[٢] پێویستە بگوترێت کە ئیقناع لەگەڵ دیالێکتیک جیاوازیی هەیە، ئەگەرچی دوکتور قاسملوو لەو مێتۆدە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان لە حیزبدا کەڵک وەردەگرێت، بەڵام ئەو لە دیالێکتیکی هێگلی بۆ ئافراندنی تێز و تێڕوانینی نوێ کەڵکی وەرگرتووە. ئەو شێوەیە لە دیالێکتیک لەگەڵ دیالێکتیکی ئەفلاتوونی جیاوازیی زۆرە. دیالێکتیک لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە بریتییە لەو مێتۆدەی کە سوقرات بۆ دۆزینەوەی ئایدیای چاکە کەڵکی وەرگرتووە. ئەو مێتۆدە بەو شێوەیە بووە کە کەسێک لە پێگەیەکی بەرامبەر لەگەڵ گوێگرەکان دەکەوێتە دیالۆگ و بەدوور لە جیهانی هەستەکی هەوڵ دەدات بگاتە جیهانی نموونەکان و سەرمەشقە ڕاستەقینەکان. یانی دیالێکتیک لە لایەک زانستی هەرەبەرزە و لە لایەکی دیکە مێتۆدێکە بۆ تێگەیشتنی قووڵ لە شتەکان. ئەو شێوەیە لە دیالێکتیک لە جێگای ئەوەی کە پێداگری لەسەر ئیقناع بکات، پێداگریی لەسەر سەلماندنی شتەکان دەکات. ئیقناع شێوەیەکە بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوت، بۆچوون یان کردەوەی کەسێک، بەڵام دیالێکتیک هەوڵی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر هزرەکان دەدات. بۆ ئیقناع مرۆڤ دەتوانێت لە هەردوو شێوەی هۆکاری

١- قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٦٨

٢- قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٦٩

ژیرانە و ناژیرانە کەڵک وەربگرێت، بەڵام لە شێوەی پراگما ـــ دیالێکتیکدا هۆکار هێنانەوەی کەسێک وەک چالاکییەکی زارەکی، کۆمەڵایەتی و ژیرانە بە ئامانجی سەلماندنی ئیدعای خۆی لە بەرامبەر ڕەخنەگری ژیردایە کە لەو ڕێگایە گریمانەیەک ڕەت بکاتەوە و یان ڕاستبوونەکەی بسەلمێنێت.

دیالێکتیکی هێگلی کە بریتییە لە تواندنەوە و ئاشتکردنەوەی تێز و ئانتیتێز پێکەوە و دروستکردنی سەنتێز، هەمووی ئەوانەش بە هۆی کات و شوێن، دینامیک و شیاوی گۆڕانن و دوای سەنتێز دیسان دەبێتە تێز و لەگەڵ ئانتیتێزێکی دیکە تێکەڵ دەکرێت و سەنتێزێکی نوێ دروست دەبێت و ئەو پرۆسەیە بێپسانەوە بەردەوام دەبێت. قاسملووش هەر بەو مێتۆدە لە لایەک هەوڵی ئاشتکردنەوەی کورد و ئێرانی دەدات و سەنتێزی خودموختاری لێی بەرهەم دێنێت و لە لایەک دێموکراسی و سۆسیالیزم پێکەوە دەتوێنێتەوە و سۆسیالیزمی دێموکراتیکی لێی ساز دەکات و هەمووی ئەوانەش بە دینامیک دەزانێت و ئەوە بۆ جیلی خۆی بە گونجاو دەزانێت، نەک جیلەکانی دوای خۆی.[1]

## پەروەردەی ئەندامان و پێشمەرگە

قاسملوو لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی شەشەم باسی دامەزرانی «زانکۆ» بۆ پەروەردەی پێشمەرگەکان دەکات و دەنووسێت: ئەرکەکانی ئەم زانکۆیە بریتییە لە ئامادەکردنی پێشمەرگەی تازە بۆ هێزەکان، فێرکردنی مودیرییەت و پەروەردەی فەرماندەر لە سەرپەلەوە تا فەرماندەری هێز.[2] قاسملوو هەروەها لە وتووێژ لەگەڵ گۆڤاری «٢٦ی سەرماوەز»دا دەڵێت: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ پەروەردەی پێشمەرگەکان فێرگەی سیاسی-

---

١- آصف، هاجر. ١٣٩٤. «نظریه‌های فلاسفه در زمینه شیوه‌های اقناع (با تأکید بر آرای افلاطون، ارسطو و دکارت)».

& https://n9.cl/djcq2

.(Amjarso, Bilal. 2007. "Persuasiveness from a Pragma-Dialectical Perspective". (University of Amesterdam

https://n9.cl/gn2jd

٢- قاسملوو. ١٣٨٦. ل. ٢٠٦

نیزامیی دامەزراندووە کە ئەرکی ئەو فێرگەیە ئامادەکردنی پێشمەرگەکان بۆ خەباتی سیاسی-چەکدارییە. قاسملوو بەدەستهێنانی ئەزموون لە مەیدانی پراکتیکدا بە فاکتەرێکی بەهێز دادەنێت بۆ ئەوەی کە پێشمەرگە بگاتە ئەو ئاستە کە حیزب ئاواتییەتی. هەروەها دەڵێت: بە هۆی ئەو تاقیکردنەوەی پراکتیکییە کە زۆر فەرماندەری باشی چەکداری لە نێو پێشمەرگەدا پێگەیشتوون بۆ ئەوەی کە تەرحی باشی چەکداری دابڕێژن و ئوسوولی شەڕی پارتیزانی بەڕێوە بەرن. ئەو پەروەردەیە لە حیزبی دێموکراتدا بۆ هەر دوو زایندی ژن و پیاو بوونی هەیە. قاسملوو ئەگەرچی بەشداریی ژنان بە جێگای شانازی دەزانێت، بەڵام داوا دەکات کە لە نێو حیزبەکەیدا هەلومەرجێکی باش بۆ پەروەردەی ژنان پێک بهێنن کە لە باری مافەوە لەگەڵ پیاوان یەکسان بن.[١]

قاسملوو وەک ئەفلاتوون سیستەمێکی پەروەردەیی بەباش دەزانێت کە ئەندامان لە ڕێگای ئەو سیستەمەوە جێگای شیاوی خۆیان لە کۆمەڵگادا بەدەست بهێنن و لەو سیستەمەدا لە ئیمکان و کەرەستەی پەروەردە بۆ هەمووان وەک یەک لەبەر دەستدا بێت و لە نێوان ژن و پیاودا یەکسانی هەبێت. قاسملوو هەروەها ئەزموون لە ڕێگای پراکتیزەکردنی ئەو شتانەی کە جەنگاوەران لە سیستەمی پەروەردەییدا فێر دەبن، بەکەڵک دەزانێت تا لەو ڕێگەیەوە ئەوانەی کە سەرکەوتوو دەبن، وەک دەستەی هەڵبژێردراوی جێگای مەبەستی ئەفلاتوون، ئەرکی بەرپرسایەتی لە ئەستۆ بگرن و ببن بە فەرماندەی جەنگاوەران، کەچی قاسملوو وەک ئەفلاتوون بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئەزموونە ماوەیەکی دیاریکراو دەسنیشان ناکات، بەڵام بۆ دەورەی سەرەتاییی پێشمەرگە، قاسملوو بۆچوونی وا بوو کە دەبێت ئەوان لانیکەم سێ مانگ لە دەورەی چەکداریدا بەشدار بن.

قاسملوو پەروەردە بۆ پێشمەرگەکان بە فاکتەری سەرکەوتنی ئەوان لە خەباتدا دەزانێت و دەڵێت: «لەوانەیە ئێستا ڕادەی پێشمەرگەکان لە چاو پێنج ساڵ پێش هەندێ کەمتر بێت، بەڵام لە بارەی چۆنیەتی و لێهاتوویی و دەستپێڕاگەیشتن بە فنوونی شەڕ و هەروەها چوونە سەری ئاستی سیاسی و فکریی ئەوان،

١- قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ١١٤-١١٥

پێشمەرگەکانی ئەمڕۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چاو چوار پێنج ساڵی پێشتر هەڵناسەنگێندرێن. ئەمە هۆیەکی بنەڕەتییی سەرکەوتنی پێشمەرگەکانە».[١] قاسملوو هاندەری پێشمەرگەکان بووە بۆ ئەوەی کە ئاستی چۆنییەتیی خۆیان ببەنە سەرێ و دەردەکەوێت کە مەبەستی قاسملوو لە لایەک پاراستنی ئینزبات و دیسیپلین و لە لایەکی دیکە، مەبەستی خۆپەروەردەکردنە. ئەو دەڵێت: «پەیامم بۆ کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب ئەوەیە کە ئینزیبات و دیسیپلینی خۆیان زیاتر کەن. ڕێنوێنییەکانی حیزبی بە چاکی بەڕیوە بەرن. ئێستا زۆر لە جاران ڕێکوپێکترن کە بەڕاستی جێگای خۆشحاڵی و شانازییە، بەڵام هیوادارم کە لە باری چۆنیەتییەوە زیاتر ڕێکوپێک بن».[٢] پاراستنی دیسیپلینی جێگای مەبەستی قاسملوو، هەر ئەو ئەرکەیە کە ئەفلاتوون بۆ جەنگاوەران باسی لێوە دەکات و دەڵێت: ئەرکی پارێزڤانان پاراستنی ئارامی و ڕێکوپێکیی نێوخۆییە. پاراستنی ئارامی و ڕێکوپێکیی نێوخۆیی بەبێ دیسیپلین ئیمکانی نییە. بەس فێربوونی ئەم پرەنسیپە، گرنگ و جێگای لێوردبوونەوەیە بۆ پێشمەرگە تا بتوانن لە ئەرکەکانیاندا سەرکەوتوو بن. لە بەر ئەوەی کە بە بۆچوونی قاسملوو، «پێشمەرگە سەربازی ئەرتەشی بێ بیر و باوەڕ نییە. پێشمەرگە دڵخوازانە هاتووەتە مەیدانی خەبات و بۆ ئامانجی پیرۆزی گەل خەبات دەکات».[٣]

قاسملوو هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی سیاسیی پێشمەرگەکان بۆ نزیکبوونەوە لە خەڵک کە پێشمەرگە بۆ ئامانجەکانیان تێدەکۆشێ، بەپێویست دەزانێت. قاسملوو لەو بارەوە دەڵێت: «لە شەڕی پارتیزانێدا کە شێوەی بەربەرەکانێی گەلێکی کەمدەرەتان لە دژی ئەرتەشێکی پۆشتە و پەرداخی دەوڵەتییە، پشتیوان و تەکیەگای ئەسڵیی پارتیزان، کۆمەڵانی خەڵکن. هەر لەبەر ئەوەش پێویستە پارتیزانەکان بە بەرزکردنەوەی پلەی تێگەیشتنی سیاسیی خۆیان و بە نزیکبوونەوە لە کۆمەڵانی خەڵک و بە ڕەفتاری باش و ئاکاری جوان ڕۆژبەڕۆژ زیاتر جێگای خۆیان لە نێویاندا بکەنەوە و پتر پشتیوانیی خەڵک بۆ لای خۆیان رابکێشن».[٤]

---

١- قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٥ و ٥٣

٢- قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٨٢-٨٣

٣- قاسملوو. ١٣٨٦. ل. ٢٠٧

٤- قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٥٧

ئەفلاتوون بۆ پەروەردەی پارێزڤانان باس لە پەروەردەی ڕۆح و پەروەردەی جەستەیی دەکات. قاسملووش هەر بەو شێوەیە ئامۆژگاریی پێشمەرگەکان دەکات و دەڵێت کە پێشمەرگەکان دەبێت لە باری هزری و جەستەییەوە (فیکری و جسمییەوە) خۆیان پەروەردە بکەن. لە ڕوانگەی قاسملووەوە پەروەردەی سیاسی بو واتای بردنەسەرێی ڕادەی زانیاریی سیاسی و باشتر تێگەیشتن لە سیاسەتی حیزبە. قاسملوو بۆ پێشمەرگە بێجگە لە پەروەردەی جەستەیی، فێربوونی هەموو چەشنە چەکێکی سووک و قورس و ناسینی تاکتیکەکانی دوژمنیش بەپێویست دەزانێت. هەروەها قاسملوو فاکتەری خوێندەواری و پاراستنی دیسیپلین بۆ سەرکەوتنی ئەوان بە گرنگ ناو دەبات و هەموو ئەوانە گرێ دەداتەوە بە سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی حیزبەوە. ئەو سیاسەتە شۆڕشگێڕانەی قاسملوو باسی لێوە دەکات، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە.[١]

قاسملوو بۆ پەروەردەی ڕۆحی و جەستەیی پێشمەرگە، باس لە چەمکی «ئیستراحەتی فەعال»[٢] دەکات. «ئیستراحەتی فەعال» بەو واتایەیە کە ئەگەر پێشمەرگە لە کاتی پشوودانی دوور لە مەیدانی شەڕدا بێت، دەبێت خۆی لە باری ڕۆحی و جەستەییەوە پەروەردە بکات. هەروەک کە پێشتر باس کرا، پەروەردەی ڕۆح لەلایەن قاسملووەوە بە بەرزکردنەوەی پلەی تێگەیشتنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و زانستی چەکداری و پەروەردەی جەستەیی بە «وەرزش و پەروەردەی بەدەنی» ناو براوە. لەسەر پەروەردەی جەستەیی قاسملوو دەڵێت: «پارتیزان هەمیشە دەبێ لە وەزعێکی بەدەنیی ئەوتۆدا بێ کە بتوانێ چەندین سەعات کار بکا، بە ڕێگادا بڕوا و ئەگەر پێویست بوو غار بدا. ئاشکرایە کە ئەوەش بەبێ وەرزش و پەروەردەی بەدەنی لە تواناد نییە».[٣]

قاسملوو هەروەها پێشمەرگەکان هان دەدات کە پلەی وریایی خۆیان ببەنە سەر بۆ ئەوەی لەلایەن دوژمنەوە غافڵگیر نەبن.[٤] وریایی پەیوەندیی بە زانایییەوە

١- قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ١١٧
٢- قاسملوو. ١٣٨٦. ل. ٧٨
٣- قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٦٠
٤- قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ١٨٥

هەیە. وەک چۆن زانایی بۆ ئەفلاتوون بە واتای هەبوونی وریاییە (تەدبیرە). وریاییش بە واتای هەبوونی زانستە (زاناییە).

## ئەرکی پێشمەرگە بۆ پاراستنی ئاسایشی نێوخۆیی

هەروەک چۆن ئەفلاتوون بە ئەرکی پارێزڤانان دەزانێت کە خەڵک لە هێرشی دەرەکی و ئاژاوەگێڕانی نێوخۆیی بپارێزێت، قاسملووش سەرەڕای ئەوەی کە ڕزگاریی کوردستان بە ئەرکی پێشمەرگە دەزانێت، هەر لەو کاتەشدا دەڵێت کە بە هۆی پشتیوانیی خەڵک لە پێشمەرگە، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا ڕووداوی چەتەیی و ڕێگری نەبینراوە. بێجگە لە ئەوەش، پێشمەرگەکان لەو ناوچانە هەوڵی چارەسەریی گیروگرفت و ناکۆکییەکانی کۆمەڵایەتیی خەڵکیان داوە.[1] هەروەها خەڵک کە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەیان لە کوردستان، کاروباریان لە لایەن شۆراکانەوە بەڕێوە دەچوو، ئەرکی هێزی پێشمەرگە بوو کە لەگەڵ ئەو شۆرایانە هاوکاری بکەن، تا ئەوان هەست بە هێزی ئیجرایی بکەن و بتوانن کاروباریان بەڕێوە بەرن.[2]

## ڕەتکردنەوەی تیرۆریزم و هەڵسوکەوتی پێشمەرگە لەگەڵ دیلەکانی شەڕ

پێشمەرگە کە بۆ ئازادیی نەتەوەکەی و ڕزگاریی وڵاتەکەی خەبات دەکات، پەنا بۆ تیرۆریزم نابات. بۆیە قاسملوو بڕوای تەواوی بەو پرەنسیپە نەگۆڕە هەبوو کە ئەوان تیرۆریزم کە ژیان و ئازادیی خەڵکی سڤیل دەکاتە ئامانج، ڕەت دەکەنەوە. بۆیە لە ڕوانگەی قاسملووەوە پێشمەرگە بەدوورە لە بارمتەگرتن، بۆمبدانان و ڕەشەکوژی. بۆ قاسملوو تیرۆریزم لەگەڵ خەباتی دادپەروەرانەی ڕزگاریخوازانە

---

١- قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٧٨

٢- قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٨٦

جیاوازیی هەیە.[1]

پێشمەرگە بە پێڕەویکردن لە پرەنسیپەکانی ئەخلاقی شۆڕشگێرانە، هەقی نەبووە و نییە کە دیلەکانی شەڕ بکوژێت. پێڕاگەیشتن بە دۆسیەی دیلەکانی شەڕ و پرسە کۆمەڵایەتییەکان، ئەرکی بەشی قەزایی حیزب بووە. ئەو سەرباز و پلەدارانەی ڕێژیم کە بە دیل دەگیران، ئەگەر جینایەتی گەورەیان دەرهەق گەلی کورد نەکردبێ، زۆر جار هەر لە مەیدانی شەڕدا بەبێ هیچ مەرجێک ئازاد دەکران و ئەوانی دیکەش تەحویلی بەشی قەزایی حیزب دەدران بۆ ئەوەی کە حیزب بتوانێت ئەوان لەگەڵ پێشمەرگە بەدیلگیراوەکان کە لە دەستی ڕێژیمدا بوون، ئاڵوگۆڕ بکات.[2]

## پێشگرتن لە میلیتاریزم لە نێو حیزبدا (دژایەتی لەگەڵ تیموکراتی)

لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی شەشەمدا قاسملوو باس لەوە دەکات، کە نابێ ڕێگا بدرێت میلیتاریزم لەنێو حیزبدا زاڵ بێت. بە گوێرەی بۆچوونی ئەفلاتوون، لە سیستەمێکدا کە چەکدارەکان دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن، سیستەمی تیموکراتی دەگوترێت. بەس دەتوانین بڵێین کە قاسملوو سیستەمی تیموکراتی ڕەت دەکاتەوە و بۆیە داوا لە پێشمەرگەکان دەکات کە لەسەر ڕێبازی حیزبی دێموکرات بەردەوام بن و پێش لە سەرهەڵدانی میلیتاریزم لەنێو ڕیزەکانی حیزبدا بگرن. لێرەدا دەردەکەوێت کە قاسملوو بەو پرەنسیپە هەوڵی داوە پێش لەوە بگرێت کە بەشی ئازایی ڕۆحی پێشمەرگەکانی حیزب بەلاڕێدا بچێت و جێگای بەشی ژیریی ڕۆحیان بگرێتەوە و بکەوێتە ژێر کاریگەریی بەشی هەوەس و سیستەمی دێموکراتیکی حیزب بەرەو سیستەمێکی تیموکراتی بگۆڕێت.[3]

---

١- قاسملوو، عەبدوڕەحمان. ١٣٨٨. «کردستان رنج و ایستادگی- بخشی از مقالات و مصاحبه‌های دکتر عبدالرحمن قاسملو» (تاڤگەی هەقیقەت بەرگی چوارەم) گردآورەنده کاوه بهرامی.. ل. ٢٩٩-٣٠٠

٢- قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٧٨-٢٧٩

٣- قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢١٠

## ئەرکی پێشمەرگە لە ئەگەری وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان

قاسملوو بوونی ئەرتەشی حکوومەتی داگیرکەری ناوەندی لە هەموو کاتێکدا تا سەقامگیربوونی دێموکراسیی ڕاستەقینە لە ئێراندا بە هەڕەشە بۆ سەر بوون و مانی نەتەوەی کورد دەزانی و بۆیە کاتێک کە باسی هەلومەرجی دوای وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی دەکات، دەڵێت: «بەڵام ئەرتەش نابێ ببێ بە عامیلی سەرکوت لە کوردستاندا، یانی ئەوە خەتەری هەیە کە ببێ، بەڵام ناشتوانین بڵێین با نەبێ. بۆ لابردنی ئەو خەتەرە ئێمە دەبێ بۆ خۆمان لە فیکری خۆماندا بین کە لە حاڵەتێکی زەروریدا بتوانین دیفاع لە خودموختاریی خۆمان بکەین و ئەویش ئەوەیە کە ئێمە باسی ئەوە دەکەین کە هێزی پێشمەرگە هەر لە جێگای خۆیەتی و وەزیفەیەکی دەبێ. ئەوە جێگای باسە. ئێمە نەزەرمان ئەوە بوو وەزیفەی هێزی پێشمەرگە و وەزیفەی ژاندارمری و پۆلیس نەبێ بە یەک. ئەوە با ئۆرگانەکانی دیکە ئەو کارە بکەن و لە خودی کوردستاندا هەڵبژێردرێن، بەڵام هێزی پێشمەرگە وەک هێزێکی «ذخیرە» و زیاتر «داوطلب»، هەموو وەختێک ئامادە بێ کە ئەگەر خەتەرێک بوو، دەست بداتە چەک».[١] ئەو پرەنسیپە ئێستا لەلایەن زۆریەک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبەوە فەرامۆش کراوە و زۆر جار لە چاوپێکەوتنەکانیان لەگەڵ میدیای فارسی باس لە چەکدانانی هێزی پێشمەرگە دەکەن.

## پەروەردەی خەڵکی کوردستان

سەرەڕای ئەوەی کە قاسملوو وەک ئەفلاتوون، پەروەردەی هەموو کۆمەڵگا تا ئاستی پێویست لە ڕاستای ئەو سیستەمەی کە دەیەوێت دابمەزرێنێت، بە گرنگ دەزانێت و ئەو پەروەردەیە زۆرتر باری هزری لە خۆی دەگرێت تا بتوانێت کۆمەڵگا هان بدات کە هەم پشتیوانی لە پارێزڤانان بکەن و هەم لەو کاتەدا

---

١- قاسملوو. ٢٠٠٨. ل.٣٠٣-٣٠٤

کە پارێزڤانان لە شەڕی ڕزگاریخوازیدان، کەرەستەی پێویست بۆ ئەوان دابین بکەن و یارمەتیدەریان بن، کەچی لە زۆر جێگادا قاسملوو خەڵک و پێشمەرگە لە یەک ئاستدا دادەنێت و ئەوەش بە هۆی ئەو هەلومەرجەیە کە خەڵک و پێشمەرگە تێیدا تێپەڕ دەبن کە ئەویش قۆناغی بەربەرەکانێ لەگەڵ دوژمن و قۆناغی ڕزگارکردنی کوردستانە. ئەو یەکە ڕەنگدانەوەی لە قسەکانی قاسملوودا کە لە پەیوەندی لەگەڵ دوو مانگی «دیفاع» و «هێرش» کراون، بەروونی خۆی نیشان دەدات و قاسملوو لەو باوەڕەدایە کە یەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکانی سەرکەوتنی پێشمەرگە لە خەباتدا پشتیوانیی خەڵکە.[١]

لە بۆچوونەکانی قاسملوودا زۆر باس لە سێ فاکتەر دەکرێت بۆ پەروەردەکردنی خەڵک و یان بە واتایەکی دیکە، ڕاکێشانی پشتیوانیی خەڵک لەو سیستەمە حوکمرانییەی کە حیزبی دێموکرات خەباتی بۆ دەکات. ئەو سێ فاکتەرە بریتین لە تەبلیغات، بردنی سیاسەتەکانی حیزب بۆ نێو خەڵک لە ڕێگای ڕێکخراوەوە (تەشکیلاتەوە) و ئاکار و کردەوەکانی هێزی پێشمەرگە کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەیە لەسەر ڕاکێشانی پشتیوانیی خەڵک لە هێزی پێشمەرگە.

قاسملوو «ڕێکخراو» بە چەکی هەرە گرنگی حیزبەکەی دەزانێت کە «ئاڵقەی پەیوەندیی نێوان ڕێبەریی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکە». قاسملوو دەڵێت: «ئێمە پێویستیمان بە ڕێکخراوێک هەیە کە بەزوویی و چالاکانە هەموو بڕیارەکانی ڕێبەرایەتیی حیزب بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بگەیەنێ و هەو بەو چوست و چالاکییەش ویست و داخوازەکانی خەڵک بگەیەنێتەوە بە ڕێبەرایەتی تاکوو بتوانێ سیاسەتەکانی خۆی بە چەشنێکی دروستتر لەسەر ئەو داخوازانە دابنێ».[٢] ئەو وتەیەی قاسملوو وا دەگەیەنێت کە پەروەردەبوون و پەروەردەکردنی ڕێبەرایەتیی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، پەیوەندییەکی دوولایەنەیە. لە لایەک خەڵک کە بەرهەمهێنەرانی کۆمەڵگان، پەیڕەوی لە ڕێبەری و سیاسەتەکانی حیزب دەکەن و لەو لاشەوە، ڕێبەرییەکی ژیر و دەروەست، بۆ تێرکردنی چێژەکانی کۆمەڵگا ژیرانە پلان دادەنێت و ئەوان ڕێنوێنی دەکات بۆ ئەوەی کە بتوانن بە

١- بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر مانگی دیفاع و هێرش بڕوانە پەرتووکی تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی دووەم.
٢- قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٦٥-٢٦٦

ئامانجەکانیان بگەن. لەو جێگایەش کە بەشێک لە کۆمەڵگا بە دوای تێرکردنی چێژە ناپێویستەکانیان بە لارێدا دەچن، ئەرکی ڕێبەرییە کە ڕێنوییان بکات و هەوڵ بدات ئەوان بۆ سەر ڕێگای دروست ڕێنوێنی بکات. ئەو بۆچوونە لەگەڵ ئەو ستروکتوور و چوارچێوەیەی کە ئەفلاتوون بۆ کۆمەڵگا دەسنیشانی کردووە و ئەو کارەکتەرانەی کە لەگەڵ هەر یەک لە سێ بەشەکانی ڕۆح پەیوەندیی هەیە، ڕێک دەکەوێت.

بە بۆچوونی قاسملوو، پڕوپاگەندە یان تەبلیغات دوای کاری ڕێکخراوەیی گرنگترین و کاریگەرترین بەشی کاری حیزبییە. قاسملوو کاری ڕێکخراوەیی بە جەستە و کاری پڕوپاگەندە بە ڕۆحی حیزب دەشوبهێنێت و دەڵێت کە ئەگەر کاری ڕێکخراوەیی پڕوپاگەندەی لەگەڵ نەبێت، دەبێتە لەشێکی بێگیان و دەرەتانی پێشکەوتن و گەشەکردنی نامێنێ. مەبەست لە پڕوپاگەندە لە ڕوانگەی قاسملووەوە، لە لایەک بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ، سیاسەت و ستراتیژی و تاکتیکی حیزب و بڕیارەکانی ڕێبەرایەتی لە نێو خەڵک و هاندان و موبیلیزەکردنی ئەوانە بۆ خەبات لەپێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب لە خۆی دەگرێتەوە و لە لایەکی دیکەش، لەقاودانی پیلان و نەخشەکان و بێکەڵککردنی پڕوپاگەندەی دوژمنە لە نێو خەڵکدا.[1]

قاسملوو هەروەها بڕوای وابوو کە پشتیوانیی سەرەکیی پارتیزان، کۆمەڵانی خەڵکن، بۆیە پێویستە پێشمەرگە بە بەرزکردنەوەی پلەی تێگەیشتنی سیاسیی خۆیان، خۆیان لە خەڵک نزیک بکەنەوە و بە ڕەفتاری باش و ئاکاری جوان جێگای خۆیان لەنێو ئەواندا بکەنەوە.[2] قاسملوو پشتیوانیی خەڵک لە حیزبەکەی بە گەورەترین سەرمایەی حیزبەکەی دەزانێت.[3] قاسملوو بۆ ئەوەی کە هەست و تێگەیشتنی خەڵک لە مافەکانیان و پشتیوانیان لە شۆڕش بەرز بکاتەوە، لەو بارەوە پێشمەرگەکان ڕێنوێنی دەکات و ڕایاندەسپێرێت کە دەبێت ئاکار و ڕەفتاریان لەگەڵ خەڵک جوان بێت. ئەو دەڵێت: «ڕاستە پێشمەرگە باسکی

---

١- قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٧٣

٢- قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٥٥

٣- قاسملوو. ١٣٨٦. ل.٧٩

بەهێزی گەلە، بەڵام هێزی پێشمەرگە بۆ خزمەت بە گەل پێک هاتووە. هەرچی دەکا دەبێ لەپێناو خزمەت بە گەلدا بێ. بۆیە پێشمەرگە دەبێ ئاکار و کردەوەی لەگەڵ خەڵک جوان بێ. هەموو کاتێک خۆی بە پارێزەری نامووس و ئازادیی خەڵک بزانێ، بۆ بیرورِا و سونەتەکانی خەڵک رِێز دانێ و هیچ کارێکی ئەوتۆ نابێ لە پێشمەرگە روو بدا کە ببێتە هۆی نارِەزامەندیی کۆمەڵانی خەڵک. حیزبی دێموکرات حیزبی گەلی کوردە. پێشمەرگەی حیزبیش دەبێ هەر پێشمەرگەی گەل بێ».[1]

١- قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ١١٦

# حاتەم دوعاخان وەک هێما و نموونەی پێشمەرگە

## ڕەگ و ڕیشەی بنەماڵەیی و سەردەمی منداڵی

حاتەم دوعاخان لە گوندی دزەی مەرگەوەڕ لە بنەماڵەیەکی وەرزێڕ و مەڕدار لەدایک بووە. بە وتەی غەنی غەنیپوور[١] و م.ئ.س.، گوندی دزە لە نزیکەی ٤٠ کیلۆمیتریی ورمێ هەڵکەوتووە و نزیکە لە خاڵی سێ سنووری دەسکردی نێوان باکوور، ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان. خەڵکی ئەو گوندە بە دوو زاراوەی سۆرانی و کورمانجیی ژووروو دەئاخفن و لەو گوندە سۆران، هەرکی و موهاجیر[٢] پێکەوە دەژین. بژێوی خەڵکی ئەو گوندە لە سەردەمی پێش شۆڕشی گەلانی ئێران و ماوەیەک دوای ئەم شۆڕشە، لە ڕێگای جووتیاری و بەخێوکردنی مەڕوماڵاتەوە بووە.

باوکی حاتەم دوعاخان ناوی سۆفی خالیدە. سۆفی خالید کوڕی حاجی خورشید بوو. حاجی خورشید میری ماڵی شێخ سەید عەبدوڵلا ئەفەندیی کوڕی شێخ عەبدولقادر گەیلانی و نەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی بوو کە دوای تێکشکانی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا پەڕیوەی باشوور و دواتر لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هاتبوون بۆ ڕۆژهەڵات و لە گوندی دزە و شاری ورمێ نیشتەجێ ببوون. بنەماڵەی حاجی خورشیدی باپیری حاتەم دوعاخانیش لە عەشیرەی پنیانشی لە باکووری کوردستان بوون و هەر لەگەڵ بنەماڵەی شێخ عەبدوڵلا ئەفەندی ڕوویان لە ڕۆژهەڵات کردبوو و لە گوندی دزەی مەرگەوەڕ

---

١- غەنی غەنیپوور نزیکترین هاوڕێی حاتەم لە منداڵییەوە تا کاتی شەهیدبوونی بوو. غەنیپوور یەکێک لەو ئەفسەرانەی ئەرتەشی ئێران بوو کە لە کاتی شۆڕشی ئەیلوولدا لە لایەن ئەرتەشی ئێرانەوە نێردرابوو بۆ باشووری کوردستان کە لە ڕێگای ڕادارێکی بچووکەوە کە لەگەڵ ڕاداری پایگای نێچیروانیی تەورێز لە پەیوەندیدا بوو، چاودێریی هێرشی فڕۆکەکانی عێراق بکات بۆ سەر سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول کە ئەو کات ئەو شۆڕشە لە باری دابینکردنی پێداویستییەکانی چەکدارییەوە خۆی بە ڕێژیمی شای ئێرانەوە بەستبوو و هەر ئەوەش بووە هۆکار کە دوای پەیماننامەی ئەلجەزایر، شۆڕش تووشی نسکۆ ببێت. بە وتەی غەنیپوور، ئەو ئێستاشی لەبیرییەتی کاتێک کە لە لایەن ئەرتەشی ئێرانەوە فەرمانیان پێ کرا کە کەلوپەلەکانی ڕادار کۆ بکەنەوە و بگەڕێنەوە بۆ ئێران.

٢- زاراوەی موهاجیر لە لایەن خەڵکی ناوچەوە بۆ ئەو هاووڵاتییە کوردانە بەکار هاتووە و دانەر خاکی کوردستان بە موڵکی هەموو کوردێک و بەتایبەتی ئەوانە دەزانێت کە لە ڕێگای شۆڕشی کورددا نرخیان داوە و هیچ کوردێک لەسەر خاکی کوردستان بە موهاجیر نازانێت.

نێشتەجێ ببوون. حاجی خورشید کەسێکی دەوڵەمەند و خاوەن ناو و ناوبانگ بوو لە ناوچەکەدا. ئەوانەی کە بە هۆی کۆچبەربوونیان لە باکوورەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتبوون و لە گوندی دزەی مەرگەوەڕ نێشتەجێ ببوون، بە موهاجیر دادەنران. موهاجیر بەو کەسانە دەگوترێت کە شوێنی نیشتەجێبوونیان بە هەر هۆکارێک بەجێ دەهێڵن و ڕوو دەکەنە ناوچەیەکی دیکە بۆ ژیان. سۆفی خالید کە کەسێکی ئۆلدار و باوەڕدار بووە، وەرزێڕ و خاوەنی مەڕوماڵات بوو. ئەگەرچی گوزەرانی ژیانیان لە هەندێک خەڵکی دیکەی ناوچە و خەڵکی گوندی دزە باشتر بوو، کەچی ئەوانیش دەسکورت بوون. ئەگەرچی حاجی خورشیدی باپیری دەسترۆیشتووتر بووە.

سەلاح فازڵی دەڵێت:

> یەکێک لەو کاراکتەرانەی بووە هۆی ئەوەی حاتەم زۆر لە دڵیدا جێ بگرێتەوە ئەوە بوو کە حاتەم ئەخلاقێکی زۆر بەرزی هەبوو. ئەگەرچی حاتەم کەسێکی خاوەن خوێندنی بەرز و لە باری ماڵییەوە وەزعی باش بوو، بەڵام هەر کاتێک لەگەڵ باوکی قسەی دەکرد، سنووری ڕێز و حورمەتی باوکی دەپاراست، لە ئاستێکی نزمتر و دابەزیو لە باوکی قسەی دەکرد، زۆر بە حورمەتەوە ڕەفتاری دەکرد و زۆر کەسێکی دڵنزم و خاکەڕا بوو. ئەو هەروەها لەگەڵ بنەماڵەکەشی زۆر دلۆڤان بوو.

بە وتەی غەنیپوور و م.ئ.س.، دایکی حاتەم دوعاخان ناوی خەدیجە و خەڵکی باشووری کوردستان و لە عەشیرەتی بارزانی بووە و خۆشەویستییەکی دایک و کوڕیی زۆر قووڵ لە نێوان ئەو و حاتەمدا هەبووە.

غەنی غەنیپوور دەڵێت:

> حاتەم دوعاخان لە ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی (١٩٥٢ی زایینی) لە گوندی دزە لەدایک بووە و لەو گوندەدا کاتێک کە تەمەنی دەبێتە شەش ساڵ، یەکەمین قوتابخانە لە گوندی دزە دەکرێتەوە و ئەویش دەچێتە قوتابخانە. شێخ عەبدوڵڵا ئەفەندی کە کەسێکی ناسراو و خاوەن موریدی زۆر لە

ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بوو، لە بەشی پەروەردەی ورمێ داوا دەکات کە مامۆستایەک بنێرن بۆ دزە کە منداڵەکان بتوانن بچنە قۆتابخانە و بخوێنن و ئەوانیش ڕازی دەبن و مامۆستایەک دەنێرن بۆ گوندی دزە. لەبەر بێدەرەتانی و نەبوونی بینایەک بۆ قوتابخانە ئیزن دەدرێت کە خانەقا بۆ منداڵان بکەنە قوتابخانە تا دواتر دەوڵەت بینایەک بۆ قوتابخانە دروست دەکات. هەم غەنی غەنیپوور و هەم م.ئ.س. دەڵێن، کە بە هۆی ئەو پروپاگاندەی هەڵەی ئەوکات کە دەیانگوت ئەو منداڵانەی دەچنە قوتابخانە دەرسی شەیتان دەخوێنن، سۆفی خالیدی باوکی حاتەم کە کەسێکی موسڵمانی باوەڕمەند بوو، موخالیفی ئەوە بوو کە حاتەم بچێتە مەکتەب، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە حاتەم زۆر هۆگری خوێندن بوو و حەزی لێ بوو کە بخوێنێت، حاجی خورشیدی باپیری لەگەڵ باوکی حاتەم قسە دەکات و ئەویش ڕازی دەبێت کە حاتەم لەبەر خوێندن دابنێت.

بە وتەی غەنیپوور، یەکەمین مامۆستا کە بۆ گوندی دزە نێردرا، ناوی ئیبراهیم فەقێ بوو کە مامۆستایەکی زۆر دڵسۆز بوو. غەنیپوور و م.ئ.س. دەڵێن کە حاتەم بەڕاستی قوتابییەکی زیرەک و ژیر بوو. ئەو لەگەڵ م.ئ.س. و ئیبراهیم غەنیپوور هاوپۆل بووە و غەنی غەنیپوور ساڵێک دوای ئەوان چووبووە قوتابخانە بە وتەی غەنیپوور، دوای ١-٢ ساڵ حکوومەت بینایەکی بۆ قوتابخانە ساز کرد . دوای سازکردنی قوتابخانە، نەک هەر منداڵەکانی دزە، بەڵکوو لە گوندەکانی گێسیان، گردوان، ژاراوا، فلکان، کانی دەستار و زێوەش منداڵەکان توانییان تا پۆلی شەشەم لەو قوتابخانەیە بخوێنن. ئەو دەڵێت: «ئەوکات بە منداڵە زیرەکەکان ‹مدال افتخار› واتە میداڵیای شانازی دەدرا تا لەسەر سینگی خۆیانی بدەن. لە پۆلی حاتەم، ئەو میداڵیایە زۆربەی هەرە زۆری کاتەکان هەر بەسەر سینگی حاتەمەوە بوو».

دوای ئەوەی کە حاتەم پۆلی شەشەمی سەرەتایی تەواو کرد، دیسان باوکی پێی خۆشە کە حاتەم دەست لە خوێندن هەڵبگرێت و ئیدی نەچێت بۆ قوتابخانە. لە دزە قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی نەبووە. بۆیە حاتەم بۆ درێژەدان بە خوێندن دەبوایە بچێتە ورمێ. بە وتەی غەنیپوور، حاجی خورشید دیسان سۆفی

خالید ڕازی دەکات کە ئیزن بە خوێندنی حاتەم بدات و  هەم لەگەڵ شێخ سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی قسە دەکات کە ئیزن بدات حاتەم بخوێنێت و لە ورمێ لە ماڵی ئەواندا بمێنێت. ماڵی شێخ سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی خانوویەکی گەورە لە سەرەتای شەقامی «کشاورزی»، لە نزیکی «شەهەر چای» بوو. بە وتەی غەنیپوور، ئەوکات منداڵەکانی شێخ سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی بە ناوەکانی سەید تەها، سەید فاروق و سەید ئیبراهیم، ئەوانیش لە ورمێ دەچوونە قوتابخانە. حاتەم قوتابییەکی سەرکەوتوو و ژیر بووە، بۆیە شێخ سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی بەو مەرجە ئیزن دەدات کە حاتەم لە ماڵی خۆیان ڕابگرێت کە ئەویش لە خوێندندا یارمەتیی منداڵەکانی شێخ بدات، حاتەم ئەو مەرجە قەبووڵ دەکات. حاتەم دوو ساڵ لە ماڵی شێخ سەید عەبدوڵڵا دەمێنێت و دوای کۆتاییهاتنی خوێندن بۆ پشووی هاوین دەگەڕێتەوە بۆ دزە و لە هاوینان ئەو و غەنی غەنیپوور لەگەڵ کەسێک بە ناوی وەستا ڕەحیم لە گوندەکەیان و گوندەکانی دەوروبەر دەست بە کرێکاری دەکەن. بۆ ساڵی ١٣٤٤-١٣٤٥ غەنپووریش بۆ خوێندن دەچێتە ورمێ کە برای گەورەکەی بە ناوی ئیبراهیم دوو ساڵ پێشتر لەوێ بوو بۆ خوێندن.

بۆ ساڵی دووهەم کە حاتەم و غەنیپوور لە وەرزی هاویندا کرێکاری دەکەن و بڕێک پارە کۆ دەکەنەوە، حاتەم بڕیار دەدات کە ئیدی نەچێتە ماڵی شێخ و لەگەڵ غەنی، ئیبراهیم برای غەنی و حەجۆی کوڕی محەممەدئەمین حاتەمی[1] پێکەوە ماڵێک بەکرێ بگرن. غەنیپوور دەڵێت کە ئەوان پێکەوە ماڵێکیان لە شەقامی زەنجیر بەکرێ گرتبوو، کەچی ئەو پارەیەی کە ئەوان بە کرێکاری پەیدایان کردبوو، ئەوەندە کەم بوو کە تەنانەت بەشی کڕینی پێداویستییەکانی قوتابخانە و ناونووسین لە قوتابخانەشی نەدەکرد. بە وتەی غەنیپوور، ئەویش بۆ

---

١-   حەجۆ و محەمەدئەمین حاتەمی دواتر بە پیلانی ڕەحمان کەریمی و بڕیاری کەسانێکی کالفام گوللەباران کرا بۆ ئەوەی کە تاوانەکە بکەوێتە ئەستۆی حیزبی دێموکرات و عەشیرەی سیدانی هەرکی و خەڵکی ناوچە ببن بە دوژمنی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کورد. ئەگەرچی ڕەحمان کەریمی لە پیلانەکەیدا بۆ کوشتنی نارەوای حەجۆ و محەمەدئەمین حاتەمی سەرکەوت، بەڵام بە هۆی وشاریی ئەندامانی بنەماڵەی و خەڵکی ناوچە، بەشی دووهەمی پیلانەکەیان کە دروستکردنی دوژمنایەتی بوو لە نێوان بزاڤی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کورد و خەڵکی ناوچەی مەرگەوەڕ، سەرکەوتوو نەبوو. ڕەحمان کەریمی کە مۆرەیەکی حیزبی توودە و جاشێکی نفووزیی کۆماری ئیسلامی بوو لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا بۆ ماوەیەک جێگای بۆ خۆی کردبووەوە، دواتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن دادگای شۆڕشەوە کوژرا. مەسعوود بارزانی لە زۆر جێگا لە نووسینەکانیدا ئەو خایینە بە شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر بە خوێنەرانی نووسینەکانی دەناسێنێت کە ئەوەش هۆکاری تایبەتیی خۆی هەیە.

بنەماڵەی حاتەم هەروەک کوڕی ماڵێ ئەژمار دەکرا، بۆیە باوکی حاتەم بە حاتەم دەڵێت: «ئێوە چوار برا و دوو خۆشکن. لە میرات ١٧ سەر مەڕت بەر دەکەوێت و ١٧ سەر مەڕی دا بە حاتەم. غەنیپوور دەڵێت: «چاکم لەبیرە کە مەڕەکانمان بردەوە بۆ گوندی ژاراوا و بە کەسێک بە ناوی نەعمان فرۆشتمان. نەعمان گوتی کە پارەکەتان هەر جارێک و بڕێکتان دەدەمێ بۆ ئەوەی کە لێتان تەواو نەبێت و بتوانن بۆ خەرجی قوتابخانە بەکار بهێنن. حاتەمیش قەبووڵی کرد». بێجگە لەوە، بە وتەی م.ئ.س. دایکی حاتەم، ئەویش ئەگەر بە فرۆشتنی پەنیر و کەشک و ئەو شتانە پارەیەکی دەست دەکەوت، یارمەتیی حاتەمی دەدا کە بتوانێت بەردەوام بێت لە خوێندن. هەروەها بە وتەی غەنیپوور، هەم خەڵکی دزە و هەم گوندەکانی دەورووبەر وەک فلکان و ژاراوا، بە هۆی ئەوەی کە دەیانزانی ئەوان دەرسخوێن و لە کارکردنیشدا زیرەکن، هاوینان زۆر کاریان بە ئەوان دەدا و لە بەرامبەردا پارەیان وەک هەقدەستی کرێکارییەکەیان وەردەگرت. بە وتەی غەنیپوور، لە یەکێک لە هاوینەکاندا وەستا ڕەحیم بڕیار دەدات کە ئەو و حاتەم لەگەڵ خۆی ببات بۆ خنێرە و لۆلان لەبەر ئەوەی کە گوێی لێ ببوو شێخی لۆلانێ خەریکی دروستکردنی خانووبەرەن بۆ خۆیان. ئەوان بە هۆی پاسگای ڕێژیمی شا لە گوندی خۆراسپێ کە زۆر ئازاری خەڵکی دەدا و کەس خۆی لەو ڕێگایە نەدەدا، ناچار دەبن کە لە ڕێگای چۆڵەوانی و شاخەکانەوە خۆیان بگەیەنێن بە لۆلان. بەڵام کاتێک کە دەگەنە ئەوێ، دەبینن کە شێخی لۆلانێ ماوەیەکە کۆچیدوایی کردووە و کەسێک بە ناوی شێخ محەممەد جێگای گرتووەتەوە. شێخ محەممەد ئەگەرچی بە گەرمی و حورمەتەوە وەریان دەگرێت، بەڵام کاریان پێ نادات و دەڵێت کە هەر بۆ خۆیان و بە هاوکاریی موریدەکانیان کارەکانیان جێبەجێ دەکەن. بۆیە غەنی، حاتەم و وەستا ڕەحیم جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە. کەچی بە هۆی دژواریی ڕێگا، پێ و لاقەکانیان بریندار دەبێت و بۆ ماوەیەک لە جێگا دەکەون.

غەنیپوور باسی چاکەی ماڵی محەمەدئەمین حاتەمی و بەتایبەتی خێزانەکەی بەناوی ڕەحەوزا دەکات کە لەو دوو ساڵەی منداڵەکانیان لەگەڵ حاتەم و غەنیدا ماڵیان لە ورمێ بۆ خوێندن بە کرێ گرتبوو، زۆر یارمەتیی ئەوانیان داوە.

## چوونەوەی حاتەم بۆ ئەکادیمیای هێزی ئاسمانی

بە وتەی غەنیپوور، لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاویدا (١٩٧١ی زایینی) حاتەم دەرسەکەی لە دواناوەندی تەواو بوو و دیپلۆمی وەرگرتبوو. بە وتەی ناوبراو، حاتەم زۆری پێ خۆش بووە کە بتوانێت لە بەشی تەکنیکیی ئەکادیمیای هێزی ئاسمانی (بخش فنی نیروی هوایی) درێژە بە خوێندن بدات. ئەوان لەو بارەوە زانیاریی زۆر کەمیان هەبووە و ئەگەر لەو بارەوە زانیارییەکیان هەبووبێت، هەر ئەوە بووە کە لە ڕۆژنامەکاندا بەرچاویان کەوتبێت. م.ئ.س. دەڵێت کە ئەوانەی دیپلۆمیان وەردەگرت، لە قوتابخانە مۆرەکیان لە کارنامەکەیان دەدا کە لێی نووسرابوو «بە نیروی هوایی بپیوندید» و ئەوە هاندەر بوو کە حاتەم بیر لە چوونەوە بۆ ئەکادیمیای هێزی ئاسمانی بکاتەوە. غەنیپوور دەڵێت کە ئەو بۆخۆی بە سیکلەوە ساڵێک دوای حاتەم چووە بۆ ئەو ئەکادیمیایە و لە بەشی هومافەریدا دەستی بە خوێندن کرد و دواتر لە تاران دیپلۆمەکەی وەرگرت، بەڵام حاتەم دوای وەرگرتنی دیپلۆم ئەو کارەی کردبوو.

غەنیپوور کە لەگەڵ حاتەم لەو ئەکادیمیایەدا بووە، دەڵێت حاتەم لەو بەشەدا زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڵام بەو شێوەیە کە پێکەوە قسەیان دەکرد، ئەو حەزی لێ بووە بچێتە بەشی فڕۆکەوانی، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە لووتی کێشەی هەبوو (ف. انحراف بینی)، دەیزانی کە ئەگەر داوا بکات بۆ بەشی فڕۆکەوانی، لە پشکنینەکاندا دەرناچێت و ڕێگای پێ نادرێت. لەبەر ئەوەی کە ئەوانەی لە بەشی فڕۆکەوانیدا وەردەگیران، دەبوایە لە باری لەشساغی و چڕیی هۆشەوە هیچ کێشەیەکیان نەبوایە. حاتەم و غەنی لە کاتی سەرەدانیان بۆ دزە و لەلایەن دەوروبەرەوە زانیارییان دەست دەکەوێت کە دوکتور دەیلەمی لە تارانە و کوڕێکی خەڵکی دزە بە ناوی بەهرام لە ماڵی دوکتور دەیلەمی کار دەکات. پێشتر لە دزە نەخۆشخانەیەکی بچووک هەبووە کە دوکتور دەیلەمی لەو نەخۆشخانەیە کاری کردووە و ناسیاویی لەگەڵ خەڵکی ئەوێ هەبووە. ئەو بۆ خۆی تورکی ئازەری و

ژنەکەی «کوێرە سونی»[1] بووە. حاتەم و غەنی دوای هەوڵێکی زۆرماڵی دوکتور دەیلەمی دەدۆزنەوە و بۆ بینینی بەهرام، لە ڕۆژێکی هەینی کە ڕۆژی پشوودانیان بووە، دەچن و بەهرام دەدۆزنەوە.

غەنیپوور دەڵێت: «زۆر چاکم لەبیرە کە لە مەیدانی ٢٤ی ئیسفەند، شەقامی ئۆردیبهشت، لەوێ ماڵەکەیانمان دۆزییەوە. لە دەرگامان دا و کاتێک کە بەهرام دەرگای کردەوە و ئێمەی بینی، پێی سەیر بوو. ئێمە بە یۆنیفۆرمی هێزی ئاسمانییەوە چووبووین. لە ئێمەی پرسی: ئێوە لێرە چی دەکەن؟ حاتەم مەسەلەکەی بۆ باس کرد کە دەیەوێت بچێتە بەشی فڕۆکەوانی، بەڵام کێشەی لووتی هەیە و بۆیە پێویستیی بە یارمەتیی دوکتور دەیلەمییە. ئەوکات دوکتور دەیلەمی لەگەڵ نەخۆشخانەی هێزی ئاسمانیی ئێران گرێبەستێکی ٥ ساڵەی هەبوو کە نەخۆشخانەکە لە دۆشان تەپە بوو و ئێمە ئەوەمان پێشتر دەزانی». بە وتەی غەنیپوور، بەهرام بە جۆرێک دەچێت و مەسەلەکە لەگەڵ دوکتور دەیلەمی باس دەکات کە دوکتور دەیلەمی زۆر بەگەرمی و ڕێزەوە وەریان دەگرێت. ناو و شۆرەت و زانیارییە کەسییە پێویستەکان لە حاتەم وەردەگرێت و دەڵێت کە کاتێکێت بۆ دادەنێم و بانگهێشتت دەکەم کە بێیت بۆ نەخۆشخانە و لەوێ نەشتەرگەریت بۆ دەکەم. دوای ١-٢ هەفتە، دوکتور دەیلەمی داوا دەکات حاتەم بچێت بۆ نەخۆشخانە و لووتی نەشتەرگەری دەکات. دوای ئەوەی کە لە مەودای ١-٢ هەفتەدا لووتی چاک دەبێت و کێشەکە چارەسەر دەبێت، حاتەم داواکەی بۆ بەشی فڕۆکەوانی پێشکەش دەکات و لە هەموو تاقیکارییەکانی لەشساغی و چڕیی هۆش بە سەرکەوتوویی دەردەچێت و لە بەشی فڕۆکەوانیی ئەکادیمیای هێزی ئاسمانیی ئێران لە تاران وەردەگیرێت.

بە وتەی غەنیپوور، فاکەڵتەی فڕۆکەوانی و هەموو زانکۆی هێزی ئاسمانی بە بەشی تەکنیکی، هومافەری و پلەداری و فەرماندەیی هێزی ئاسمانییەوە، لە یەک بنکە پێکەوە بوون کە لە دۆشان تەپەی تاران هەڵکەوتبوو.

---

١- کورە سونی گرووپێک لە خەڵکی ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانن کە بە زمانی تورکیی ئازەری قسە دەکەن، بەڵام ئۆلەکەیان سونییە. ئەو هاوبەشییەی ئۆلی بووەتە هۆی پەیوەندییەکی قووڵی کۆمەڵایەتی لە نێوان ئەوان و کوردەکاندا و زۆر لەگەڵ یەک نزیکن.

# ئەکادیمیای فڕۆکەوانی

ئەگەرچی حاتەم بەشی خوێندنەکەی لە هومافەرییەوە دەگوازێتەوە بۆ بەشی فڕۆکەوانی، بەڵام ئەو و غەنی بە هۆی ئەوەی کە لە یەک بنکەدا بوون، دوای دەوام یان ڕۆژانی پشوو چاویان بە یەکتر دەکەوێت و پەیوەندی و هاوڕێیەتییان بەردەوام دەبێت. بە وتەی غەنیپوور، لەو ماوەیەدا کە حاتەم دەچووە ئەکادیمیای فڕۆکەوانی، لە فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا کە یەکێک لە وانە سەرەکییەکانی ئەو بەشە بوو، زۆر باش چووبووە پێشەوە. ئەوان ڕۆژانە نزیکەی ٦ کاتژمێر کۆرسی فێربوونی زمانی ئینگلیزییان هەبوو.

دوای ماوەیەک غەنیپوور دەگوازنەوە بۆ بنکەی مێهرئابادی باشوور سەر بە پایگای یەکەمی شکاری . دیسانیش ئەو و حاتەم لە هەر دەرفەتێک بۆ بینینی یەکتر کەڵک وەردەگرن و هەموو هەفتەیەک چاویان بە یەکتر دەکەوێت. بە وتەی غەنیپوور، بۆ فێربوونی فڕۆکەوانی، حاتەم و ئەوان ڕاهێنان و فێربوونیان بە فڕۆکەی سێسنا بوو. ئەو جۆرە فڕۆکەیە، فڕۆکەی دوو پرۆپلەر بوو. بۆ تەواوبوونی دەورەی فڕۆکەوانیی سێسنا پێویست بوو حاتەم بێجگە لە تەواوکردنی دەورەی پەڕەشووت، ١٠ کاتژمێر وەک هاوکاری فڕۆکەوان و ١٧ کاتژمێریش وەک فڕۆکەوان بفڕێت. حاتەم ئەو قۆناغەش بە سەرکەوتوویی تەواو کردبوو کە نزیکەی ساڵ و نیوێکی پێ چووبوو.

بە وتەی غەنیپوور، ئەو و حاتەم لەو ماوەیەدا هەر کات مۆڵەتیان وەردەگرت سەردانی دزەیان دەکرد. ئەوان هەروەها لەو پارەیەی کە وەک مووچە وەریان دەگرت، لە باری ماڵییەوە جاروبار هاوکاریی بنەماڵەکانی خۆیانیان دەکرد.

## چوونەوە بۆ ئەمریکا - جاری یەکەم

بە وتەی غەنیپوور، حاتەم دوای کۆتاییهێنانی سەرکەوتووانەی دەورەی فڕۆکەوانی لە ئەکادیمیای هێزی ئاسمانیی ئێران لە دۆشان تەپە، هاوڕێ لەگەڵ ١٥ کەسی دیکە بۆ دیتنی دەورەی فڕۆکەوانی دەنێردرێت بۆ ئەمریکا. بە وتەی غەنیپوور، ئەوکات تێچوویەکی زۆری هەبوو بۆ پەروەردەکردنی هەر فڕۆکەوانێک لە ئەمریکا و دەوڵەتی ئێران بۆ ئەو یەکە بڕە پارەیەکی زۆری دەدا بە ئەمریکا کە بە حیسابی تمەنی ئێرانی، نزیکەی ٤ میلیۆن تمەنی ئەو کاتی دەکرد.[١] حاتەم لە ئەکادیمیای فڕۆکەوانیی سەر بە هێزەکانی بەرگریی ئەمریکا لە تێکزاز، دەورەی F5E بینیبوو و هاوکات لە قوتابخانەی زمانی ئەو ئەکادیمیایە دەورەی زمانی ئینگلیزیی بێژەی ئەمریکایی بە سەرکەوتوویی تەواو کردبوو و لە ڕێکەوتی ١٣ی فێبریبەی ١٩٧٤دا بڕوانامەی تەواوکردنی ئەو دەورەیەی وەرگرتبوو. ئەو کات ئێران تازە فڕۆکەی F5ی زنجیرەی E لە ئەمریکا کڕیبوو کە فڕۆکەیەکی تەک کابین بوو و فڕۆکەوان بۆ خۆی بە تەنیایی دەبوایە هەموو کارەکانی پەیوەندیدار بە ڕادار و شەڕکردن و .... جێبەجێ بکردایە. حاتەم ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی (١٩٧٥ی زایینی) دوای تەواوکردنی دەورەی تەواوکۆی (تەکمیلی) فڕۆکەوانی لە ئەمریکا، بە پلەی ستوان دووی فڕۆکەوانی دەگەڕێتەوە بۆ ئێران. غەنیپوور لە فڕۆکەخانەی تاران دەچێتە پێشوازیی حاتەم و ئەو ڕۆژە بە یەکێک لە خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانی خۆی ناو دەبات کە دوای ماوەیەکی زۆر، جارێکی دیکە چاویان بە یەکتر دەکەوێت. حاتەم دوای گەڕانەوە بۆ ئێران، دەنێردرێت بۆ پایگای چوارەمی شکاری لە دزفوول. هەر لەو پایگایەوە حاتەم ئەرکی بەشداریی لە مانۆڕی سەربازیی پەیمانی سنتۆ پێ دەسپێردرێت کە لە پاکستان بەڕێوە چووبوو. حاتەم لەو مانۆڕەدا زۆر سەرکەوتووانە ئەرکەکانی بەجێ دەگەیەنێت و خەڵات دەکرێت. بە وتەی غەنیپوور، ئەو کات پەیمانی سنتۆ کە پەیمانێکی هاوکاریی چەکداری بوو، وڵاتانی ئەمریکا، پاکستان، ئێران، بریتانیا و تورکیە و ئیسرائیل

---

١- لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمزدا باس لەوە کراوە کە تێچووی فێرکردنی هەر فڕۆکەوانێکی ئێرانی ٢٥٠ هەزار دۆلار بووە. دیارە کە ئەو بڕە پارەیە بەشی گەندەڵیی کاربەدەستانی ئێرانی و بەشە زیادەکەی کە دراوەتە دەوڵەتی ئەمریکای لەگەڵ نییە لەو ڕاپۆرتەدا.
https://n9.cl/ixyadr

تێیدا ئەندام بوون.

کاتێک کە حاتەم لە پایگای چوارەمی شکاری لە دزفوول خەریکی کار دەبێت، غەنی دەنێردرێت بۆ دوورگەی کیش. کاتێک کە یەکێک لە هاوڕێیانی حاتەم بۆ ئەرکێک دەچێتە کیش، غەنیپوور میوانداریی دەکات. غەنیپوور دەڵێت کە باسی لێهاتوویی و زیرەکیی حاتەمم لە کاری فڕۆکەوانیدا لە زمانی ئەو هاوکارەی گوێ لێ بوو، کە چەندە بە لێهاتوویی و زیرەکیی حاتەم سەرسام بووە.

## پێکهێنانی ژیانی هاوبەش

حاتەم لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەشدا ڕەچاوی عورف و کولتووری کوردەواریی کردبوو. بە وتەی غەنیپوور، پێش چوونەوەی حاتەم بۆ ئەمریکا، ئەوان ئاگایان لەوە هەبوو کە ئەو کچێکی دراوسێیانی بە ناوی ڕێحان لە دزەی مەرگەوەڕ خۆش دەوێت. حاتەم و غەنی سەرەڕای مەودای زۆر لە نێوانیاندا، بەڵام پەیوەندیان هەر هەبووە و هاوڕێیەتییان بە گەرموگوڕی هەر بەردەوام بووە. حاتەم داوا لە غەنی دەکات بچێتە لای بنەماڵەی ڕێحان و خوازبێنیی ڕێحانی بۆ بکات. غەنیش ئەو داواکارییەی حاتەم بەجێ دێنێت و بنەماڵەی ڕێحان بەو کارە ڕازی دەبن و دەبنە دەزگیرانی یەکتر و دوای گەڕانەوەی حاتەم بۆ ئێران و وەرگرتنی مانگێک پشوو، دەچێتەوە بۆ دزە و ژیانی هاوبەش لەگەڵ ڕێحان پێک دێنێت.

بە وتەی غەنیپوور، لەو ماوەیەدا کە حاتەم لە ئێران بوو و لە دزە ژیانی هاوبەشی لەگەڵ ڕێحان پێک هێنابوو، داوا لە هێزی ئاسمانیی ئێران دەکات کە بگوازرێتەوە بۆ پایگای دووهەمی شکاری لە تەورێز. داواکارییەکەی پەسەند دەکرێت و دەنێردرێتە بۆ ئەم پایگایە کە یەکێک لە گەورەترین و نوێترین پایگاکانی هێزی ئاسمانیی ئێران بوو. ئەو لە گوردانی ٢٢ی پایگای شکاری ی تەورێزدا دەست بە کار دەبێت. بە وتەی غەنیپوور، بۆ خۆشی دواتر دەچێت بۆ تەورێز و لە هەمان پایگادا لە بەشی ڕادار خەریکی کاری خۆی دەبێت.

حاتەم دوای گواستنەوە بۆ تەوریز، خێزانەکەی دەباتەوە بۆ تەوریز و لەوێ ژیان بەسەر دەبەن و دواتر دەبنە خاوەنی منداڵێک بە ناوی سوهراب. منداڵی دووهەمیان بە ناوی پەروین، دوای ئەوەی کە حاتەم بووە پێشمەرگە، لەدایک بووە.

## چوونەوە بۆ ئەمریکا بۆ جاری دووەم

شای ئێران بۆ پڕچەککردنی هێزەکانی ئاسمانیی ئێران بڕیاری کڕینی فڕۆکەی F16 لە ئەمریکا دابوو و بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٧٦دا گرێبەستێکی لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا واژۆ کردبوو. بۆ ئەم مەبەستە حکوومەتی ئێران بڕیاری دابوو، چەند فڕۆکەوانێک بۆ دەورە بنێرێت بۆ ئەمریکا تا دوای وەرگرتنی ئەو فڕۆکانە، بتوانن بۆ خۆیان ڕاهێنان بە فڕۆکەوانەکان لە ئێراندا بکەن، چونکە ئەو پەروەردەیە لە ئەمریکا تێچوویەکی زۆری دەویست. بە وتەی غەنیپوور، بۆ ئەم مەبەستە ٢١ فڕۆکەوان هەڵبژێردران کە بنێردرێن بۆ ئەمریکا و حاتەم دوعاخان یەکێک لەو فڕۆکەوانانە بوو کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩دا بۆ ئەم مەبەستە نێردرا بۆ ئەمریکا.[١] حاتەم دوعاخان لەو سەفەرەدا داوای کردبوو ژن و منداڵەکەشی لەگەڵی بەڕێ بکرێت و هێزی ئاسمانیی ئێران ئەو داخوازییەی سەروان حاتەمیان قەبووڵ کردبوو. بە وتەی غەنیپوور، ئەوانەی کە هەڵبژێردرابوون بنێردرێن بۆ ئەمریکا بۆ دەورەی F16، لە باشترین فڕۆکەوانانی ئێران بوون و حاتەم بە هۆی لێهاتوویی، چالاکی و چڕیی هۆشیی بەرز و نیشاندانی ئەم کاراکتێرانە بە کردەوە، وەک یەکێک لەو فڕۆکەوانانە هەڵبژێردرا کە بۆ ئەم خولە بۆ ئەمریکا بەڕێ بکرێت.

ئەحمەد مێهرنیا لە پەرتووکی «ستارەهای نبرد هوایی- جلد ٢» لە لاپەڕەی ٨٧دا ئاماژەی بە ناوی حاتەم دوعاخان و چەند کەسێکی دیکە کردووە کە بۆ دەورەی Pilot Instructor Training(PIT) بە واتای پەروەردەی ڕاهێنەری فڕۆکەوانی و

---

١- بە گوێرەی بەڵگەکانی ئەمریکا دەردەکەوێت کە ئەمریکا پلانی هەبووە بۆ ڕاهێنانی ١٠ فڕۆکەوانی ئێرانی بۆ فڕۆکەی F16، لە ساڵی ١٩٧٩دا. غەنیپوور دڵنیا نەبوو کە دروست حاتەم لە چ ڕێکەوتێکدا نێردراوە بۆ ئەمریکا. لەوانەیە ١٩٧٩ ڕاست بێت.
https://n9.cl/ggeogg

Flight Leading Instructor training (PLIT) بە واتای پەروەردەی ڕاهێنەری پێشڕەو لە فڕیندا، نێردرابوون.[١]

غەنیپوور دەڵێت کە ئەو دەورەیە ٨ مانگی خایاند، بەڵام هەر دوای چوونەوەی حاتەم بۆ ئەمریکا بارودۆخی ئێران شڵەژا و تێک چوو. لە هەموو شارەکان شۆڕش بە دژی ڕێژیمی شا دەستی پێ کرد و هێزی ئاسمانی زۆر چالاکانە بەشداریی لەو شۆڕشەدا کرد. دوای سەرکەوتنی شۆڕش حاتەم گەڕایەوە بۆ ئێران. بە وتەی غەنیپوور، لە پایگای شکاری ی تەورێزەوە تەنیا ٢ فڕۆکەوان بۆ ئەم دەورەیە نێردرابوون. بۆیە کە حاتەم دەگەڕێتەوە، ئیدی لەو پایگایەدا ناوێکی بۆ خۆی دەبێت و ناوبانگێک دەردەکات. غەنیپوور دەڵێت کە دوای گەڕانەوەی حاتەم لە ئامریکا، بە ماشینی خۆی حاتەم دەگەینێتە دزەی مەرگەوەڕ کە دوای گەڕانەوەی مانگێک مورەخەسیی پێ درابوو. حاتەم لە گوندی دزە دەمێنێتەوە و غەنیپوور دەگەڕێتەوە بۆ تەورێز. ئەوکات کە ئەویش ژیانی هاوبەشی پێک هێنابوو لە تەورێز جیرانی یەکتر بوون. حاتەم دوای تەواوبوونی مۆڵەتی پشوودانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تەورێز. بە وتەی غەنیپوور، زانکۆی تەورێز لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێراندا زۆر پێگەیەکی گرنگی هەبوو و لەو زانکۆیەدا زۆر وتار بە دژی ڕێژیمی شا دەدران و قسە دەکرا، هەندێک مامۆستای کوردیش لەو زانکۆیە کاریان دەکرد کە دوکتور خەلیقی و دوکتور بەرزەنجی لەو مامۆستایانە بوون. حاتەم و غەنیپوور لە تەورێز لەگەڵ دوکتور خەلیقی ئاشنا دەبن و لەسەر داوای دوکتور خەلیقی، دەست دەکەن بە کۆکردنەوەی هاوکاریی ماڵی لە نێو ئەفسەرەکانی هێزی ئاسمانی لە تەورێز بۆ خوێندکارە کوردەکانی زانکۆی تەورێز کە بارودۆخی ماڵییان باش نەبوو. لەسەر ڕاسپاردەی حاتەم، غەنیپوور ئەرکی بەرپرسایەتیی ماڵیی ئەو داواکارییە دەگرێتە ئەستۆ. بە وتەی غەنیپوور، لە پایگای هێزی ئاسمانیی تەورێز هەندێک ئەفسەری کورد هەبوون کە یارمەتییان دا، بەڵام پێیان خۆش نەبوو بە هۆی باری ئەمنییەتییەوە ناویان لەسەر پسوولەکە بنووسرێت و دەیانگوت ناوێکی دیکە لە جیاتی ناوی ئەوان بنووسرێت.

---

١- مهرنیا، احمد. «ستاره‌های نبرد هوایی، جلد دوم. انتشارات سوره مهر». ١٣٩٨. ل. ٨٧
https://n9.cl/3sk7q1

حاتەم و غەنی لە تەوریز لەگەڵ چەندماڵێکی کورد کە ئەوانیش هەر خەڵکی دزەی مەرگەوەڕ بوون، هاتووچوویان دەبێت، لە هەمان کات باسی دەستپێکردنی شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو جێگایەک بڵاو دەبێتەوە. بۆیە ئەوانیش بڕیار دەدەن سەردانی کوردستان بکەن.

## چوونەوە بۆ مەهاباد و چاوپێکەوتن لەگەڵ دوکتور قاسملوو

بە وتەی غەنیپوو، دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا، ناوی دوکتور قاسملوو زۆر لە نێو خەڵکدا بڵاو بووەوە و ناوبانگێکی دەرکردبوو و باسی شۆڕشی کورد دەکرا. ئەو و حاتەم بڕیار دەدەن کە بۆ دیداری قاسملوو سەردانی مەهاباد بکەن کە ئەوکات ناوەندی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. غەنیپوور دەڵێت کە ئەو و حاتەم هەر بە جلی سیڤیل و بە ماشینی خۆیان، لە ڕێگای میانداوەوە چوونەوە مەهاباد. غەنیپوور دەڵێت: «لە مەهاباد فەزایەکی زۆر خۆش هەبوو کە مرۆڤ دڵی پێ دەکرایەوە. کاتێک کە ئەو جەوەمان بینی و گوێمان لە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب بوو، لە خۆشیاندا فرمێسک لە چاوانمان هاتنە خوار و گریاین. پرسیارمان لە خەڵک کرد کە دەمانەوێت چاومان بە دوکتور قاسملوو بکەوێت. دوای ۱-۲ کاتژمێر پرسیارکردن و ئەوەی کە ئێمە لە هێزی ئاسمانییەوە هاتووین و پێمان خۆشە چاومان بە دوکتور قاسملوو بکەوێت، ئێمەیان بردەوە بۆ ماڵێک و زۆر ڕێزیان لێ گرتین، بەڵام لەبیرم نییە ماڵی کێ بوو. هەموو مرۆڤی چاک و خوێنگەرم. ئێمەیان بردەوە بۆ هۆڵی میوانان و لەوێ دانیشتین. دوکتور قاسملوو لە دیوێکی دیکە بوو. دوای نیو کاتژمێرێک داوای کرد کە ئێمە بچین بۆ لای. بۆ یەکەمین جار هەردووکمان لەوێ چاومان بە دوکتور قاسملوو کەوت. زۆر بە گەرمی و بە حورمەتەوە ئێمەی وەرگرت. لەبەر ئێمە هەستا و ئێمەی لە باوەش گرت و چاوی ئێمەی ماچ کرد و بە خێرهاتنمانی کرد. بە ئێمەی گوت کە زوو هاتووین! مەبەست ئەوە بوو کە دەبێت هەر لە پایگای هێزی ئاسمانی باین تا ئێمەیان بانگهێشت دەکرد. ڕۆژنامەوانێکی ئەمریکیش لەوێ بوو. ئێمە دانیشتین و دوکتور قاسملوو لەگەڵ

ڕۆژنامەوانە ئەمریکییەکە خەریکی قسەکردن بوو. دوای چەند ساتێک، دوکتور قاسملوو ڕووی لە ئێمەی کرد و وتی ئینگلیزیی کێهاتان باشە؟ وتم وەڵا کاک حاتەم ئینگلیزییەکەی زۆر باشە. دوکتور گوتی هەندێک لەسەر بارودۆخی کورد و خۆتان بۆ ڕۆژنامەوانەکە باس بکە. کاک حاتەم لەگەڵ ڕۆژنامەوانەکە ئاخافت و وتی کە فڕۆکەوانە و لە ئاریزووانا دەورەی بینیوە. ڕۆژنامەوانەکە زۆری پێ خۆش بوو. کاک حاتەم لەسەر وەزعی ئێران زۆر لەگەڵی قسەی کرد. دوکتور قاسملووش قسەکانی کاک حاتەمی بەدڵ بوو و پێی خۆش بوو. پاش ٤٥ خولەکێک کە لەوێ دانیشتین و چامان خواردەوە، ڕۆژنامەوانەکە ڕۆیشت. دوای ڕۆیشتنی ڕۆژنامەوانەکە، کاک حاتەم ڕووی لە کاک دوکتور کرد و پرسیارێکی لێ کرد کە قەت لەبیرم ناچێتەوە. ئەویش ئەوە بوو کە کاک حاتەم پرسی: «کاک دوکتور! بۆ لێرەڕا جنێو بە ئەمریکای دەدەن؟» دوکتور قاسملووش وڵامی دایەوە: «ئەنگۆ نازانن. پێت وایە لێی حاڵی دەبن!؟» بە وتەی غەنیپوور، دوای ئەوەی کە قاسملوو لەسەر ئەوەی کە خەڵکی کوێنە و لە چ بنەماڵەیەکن پرسیار لە حاتەم و غەنی دەکات، زۆر پێی خۆشحاڵ دەبێت و دیسانیش پێیان دەڵێت کە ئەگەر بە دوویان ناردبایە و ئەوان بهاتبان باشتر دەبوو بۆیان. لەوانەیە بەو هاتنە، بۆ ئەوان یان خێزانەکانیان کە ماڵەکانیان لە پایگای هێزی ئاسمانیدا بوو، کێشە ساز بێت. دواتر حاتەم و غەنی بە دوکتور قاسملوو دەڵێن کە ئەوە لە پلانیاندایە بۆ سەردانێک بچنەوە بۆ دزە. دوکتور قاسملوو ڕایاندەسپێرێ کە لەوێ چاویان بە مەلا حەسەن شیوەسەڵی بکەوێت. غەنیپوور دەڵێت کە مەبەست لەو دیدارە لەگەڵ دوکتور قاسملوو، هەڵسەنگاندنی بارودۆخ و ناساندنی خۆمان بوو بە دوکتور قاسملوو. بەو نیازە نەچووبوون ببن بە پێشمەرگە. چونکو ئەو شتانەی لە کوردستان ڕوویان دەدا، جێگای شانازی بوون. غەنیپوور هەروەها دەڵێت: «ئەوکات دەفتەری حیزب لە بینای شارەداریی مەهاباد بوو کە سەرگورد عەباسی لەوێ بوو. بەڵام جاری یەکەم کە چووین بۆ مەهاباد، نەچووین بۆ دەفتەری حیزب و کاک سەرگورد عەباسیمان نەبینی. بەڵام دواتر چەند جارێک چووین، لەوێ کاک سەرگورد عەباسیمان بینی».

ئەو خۆشەویستییەی لە نێوان حاتەم و دوکتور قاسملوو کە لە یەکەمین دیداردا

بەردی بناغەکەی دانرا، هەتا دوایی هەر بەردەوام بوو. بە وتەی ئەحمەد عەزیزی، پەیوەندیی نێوان قاسملوو و حاتەم وەک پەیوەندیی نێوان کوڕ و باوک بوو، بۆیە هەمووان ئێرەییمان پێ دەبرد (مەبەست ئیرەیی بە شێوەی ئەرێنییە). عەبدوڵڵا فەتاحی هۆی ئەو خۆشەویستییە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە قاسملوو لە ژیانی خۆش و کاری مامۆستایەتی لە دەرەوەی وڵات دەستی هەڵگرتبوو لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوەکەیدا، بۆیە ڕێزی تایبەتیی بۆ هەموو ئەو کەسانە هەبوو کە وەک ئەو لە خۆشیی ژیانی خۆیان دەستیان هەڵگرتبوو و بە تێگەیشتنەوە ڕێگای خەبات بۆ ماف و ئازادیی نەتەوەکەیان هەڵبژاردبوو و حاتەم دوعاخان یەکێک لەو کەسانە بوو.

## چوونەوە بۆ دزە ی مەرگەوەڕ و دیدار لەگەڵ شیوەسەڵی

بە وتەی غەنیپوور، کاتێک کە ئەوان لە مەهاباد دێنە دەر، بەرەو سێرێیانی نەغەدە دەچن و لەوێ دەبینن کە پاسدارەکان سەیتەرەیان داناوە و بە توندی خەڵک کۆنترۆڵ دەکەن و هەندێک کەسیشیان گرتووە. پێشی ئەوانیش دەگرن و داوای کارتی پێناسە دەکەن و لێیان دەپرسن بۆ کوێ دەچن. کاتێک وڵام دەدرێت کە دەچن بۆ شنۆ، بۆ پاسدارەکان دەبێتە پرسیار کە بۆ بەرەو ڕەزاییە[ورمێ] ناچن و دەچنە شنۆ. غەنیپوور وڵام دەداتەوە کە ئەوان خزم و ناسیاویان لە شنۆ هەیە و دەیانەوێت سەردانی ئەوان بکەن. دوای تێپەڕبوون لە سەیتەرە، غەنی و حاتەم دەچن بۆ ماڵی شێخ ساڵەح لە نەغەدە کە ئیمام جومعەی نەغەدە بوو. بۆ ئەوەی پێی بڵێن کارێک بکەن پاسدارەکان ئازاری خەڵک نەدەن و ئەو پاسدارە لاتولووتە بێپرەنسیپانە لە خەڵک دەدەن و خەڵک دەگرن. بەڵام کاتێک کە دەچنە ماڵەکەی و پرسیاری شێخ ساڵەح دەکەن، پێیان دەڵێن شێخ ساڵەح لە ماڵ نییە و بۆیە ئەوانیش کارێکیان بۆ ئەم خەڵکە هەژار و بەلەنگازە لەدەست نایە. ئەوان بەرەو شنۆ دەچن و لە شنۆ خەڵک پێشتر ئەوانیان دەناسی و بۆیە دەیانبەنەوە بۆ مەقەڕی حیزب و لەوێ چاویان بە نەبی قادری و مەلا محەممەد ڕەسووڵی دەکەوێت. دواتر بەرەو دزە دەکەونە ڕێ.

ڕۆژی دواتر، لەسەر ڕاسپاردەی قاسملوو، ئەوان دەچنە لای مەلا حەسەن شیوەسەڵی. غەنیپوور دەڵێت: « ئەو کات مەلا حەسەن شیوەسەڵی لەسەر گردی زێوە کە پێشتر پاسگا بوو و لەدەستی ئەواندا بوو، دەمایەوە. گردەکە لە دەستی پێشمەرگەکاندا بوو، بەڵام لە گوندەکانی دەوروبەر قیادەی موەقەت هەبوو. ئێمە هەر بە جلوبەرگی سیڤیل و بە ماشین چووین و لەوێ چاومان بە مەلا حەسەن کەوت. زۆر بە هاتنی ئێمە کەیفخۆش بوو. حاتەم گوتی بە فەرمایشی دوکتور هاتووین و ئەگەر کارێکتان هەبێت، لە خزمەتداین. ئێمە جارێ لێرەین. مەلا حەسەن گوتی کە ئێوە ئەفسەرن و ئەگەر بچن لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکان قسە بکەن، لەوانەیە کاریگەریی ئەرێنیی هەبێت. گوتمان کێ ببینین؟ کاک حەسەن گوتی جیهانگیرئاغای دری، محەمەدئەمین حاتەمی، ڕەشید بەگ و ئەوان. گوتمان ئەگەر وایە، بۆ هەر لێرەوە دەست پێ نەکەین؟ ئێمە لەگەڵ مەلا حەسەن چووین بۆ گوندی لۆرزنی بۆ ماڵی محەمەدئەمین حاتەمی کە حاتەم و منیان پێشتر دەناسی. بەهۆی ئەوەی کە لە کاتی خوێندندا ساڵێک زۆر یارمەتیی من و حاتەمیان دابوو، ئێمەش حورمەتمان بۆ هەبوو. بە ڕێزەوە پێشوازیی لە ئێمە کرد و ئێمەی وەرگرت. محەمەدئەمین بە کاک مەلا حەسەن گوتی کە هەر شتێک حیزبی دێموکرات بڵێت، من حازرم بیکەم. ئەگەر نەفەرتان پێویستە، ئەوە نەفەری من؛ ئەگەر چەکتان پێویستە، ئەوە چەک و ئەگەر پارەتان پێویستە، ئەوە پارە. ئێمە زۆر بە کەیفخۆشی لەوێ گەڕاینەوە و لەگەڵ کاک حەسەن چووین بۆ گوندی دزە.» بۆ ڕۆژی دواتر لەسەر ڕای مەلا حەسەن، هەرسێکیان پێکەوە دەچن بۆ جۆهنی بۆ لای تاهیرخانی سمکۆ؛ بەڵام ئەم جارە بە یۆنیفۆرمی هێزی ئاسمانییەوە. غەنیپوور دەڵێت: «ئێمە چووین بۆ جۆهنی و تاهیرخان لە ڕادەبەدر پێشوازییەکی گەرمی لە ئێمە کرد. باباخان سمکۆ، برای تاهیرخان و عەلی سمکۆ، کوڕە گەورەکەی تاهیرخانیش لەوێ بوون. کاک حاتەم قسەکانی دەست پێ کرد و داوای کرد کە هاوکار بن لەگەڵ شۆڕشی کورد. ئێمە ئەوکات زۆر کەم بیرمان دەکردەوە ئەمە شۆڕشە. نەماندەزانی خودموختاری چییە، بەڵام مەسەلە وڵاتپارێزیی ئێمە بوو کە کورد بۆ خۆی بێت. دواتر کە هاتینەوە نێو شۆڕش، ئەو پرسانەمان زانی. بەڵام لە دەستپێکەوە وەک وڵاتپارێزی زۆر باش و بە دڵسۆزییەوە ئێمە لەگەڵ تاهیرخان دانیشتین. تاهیرخان بەڵێنی دا، بەڵام

داوای کرد کە ئێمە بچین بۆ لای جیهانگیرئاغای دری. ئێمە چووین بۆ سێرۆ بۆ ماڵی جیهانگیرئاغا، عیسمەتیش لە لای بوو. کەسێکی خۆش مەشرەف و باش و سالارەپیاو بوو بەڕاستی. جیهانگیرئاغا گوتی: چونکە تاهیرخان گوتوویەتی، هەموو شتێک بەسەر چاوم. بەڵام کاتێک کە چاومان لێ کرد کە ئەو هەموو ماشینە ئاخر سیستەمە لە بەر دەرگای جیهانگیر ئاغای ڕاگیراوە، بووە پرسیار بۆمان. نەڵێی کە هەموو ئەوانەی کە سەر بە ڕێژیمی پێشوون و هەڵهاتوون، ماشینەکانیان لەوێ بەجێ هێشتووە. زۆر کورد و وڵاتپارێز بوو، بەڵام عیسمەت هەر ڕۆژە بە لایەکەوە دەکەوت. تەنانەت لەوێش هیچ ڕای دەرنەدەبڕی و بێدەنگ بوو. ئەم جارە جیهانگیر ئاغاش وتی کە پێی خۆشە ئێمە بچین بۆ لای ڕەشید بەگیش. یانی بە شێوازێک هەر جارێک ئێمەیان ڕەوانە دەکرد بۆ لایەک. ئێمە هەر هەمان ڕۆژ چووین بۆ ماوانە کە درەنگ گەیشتینە ئەوێ. کاتێک خەڵک ماشینەکەی ئێمەی بینی، منداڵەکان لە ئێمە کۆ بوونەوە و خەڵک هاتن. پرسیارمان لە بارەی ڕەشیدبەگەوە کرد، وتیان لێرە نییە و لە ورمێیە. پرسیارمان کرد ئەدی کوڕەکەی یان کەسێکی دیکە؟ ئەوان خۆیان نیشانی ئێمە نەدا و نەیانویست ئێمە ببینن. پێیان خۆش نەبوو ئێمە ببینن، بەڵام خەڵک لە ئێمە کۆ ببوونەوە». مامۆستا شێوەسەڵی لەو بارەوە دەڵێت: «دوای ئەوەی کاک حاتەم و کاک غەنی هاتن، سەردانی ئێمەیان کرد. لەگەڵ ئێمە هەر بە یۆنیفۆرمی نیزامییەوە هاتن بۆ لای محەمەدئەمین حاتەمی، جیهانگیری دری و سەردانی هەموو سەرۆک عەشیرەتەکانیان لەگەڵ کردین و خەڵکەکەیان هان دا پشتیوانیی ئێمە بکەن کە شەڕ بکەین لەگەڵ جمهووریی ئیسلامی، بەڵام دواتر هەر زانیاریی پێ دەگەیاندین ئەو کاتەی کە لە پایگای هەوایی تەورێزی کاری دەکرد». مامۆستا شێوەسەڵی هەروەها لەسەر کەسایەتیی حاتەم دوعاخان دەڵێت: «ئەو خاوەن قیافەیەکی جوان، هەڵکەوتوو، ڕێکوپێک، شیرین، سەریح و قسەلەڕوو و شەرافەتمەند بوو و ڕەوشتیشی هەر ئاوا بوو. کەسێکی نیزامی بوو بە ڕۆحییەیەکی نیزامیی ئەرێنی، نەک ڕۆحییەی داگیرکەرانە و خۆهەڵکێشانە. زۆر ڕۆحییەیەکی خۆبەکەمگرانەی هەبوو، مرۆڤێکی فیداکار، قارەمان، ئازا و نەترس بوو. هەر قیافەکەی چۆن بوو، سیفەت و ڕەوشتی شۆڕشگێرانەشی ئاوا بوو. ئەو کەسێک بوو وەک ڕاستی هاتە سەر دونیاییێک، وەک ڕاستی ژیا و وەک

ڕاستیش مرد لە پێناوی نەتەوەکەیدا و خۆی فیدا کرد».

دوای گەڕانەوەی حاتەم، غەنی و مەلا حەسەن لە لای سەرۆک عەشیرەتەکان، مەلا حەسەن بە حاتەم و غەنی دەڵێت کە لەوانەیە لەم ڕۆژانەدا شەڕێک بقەومێت و ئەوان پلانیان هەیە بۆ هێرش لەسەر پایگایەک لە ورمێ. بە وتەی غەنیپوور، ئەو و حاتەمیش بڕیار دەدەن لەو عەمەلیاتەدا بەشدار بن. ئەگەرچی شیوەسەڵی هەوڵ دەدات پەشیمانیان بکات، بەڵام ئەوان هەر پێداگری دەکەن لەسەر بەشداربوونیان لەو شەڕەدا. بۆیە بەرپرسان بڕیار دەدەن کە حاتەم و غەنی هەندێک پێشمەرگە لەگەڵ خۆیان بە ماشینی غەنی ببەنەوە بۆ گوندی ڕەزگە. دوای ٢-٣ ڕۆژ لەو گوندە و لە ماڵی سەید عەلی چاویان بە سەروان جاویدفەر (کاک هەژار) دەکەوێت کە لەگەڵ هەندێک پێشمەرگە لە شنۆوە هاتبوون بۆ ئەوەی بچن بۆ ئەم ئۆپراسیۆنە. حاتەم و غەنی لەگەڵ پێشمەرگەکان تا قۆیوونکووپی دەچن و دوای هاوەنبارانکردنی سەربازگەکە لە لایەن جاویدفەر، کازم گەوهەری و کاک حەسەن شیوەسەڵییەوە، جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە بۆ ڕەزگە. بە وتەی حەسەن شیوەسەڵی، ئەوکاتەی ئەوان بۆ لێدانی ئەو پادگانە چوون، کەریمخان حاتەمی بە چەکدارەکانی خۆیەوە هاتبوو و لە سێڕێیانی ڕاژانێ لە جیاتی ئەوان نیگەهبانیی دابوو کە نەکات شتێک ڕوو بدات تا ئەوان دەگەڕێنەوە.

ماوەیەکی کورت دوای ئەو عەمەلیاتە جارێکی دیکە حاتەم و غەنی دەگەڕێنەوە بۆ تەورێز بۆ سەر کاری خۆیان. بەڵام بە وەتەی شیوەسەڵی، هەر لە پەیوەندی لەگەڵ حیزب و ناردنی زانیاری بۆ حیزب بەردەوام بوون.

## چۆنییەتیی گیرانی غەنی و حاتەم لە لایەن ڕێژیمەوە

بە وتەی شیوەسەڵی، پێش چوونەوەی حاتەم و غەنی بۆ مەهاباد و یەکەم دیدار لەگەڵ دوکتور قاسملوو و دواتر چوونەوەیان بۆ مەرگەوەڕ و دیدار لەگەڵ مەلا حەسەن شیوەسەڵی، جارێک ڕێژیم لە ڕێگای لەشکەری ٦٤ی ورمێ بە تانک

و هێلیکۆپتێر و هێزی پیادە هێرشی کردبووە سەر زێوە لە ناوچەی مەرگەوەڕ کە لە بەرەنگارییەکی بێوێنەدا ٥ کەس بە فەرماندەیی مەلا حەسەن شیوەسەڵی توانیبوویان پێش بەو هێرشەی ڕێژیم بگرن و دوای کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە سەرباز و تێکشکاندنی تانکەکان و کوشتنی خەدەمەی ئەو تانکانە، پاشەکشە بە هێزەکانی ڕێژیم بکەن. لەو بارەوە مەلا حەسەن شیوەسەڵی دەڵێت: «ئێمە پێنج کەس چووین و ڕێگامان پێ گرتن و وەک درۆیێک دەچێت ئەگەر بڵێم، بەڵام تێک شکان. ئەگەر خەڵک باوەڕیش نەکات، هەر ئەوەندە بڵێم کە پاشەکشەمان بە هێزەکانیان کرد». غەنیپوور لەسەر ئەو شەڕە دەڵێت: «بەڕاستی لەو ناوچەیە کاک مەلا حەسەن بە ئارپیجی پێشڕەویی ئەرتەشی ڕاوەستاندبوو. پێشمەرگە کەم بوون، بەڵام خەڵک ئەوانەی کە چەکیان هەبوو، هاتن و دیفاعیان کرد. مەلا حەسەن شێرە پیاوانە لە بەرامبەر ئەو ستوونە و تانکدا ڕاوەستا. لە نێوان ڕەزگە و گاڕانە سەرگوردێک و ٣-٤ سەرباز کوژرابوون. پێشمەرگەکان هەموو ساخ و سەلامەت بوون. مەلا حەسەن زۆر باش و زیرەکانە دیفاعی کردبوو. ئێمە دوای شەڕەکە هاتین». بە وتەی شیوەسەڵی، ژمارەی کوژراوانی دەوڵەت زۆر لەوە زیاتربوو کە بۆ خۆیان دەیانگوت ٨ کەس کوژراوە. ئەو شەڕە ٣٠ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا ڕووی دابوو.

دوای دیداری حاتەم و غەنی لەگەڵ مەلا حەسەن شیوەسەڵی و ئەو ئەرک و چالاکییانەی کە هەیانبووە، دیسان ئەوان دەگەڕێنەوە بۆ تەورێز بۆ سەر کاری خۆیان. بەڵام ماوەیەک دواتر بە مورەخەسی لەگەڵ ژن و منداڵەکانیان سەردانی گوندی دزە دەکەن و لە لایەن خزمێکیانەوە ئاگادار دەکرێن کە لەسەر ئەوان ڕاپۆرت بە ڕێژیم دراوە. غەنیپوور دەڵێت: «لەلایەن خزمێکی ئێمەوە بە ناوی حاجی خەلیل کە مرۆڤێکی زۆر باش بوو، ئاگادار کراین گوزارشمان لەسەر دراوە و ئەوەی کە سەردانی سەرۆک عەشیرەتەکانمان کردووە، لە شەڕی سەر پایگایەک لە ورمێ بەشدار بووینە و ئەو شتانە. بەو شێوەیە کە ئەو باسی دەکرد، قسەکانی ئەوەندە ورد و ڕاست بوون، وەک ئەوە بوو بۆ خۆی لەگەڵ ئێمەدا بووبێت. بە ئێمەی گوت ئاگامان لە خۆمان بێت. بەتایبەتی دەنگۆی ئەوە هەبوو کە ئێمە بە جلوبەرگی نیزامی سەردانی مەلا حەسەنمان کردبوو و ئەمە کەوتبووە

بەر چاوی خەڵک».

بە وتەی غەنیپوور، ئەو جارە کە هاتبوون، ئەو تفەنگێکی ژ-٣ی لەگەڵ خۆی لە پایگای هێزی ئاسمانی لە تەورێزەوە هێنابوو و حاتەم ئاگای لەوە بوو. حاتەم و غەنی دوای ڕاوێژ، بریار دەدەن غەنی بگەڕێتەوە بۆ تەورێز و لە پایگای هێزی ئاسمانیی تەورێز ستوان سەلام کە خەڵکی ناوچەی تەرگەوەڕی ورمێ بوو، ببینێت. لەبەر ئەوەی کە ستوان سەلام لە بەشی هەواڵگریی پایگای هێزی ئاسمانی لە تەورێز کاری دەکرد. پێش گەڕانەوە بۆ تەورێز، غەنی بەپێی داواکاری مەلا مەجید، بەرپرسی ئەوقافی پارێزگاری تەورێز دەچێتە تازەکەند ژن و منداڵەکانی مەلا مەجید کە لە ماڵی خزمەکانی دەمانەوە لەگەڵ خۆی بباتەوە بۆ تەورێز، ئەوانیش لەگەڵ خۆی سوار دەکات و بەڕێ دەکەوێت بۆ تەورێز. بەڵام ئەوان نزیکەی ٢٠ خولەکێک دوای تێپەڕین لە سێرێیانی نەغەدە، لەلایەن هێزێکی ئەرتەشی ئێرانەوە پێشیان پێ دەگیرێت و دوای پرسیار و وڵام و تەماشاکردنی کارتی پێناس، پێیان ڕادەگەیەنێن کە ڕێگا لەلایەن ئەرتەشەوە گیراوە و دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ورمێ. کاتێک غەنی دەیەوێت ماشینەکە بسووڕێنێتەوە، جارێکی دیکە داوای لێ دەکەن کە ڕاوەستێ و هەر لەوێ دوای پەیوەندی لەگەڵ کاربەدەستانی ڕێژیم لە ورمێ، دەستبەسەری دەکەن. ماشینەکەی دەپشکنن، بەڵام تفەنگەکە نادۆزنەوە. ئەفسەرەکە هەر لەوێ لێی دەپرسێ کە ئەتۆ و ئەو سەربازەی کە لەگەڵتدایە (مەبەست حاتەم بووە) چیتان کردووە؟ هەر لەوێ هەڵسوکەوتیان لەگەڵ غەنی دەگۆڕێ و بە توندوتیژی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن. دواتر ئەفسەرێک لەگەڵ غەنی سواری ماشینەکەی دەبێت و بە دوو ماشینی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم ڕێ دەکەون و ڕادەستی لەشکەری ٦٤ی ورمێی دەکەن. لەوێ غەنی بە ژن و منداڵەکانی مەلا مەجید دەڵێت کە شتەکانیان لە ماشین دابەزێنن و تەکسییەک بگرن و بچنەوە بۆ ماڵی خۆیان.

بە وتەی غەنیپوور، ئەو لە لەشکەری ٦٤ی ورمێ لە لایەن کەسێک بەناوی سەرگود تاڵقانی[١] کە سەرۆکی ڕوکنی ٢ی لەشکەری ٦٤ی ورمێ بووە،

١- ئەوە دەبێت نازناوی بێت. لەبەر ئەوەی کە ڕۆکنی ٢، بەشی دژە هەواڵگریی ئەرتەشە و ئەفسەرانی ئەم بەشە زۆرتر لە جیاتی ناوی ڕاستەقینەی خۆیان کەڵک لە نازناو وەردەگرن.

لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت کە ئاگای لە هەموو شتێک هەبووە. ١٥ ــ ١٠ پرسیارێک لە غەنی دەپرسن و لەسەر سەردانیان بۆ لای تاهیرخان و سەرۆک عەشیرەتەکانی دیکە، لەسەر مەلا حەسەن شیوەسەڵی و ئەوەی کە ئەو و فرۆکەوانەکە (مەبەستی حاتەم بووە) لە شەڕێک کە ڕووی داوە و سەرگوردێک تێیدا کوژراوە، بەشدار بوون یان نە؟ دوای وڵامەکان، غەنی دەگوازنەوە بۆ زیندانی ساواک لە ورمێ کە ئەوکات ئیدی لە دەستی سپای پاسداراندا بوو.

بە وتەی غەنیپوور، هەواڵی گیرانی لە نێو خەڵکدا بڵاو دەبێتەوە و هەم حاتەم و هەم بنەماڵەی غەنیپوور لە گیرانی ئاگادار دەبن و ئیبراهیم غەنیپوور کە بۆ سەردان چووبووە گوندەکەیان، دەچێت بە هانای غەنییەوە و دەتوانێت لە گرتووخانەدا چاوی بە غەنی بکەوێت. بۆ ئەوەی غەنی ئەو چەکەی لە نێو ماشینەکەیدا بوو لە کۆڵ خۆی بکاتەوە کە نەکەوێتە دەستی پاسدارەکان و پەروەندەکەی قورستر نەبێت، براکەی حاڵی دەکات ماشینەکە وەربگرێتەوە و لەگەڵ خۆی بیباتەوە. بۆیە داوا لە پاسدارەکان دەکات سوویچی ماشینەکەی ڕادەستی ئیبراهیم بکەنەوە. سێ ڕۆژ دوای ئەو چاوپێکەوتنەی غەنی و ئیبراهیم، غەنی دەگوازنەوە بۆ تەورێز. هەموو کەسوکاریان بۆ چارەنووسی بەپەرۆش دەبن و پێیان وا دەبێت کە غەنی لە سێدارە دەدرێت. بۆیە باوکی غەنی داوا لە حاتەم دەکات کە ئەو نەچێتەوە بۆ تەورێز و خۆی ڕادەست نەکات تا تووشی چارەنووسی غەنی نەبێت. بەڵام سەرەڕای ئەوەی حاتەم دەزانێت لەوانەیە بگیردرێت و لەسێدارە بدرێت، دڵی نایەت غەنی لەو دۆخەدا بە تەنیا بەجێ بهێڵێت و پێیان دەڵێت کە دەگەڕێتەوە بۆ تەورێز و ئەگەر لە سێدارەشیان بدەن، با ئەویش لەگەڵ غەنی لە سێدارە بدرێت. حاتەم دەگەڕێتەوە بۆ پایگای شکاریی هێزی ئاسمانیی ئێران لە تەورێز و ئەویش لەوێ دەستبەسەر دەکرێت و دەگوازرێتەوە بۆ زیندان.

بە وتەی غەنیپوور، ئەو هەر لەو زیندانە ڕاگیرا کە بۆ خۆی لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێراندا لە گرتنی زیندان و ئازادکردنی گیراوەکاندا بەشدار بوو. لەو زیندانەدا ئەو لە ژوورێکی تاکەکەسیدا ڕادەگرن کە پێشتر سەروانێکی ئەرتەشی شا تێیدا زیندانی کرابوو و دواتر لە لایەن بەرپرسانی ڕێژیمەوە کوژرابوو و خوێنەکەی هێشتا بەسەر دیواری زیندانەکەوە مابوو، ئەویش گومانی دەبێت کە

لەوانەیە لەوێ بکوژرێت. دوای چەند ڕۆژێک کەسێک بە ناوی ئوستوار سەیدی[١] کە دوای شۆڕش ببووە بەرپرسی بەشی دژە هەواڵگریی پایگای دووەمی شکاری لە تەورێز، هاوڕێ لەگەڵ کەسێکی دیکە دەچن و لێپێچینەوە لەگەڵ غەنیدا دەکەن بەبێ ئەوەی ئاگاداری بکەنەوە کە سەروان حاتەم دەسبەسەر کراوە. دوای لێپرسینەوە، جارێکی دیکە غەنی دەبەنەوە بۆ ژووری خۆی.

بە وتەی غەنیپوور، ڕۆژێک ڕەئیسی زیندان بە ناوی یەزدانی[٢] دەچێتە ژوورەکەی و دەپرسێت حاڵی چۆنە و غەنیپوور گلەیی لێ دەکات کە جێگاکەی زۆر خراپە و بەبێ سووچ گیراوە و داوای لێ دەکات جێگاکەی بگۆڕن. دواتر ئەو دەگوازنەوە بۆ ژوورێکی دیکە و لەگەڵ زیندانییەکی ساواکی و کەسێک کە بە سووچی مادەی هۆشبەر دەسبەسەر کرابوو، ڕایدەگرن. دوای چەند ڕۆژێک کە لەو ژوورە بووە، پاسدارێک بە ناوی ڕەحمان دێت بۆ ژوورەکەیان و داوا لە غەنی دەکات بچێتە دەرێ. غەنی لە ژوورەکەی دەچێتە دەرەوە، ئەو بە زمانی ئازەری پێی دەڵێت کە «هاوڕێکەت لێرەیە». غەنیپوور دەڵێت: «بە بیستنی ئەو خەبەرە، وەک ئەوە بوو هەموو دونیایان بە من دابێت. ڕەحمان گوتی حاتەم داوای پارەی کردووە. چوومەوە بۆ ژوورەکەم و جزدانەکەم هێنا. ٥٠٠ تمەنم پێ بوو. ١٠٠ تمەنم بۆ خۆم هەڵگرت و ٤٠٠ تمەنیشم دا بە پاسدار ڕەحمان کە بیداتە حاتەم. بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت حاتەم پارەی پێ بووە. بەس بۆ ئەوەی کە بزانێت منیش لەوێم

---

١- سەزاوار سەیدی یەکێک لە لایەنگرانی خومەینی بوو لە مەشهەد کە کەسێکی خاوەنی کەسایەتییەکی نزم بووە و لە لایەن خودی کاربەدەستانی ڕێژیمەوە دوای چەند ساڵێک لە کار لادەدرێت و بە خیانەت تۆمەتبار دەکرێت. لەبەر ئەوەی کە ئەو زۆربەی فڕۆکەوانەکانی پایگای دووهەمی شکاری تەورێزی دەرکردبوو بە تۆمەتی شاپەرستی.
ئەو کەسەی دووەم کە غەنیپوور دەڵێت لەگەڵ سەیدی لێپێچینەوەیان لە غەنیپوور کردووە، دەبێت کەسێک بەناوی بایرامعەلی بێت. ناوی سەیدی و بایرامعەلی لەو لینکانەدا پێکەوە هاتووە:

https://n٩.cl/bg٠w٠

https://n٩.cl/fbkfm

https://n9.cl/2v1t6

٢- محەمەد عەلی عەبد یەزدان کە ڕەئیسی زیندانی تەورێز بووە، کەسێکی بێویژدان و خاوەنی کەسایەتییەکی زۆر نزم بووە. براکەی ناوی محەممەد حەسەن عەبد یەزدانی بووە کە لە درێژەی ئەم نووسینەدا باسی ئەویش دەکرێت. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئەم لینکانە:

https://n9.cl/ham6s

https://n9.cl/8mqv4

https://n9.cl/mx78w

https://n9.cl/q1gjv

https://n9.cl/o97iz

یان نە، ئەو داوایەی کردبوو. دواتر پارەکەی بۆ من گەڕاندەوە چونکە پێویستی پێ نەبوو». بە وتەی غەنی، ئەو و حاتەم لەو ماوەیەدا لە ڕێگای ڕەحمانەوە لە پەیوەندیدا دەبن و غەنی هەموو ئەو پرسیار و وڵامانەی لە لێپرسینەوەکاندا هەبووە، بۆ حاتەم بە نووسراو و بە شاردنەوەیان لە نێو جلوبەرگدا بەڕێ دەکات و حاتەمیش هەر جار پووڵێک بابەتی ئەم کارە بە پاسدار ڕەحمان دەدات. پاسدار ڕەحمانیش ئاگاداری ئەوە نەبووە کە لە نێو جلوبەرگەکاندا کاغەزی نووسراو هەیە.

بە وتەی غەنی، حاتەم بۆی گێڕایەوە کاتێک کە ئەوان لە زیندانی تاکەکەسیدا بەند کرابوون، شەوێک چەند کەسێک لەو بەندەی حاتەم تێیدا ڕاگیرابوو، بۆ لە سێدارەدان دەبەن و بەهەڵە حاتەمیش لە ژوورەکەی دەبەنە دەرەوە و لەگەڵ خۆیان دەیبەن. بەڵام حاتەم نازانێت بۆچی ئەوانە دەبەن. کاتێک کە دەگەنە نزیکەی ئەو حەوشەی حوکمی سێدارەدانیان تێیدا جێبەجێ دەکرد، ڕەئیسی زیندان (محمەدعەلی عەبدیەزدانی) بە زمانی ئازەری لێیان دەپرسێت کە فرۆکەوانەکە بۆ کوێ دەبەن؟ ئەوانیش دەڵێن دەیبەین لە سێدارەی بدەین. ئەو دەڵێت کە بگەڕێنەوە و حوکمی ئەوە سێدارە نییە و لەوێ حاتەم تازە پێی دەزانێت بۆچی هێناویانە.

لەو ماوەیەدا کە حاتەم و غەنی لە دوو بەشی جیاوازی زیندانی تەورێزدا دەبن، ڕێژیم بۆ بەدواداچوون و کۆکردنەوەی زانیاری، کەسێک دەنێرێت بۆ ناوچەی مەرگەوەڕ و ئەو ڕاپۆرتێک ئامادە دەکات کە لە بەرژەوەندیی حاتەم و غەنیدا دەبێت. لە لایەکی دیکە، مەلا سەعدوڵلا و مەلا خدری هاوەڵزاوای حاتەم، «شایەتنامچەیەک» بە واژۆی هەندێک خەڵکی ناوچە ئامادە دەکەن کە هەموو تۆمەتەکانیان بە بۆختان لە قەڵەم دابوو. بۆیە کاتێک لێکۆڵەر حاتەم و غەنی بانگ دەکات بۆ لێکۆڵینەوە، دوای لێکۆڵینەوە هەردووکیان دەگوازنەوە بۆ لای یەکتر و لە یەک بەنددا ڕایاندەگرن و دواتر ڕێگا بە ژن و منداڵەکانیشیان دەدرێت کە سەردانی حاتەم و غەنی بکەن و بیانبینن. بە وتەی غەنیپوور، لەو ماوەیەدا کە ئەوان دەسبەسەر کرابوون، هەندێک لە فڕۆکەوانەکانی هاوڕێی حاتەم، بەردەوام پشتگیرییان لەوان کردووە و بە تەنیا بەجێیان نەهێشتوون.

ناوبراو دەڵێت کە هیچ یەک لەو فڕۆکەوانانە کورد نەبوون.

بە وتەی غەنیپوور، دوای ماوەیەک محەممەدحەسەن عەبدیەزدانی، برای ڕەئیسی زیندانی تەورێز، غەنی و حاتەم ئاگادار دەکاتەوە کە بە هۆی ئەوەی لە ورمێ تۆمەتبار کراون، دەبێت بنێردرێن بۆ ورمێ و لەوێ دادگاییان بکەن. محەممەدحەسەن عەبدیەزدانی پێیان دەڵێت کە دەبێت بە ماشینی حکوومەتی بەڕێیان بکەن، بەڵام ئەگەر حاتەم و غەنی بۆ هەر یەکێکیان ١٥٠٠ تمەنی پێی بدەن، ئەوکات بە ماشینی خۆی دەیانبات. حاتەم و غەنی ئەوە قەبووڵ دەکەن، بەڵام پارەیان ئەوەندە پێ نییە. بۆیە لەگەڵی سوار دەبن و عەبدیەزدانی و کەسێکی دیکە کە لەگەڵی بووە، دەست و پێی حاتەم و غەنی دەبەستنەوە و پێکەوە بە ماشین دەچنە ماڵی حاتەم لە پایگای هێزی ئاسمانی لە تەورێز و پارە لە خێزانی حاتەم وەردەگرن و دەیدەن بە عەبدیەزدانی. دواتر لە نێو ڕێگا لاقیان دەکاتەوە، بەڵام دەستیان ناکاتەوە و بە کەلەبچەوە ڕادەستی زیندانی پێشووی ساواک لە ورمێیان دەکات کە دوای شۆڕش لە دەستی سپای پاسداراندا بوو. لە کاتی ڕادەستکردنیاندا دەڵێت کە ئەوان ئازادن، بەڵام تا بە فەرمی ئازاد دەکرێن لێرە دەبن و بۆیە بەرپرسانی ئەو زیندانە بە ڕوویەکی خۆش ئەوان وەردەگرن و لە ژوورێکدا زیندانیان دەکەن کە ئەندازیارێک بە ناوی مەلێکی تێیدا دەستبەسەر بووە. بە وتەی غەنیپوور، موهەندیس مەلێکی کەسێکی دەوڵەمەند و ژوورەکەی زۆر پاک و خاوێن بوو و هەموو ژەمەکانی خواردنی لە دەرەوەی زیندان بۆ دەهات. لەو ماوەیەی کە حاتەم و غەنی لەوێ دەسبەسەر دەبن، مەلێکی ناهێڵێت ئەوان هیچ خەرجێک بدەن، سەرەڕای ئەوەی ئەوان پێداگری دەکەن کە ئەوانیش هاوخەرج بن. مەلێکی ڕقی لە کۆماری ئیسلامی بوو و لەبەر ئەوەی کە حاتەم و غەنی دژی ئەو ڕێژیمە خەباتیان دەکرد دڵخۆش بوو و خۆشیانی دەویست.

غەنیپوور دەڵێت لەو زیندانەدا لاوێکی کوردیش زیندانی کرابوو و سروودی ئەی ڕەقیبی دەگوتەوە. ئەوان دواتر لە کاتی هەواخۆریدا چاویان بەو کوڕە دەکەوێت.

غەنی و حاتەم دوای ٣ هەفتە ڕاگیرانیان لەو زیندانە، بانگیان دەکەن و بە دوای وەرگرتنی بەڵێننێکی نووسراوە کە بریتی بووە لەوەی لەمەودوا نابێت لە یەک

جێگا پێکەوە خزمەت بکەن و بۆ هەر کوێ کە بیاننێرن، ئەوان دەبێت قەبووڵ بکەن و بڕۆن، نابێت سەردانی ناوچەی خۆیان بکەن و هەر کاتێک کە دادگا داوا بکات، دەبێت ئەوان ئامادە بن، ئازادیان دەکەن. پێش ڕۆیشتنیان پێیان دەڵێن کە دەبێت بچن بۆ لەشکەری ٦٤ی ورمێ و چاویان بە زەهیرنژاد بکەوێت. ئەوان پێش چوونەوەیان، بێجگە لە کرێی تەکسی تا گەیشتن بۆ لەشکەری ٦٤ی ورمێ، هەموو ئەو پارە و جلوبەرگانەی پێیان بووە، دەیدەن بە پاسدارەکانی زیندان و داوایان لێ دەکەن بیدەن بەو کوڕە کوردە کە لەوێ دەسبەسەر بوو. حاتەم و غەنی دەچنەوە بۆ لەشکەری ٦٤، بەڵام زەهیرنژاد لەوێ نابێت. بۆیە چاویان بە جێگرکەی و سەرگورد تاڵقانیی بەرپرسی ڕوکنی ٢ دەکەوێت. لەوێ دوای بڕێک قسەکردن لەگەڵ حاتەم و غەنی، پێیان دەڵێن کە کێ ڕاپۆرتی لێ دابوون. بە وتەی غەنیپوور، لەوێ ئەوان زۆر بە دژی بیر و باوەڕی کوردایەتی قسەیان کرد. بەڵام ئەو و حاتەم لە بارودۆخێکدا بوون کە نەیاندەتوانی وڵامیان بدەنەوە. حاتەم لەوێ ئیزن وەردەگرێت کە تەلەفۆنێک بۆ پایگای هێزی ئاسمانی لە تەورێز بکات. دوای تەلەفۆنەکە کاتێک هەڤاڵانی ئاگادار دەبن کە ئەوان ئازاد کراون، بە فڕۆکەی هێزە چەکدارەکان دێن بۆ ورمێ و ئەوان لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە بۆ تەورێز.

## دیسان لە پایگای دووەمی شکاری لە تەورێز

کاتێک حاتەم و غەنی ڕاگوێزرابوون بۆ زیندان لە ورمێ، ژن و منداڵەکانیان چووبوونەوە بۆ گوندی دزەی مەرگەوەڕ بۆ لای بنەماڵەکەیان. بە وتەی غەنیپوور، ڕۆژێک دوای گەڕانەوەیان بۆ تەورێز، سەرهەنگ فەکووری فەرماندەی پایگای هێزی ئاسمانی لە تەورێز، بۆ هەواڵپرسینیان دەچێت بۆ سەردانیان و داوایان لێ دەکات ڕۆژی دواتر بچنەوە بۆ لای. ڕۆژی دواتر کە حاتەم و غەنی دەچنەوە بۆ لای، داوای لێ دەکەن ئیزن بدات ئەوان بچنەوە بۆ گوندی دزە و ژن و منداڵەکانیان بگەڕێننەوە بۆ تەورێز. سەرهەنگ فەکووری دەڵێت کە بەو مەرجە ئیزنیان دەدات سەیدی لەگەڵیان بچێت. لەوێ گرفت لە نێوان سەروان حاتەم

و سەرهەنگ فەکووری دێتە پێشێ و حاتەم دەڵێت کە لەگەڵ سەیدی ناچێت و ئەو ساوامایە. باشتر وایە چەند فڕۆکەوانێکی دیکە کە هاوڕێیانن، لەگەڵ خۆیان ببەن. بەڵام فەکووری ڕازی نابێت و ئەوان لە ژوورەکەی خۆی دەر دەکات. سەرهەنگ دوویەک کە خەڵکی تالش و سونی مەزهەب بووە و گوێی لە دەنگەدەنگی حاتەم و فەکووری دەبێت، دوای چوونەدەرەوەی حاتەم و غەنی لە ژووری فەکووری، لەگەڵیان قسە دەکات و پێیان دەڵێت کە ئێوە هەڵەن و ئەویش سەیدی دەناسێت کە کەسێکی باش نییە، بەڵام بەو شێوەیە موبارزە ناکرێت. داوایان لێ دەکات ڕاوەستن تا لەگەڵ فەکووری قسان دەکات. بەڵام ئەم ڕۆژە شتێکی دەست ناکەوێت و بەڕێیان دەکات و داوایان لێ دەکات حاتەم و غەنی بەیانی بچنەوە بۆ لای. بۆ بەیانی کە حاتەم و غەنی دەچنەوە، ئەو کەسە فەکووریی ڕازی کردبوو. حاتەم و غەنی لەگەڵ چوار فڕۆکەوانی دیکە کە هاوڕێی حاتەم بوون و دوویان لەوان ژن و منداڵەکانی خۆشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، بە ماشینەکانی ئەوان دەچن بۆ گوندی دزەی مەرگەوەڕ. لە ڕێگادا چاویان بە چەند پێشمەرگەیەکی خەڵکی دزە دەکەوێت، کە دەبینن حاتەم و غەنی ئازاد کراون و هاتوونەتەوە، تەقەی خۆشی دەکەن و ئەوەش لای فڕۆکەوانەکانی دیکە ترس دروست دەکات. بەڵام حاتەم و غەنی پێیان دەڵێن کە ئەوە بەشێکە لە کولتووری ئەم ناوچەیە و خەڵک لە کاتی خۆشیدا تەقە دەکەن.

خەڵک پێشوازییەکی باش لە حاتەم و غەنی دەکەن و بۆ سەردانیان دەچن. لە گوندی دزە کە پێشمەرگەشی لێ بووە و کاتێک فڕۆکەوانەکان جەوەکە دەبینن، بە شۆخی بە حاتەم و غەنی دەڵێن کە بەو جۆرەی ئەوان دەیبینن، دەبێت ئەو قسانەی لەسەر ئەوان کراون، ڕاست بن.

دوای چەند ڕۆژێک حاتەم و غەنی لەگەڵ منداڵەکانیان و بە ماشینی خۆیان کە پێشتر لە گوندی دزە بەجێیان هێشتبوون و ئەو فڕۆکەوانانەی دیکە کە لەگەڵیان هاتبوون، دەگەڕێنەوە بۆ تەورێز.

## «هەر کاتێک هاتییەوە، تەلەفزیۆنێکی ڕەنگیم لەگەڵ خۆت بۆ بێنە!»

دوای گەڕانەوەی حاتەم و غەنی بۆ تەوریز، دیسان ئەوان دەچنەوە سەر کاری خۆیان. دوای نزیکەی دوو هەفتەیەک، ڕۆژێک غەنی دەچێت بۆ سەردانی حاتەم و دەبینێت حاتەم زۆر غەمگین و ناڕەحەتە. غەنیپوور دەڵێت: «لێم پرسی: خێرە بۆ وا ناڕەحەتی؟ حاتەم گوتی کە دیسان بیانوویان لێ دەگرن و فەکووری لەگەڵ ئەوان ڕاست ناکات. لە کۆبوونەوەیەکدا کە کەسێک بەناوی سەرگورد ئەحمەدپوور ڕێکی خستبوو، لە سەر خەریتەی ئەو ناوچانەی کوردستان کە شەڕی پێشمەرگە و هێزەکانی حکوومەتی تێیدا هەبوو، نیشانیان دەدەن و دەڵێن حاتەم و فڕۆکەوانێکی دیکە دەبێت بچن و ئەو ناوچانە بۆمبارانی بکەن و حاتەم دەبێت فەرماندەی ئەو هێرشە بێت، بەڵام حاتەم ئەوە ڕەت دەکاتەوە». غەنیپوور و شیوەسەڵی دەڵێن کە «حاتەم لە وڵامی ئەو داوایەی کاربەدەستانی ڕێژیمدا گوتبووی کە ئەگەر فەرمانم پێ بکەن بچم موسکۆ بومباران بکەم، ئەگەرچی دەزانم فڕۆکەکەم پێش گەیشتن بە موسکۆ بەر دەبێتەوە و دەکوژرێم، ئامادەم بچم، بەڵام بە هیچ شێوەیەک حازر نیم خەڵکی خۆم بۆمبارانی بکەم». بە وتەی غەنیپوور، دوای ئەو قسانە، سەرگورد ئەحمەدپوور بە حاتەم گوتبووی کە ئێستا کاتی شەڕە و ئەگەر فەرمانەکە جێبەجێ نەکات، دەیدەنەوە بە دادگای نیزامی و ئێعدامی دەکەن. کەچی دیسانیش حاتەم ئامادە نابێت ئەو کارە بکات و بۆیە هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ئیزنی فڕین لە حاتەم وەردەگرن و بۆ کاتی بڕیار کە چ بڕیارێک لەسەری بدەن، دەنێرنەوە ماڵ. غەنیپوور دەڵێت کە هەردووکیان لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا بوون و ترسیان هەبوو دیسان دەسبەسەر بکرێن. دواتر غەنی و حاتەم دەگوازنەوە و حاتەم دەنێرن بۆ تاران و غەنیش بۆ دوورگەی کیش. ئەوان تا تاران پێکەوە دەچن و حاتەم بە غەنی دەڵێت کە هەر کاتێک بە تەلەفۆن قسەمان لەگەڵ یەک کرد، ئەگەر گوتم «هەر کاتێک هاتییەوە، تەلەفزیۆنێکی ڕەنگیم لەگەڵ خۆت بۆ بێنە!» ئەوە بزانە کە من هەڵدێم و دەڕۆم بۆ کوردستان و توش ئاگات لە خۆت بێت. دوای مانگێک لە دوورگەی کیش،

غەنیپوور تەلەفۆن بۆ ئەو پایگایە دەکات کە حاتەمی لێ بووە. هاوڕێیەکی حاتەم وڵام دەداتەوە و بە غەنیپوور دەڵێت کە حاتەم بۆ مورەخەسی چووە و گوتوویەتی کە هەر کاتێک غەنی تەلەفۆنی کرد، پێی بڵێ کە هاتیتەوە تەلەفزیۆنێکی ڕەنگیم بۆ بێنە. غەنیپوور بە بیستنی ئەو قسەیە، دەزانێت کە حاتەم هەڵهاتووە.

غەنی دەڵێت، کە دوای مانگ و نیوێک لە کیش، دەگەڕێتەوە بۆ تاران و ماشینەکەی کە لە ماڵی خاڵی لە تاران بەجێ هێشتبوو، وەردەگرێت و دەچێتەوە بۆ تەورێز. لە تەورێز پێی رادەگەیەنێن کە «بازخرید» (دەرکردنی ماقووڵانە) کراوە و دەتوانێت پاکانەحیساب بکات، دوای پاکانەحیساب بچێتە بۆ تاران و پارەکەی کە ١٢٠ هەزار تمەن بوو، وەربگرێت. لەو کاتەدا کە ئەو خەریکی پاکانەحیساب دەبێت، سەرگورد ئەحمەدپوور چاوی بە غەنیپوور دەکەوێت و هەموو کارەکانی لێی تێک دەدات. پرسیاری حاتەمی لێ دەکات و ئەویش دەڵێت ئاگای لێی نییە. ئەحمەدپوور داوا لە غەنی دەکات کە بچێت و حاتەم بهێنێت و ئەگەر بگەڕێتەوە، ئەوە ئەویش «بازخرید» کراوە و دەتوانێت پاکانەحیساب بکات و پارەکەی وەربگرێت و دواتریش بۆ هەر کوێ کە پێی خۆشە، بچێت.

غەنی هیچ ڕێگایەکی بۆ نامێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ گوندی دزە. بەڵام کاتێک دێتەوە ئەوێ، دەبینێت کە حاتەم کەلاشنیکۆف لە شان، بووەتە فەرماندەی هێزی نحۆ.

بە وتەی غەنیپوور، ئەو نەیتوانی حاتەم ڕازی بکات کە بگەڕێتەوە. بۆیە بۆ خۆی چووە بۆ پاسگای زێوە بۆ لای سەروان شەمشیرزەن و بە هەڕەشە و قسەی خۆش، دەتوانێت بەڵگەیەک بە شەمشیرزەن بنووسێت کە تەئیید بکات حاتەم نەخۆشە. غەنیپوور ئەو بەڵگەیە دەباتەوە بۆ دەرمانگای زێوە کە دوکتورێکی پاکیستانیی لێ بوو، بە ئەویشی واژۆ دەکات و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ تەورێز. حاتەم داوای لێ دەکات کە ئەگەر چووە تەورێز، بچێتە بۆ ماڵی حاتەم و هەندێک پارە و زێر و شتی ژنەکەی لەوێ بەجێ مابوون و شتەکانی خۆی بهێنێت و بگەڕێتەوە. غەنیپوور دیسانیش سەرکەوتوو نابێت پرۆسەی پاکانەحیسابەکەی تەواو بکات کە تووشی ئەحمەدپوور دەبێت. کاتێک لێی دەپرسێت کە چیت کرد!؟ غەنی

پێی دەڵێت کە ئەوە نەخۆشە، دوای چاکبوونەوە بە ئیزنی خوا دەگەڕێتەوە. ئەحمەدپوور تووڕە دەبێت و دەڵێت: «غەنیپوور! با دستور ... حاتم اومدی؟ چی میگی تو!؟» بە وتەی غەنیپوور، ئەوان بە تەواوی ئاگاداری مەسەلەکە بوون و لە ناوچە دەستیان هەبوو. ئەحمەدپوور بە غەنی دەڵێت کە ئەگەر حاتەم نەهێنییەوە، تۆ دەسبەسەر دەکەین. غەنیپوور دەچێتە ماڵی خۆی و ماڵی حاتەم و ئەو شتانەی کە پێویستبوون هەڵدەگرێت و دەچێت ماشینەکەی دەفرۆشێت و دەگەڕێتەوە بۆ گوندی دزە و ئەویش لەگەڵ حاتەم دەبێتە پێشمەرگە.

## فەرماندەی هێزی نحۆ

بە وتەی غەنیپوور، ئەو کاتەی کە حاتەم هاتبووە بۆ گوندی دزەی مەرگەوەڕ، سەرگورد عەباسی بۆ کاروباری حیزبی هاتبووە ناوچە و ئەو پێشتر ئاگاداری بارودۆخی حاتەم و گیرانی لەلایەن ڕێژیم بوو. ئەو لەگەڵ حاتەم قسە دەکات و پێشنیار دەکات کە حاتەم ببێتە فەرماندەری هێزی نحۆ، حاتەم قەبووڵی دەکات. سەلاح فازڵی دەڵێت کە ئەو کاتەی حاتەم لە هێزی ئاسمانی هاتبووە دەرێ و هاتبووە بۆ دزەی مەرگەوەڕ، ئەو و مستەفا شەڵماشی وەک یەکەمین هەیئەتی ڕێبەریی حیزب بۆ دیتنی هاوڕێیانی حیزبی وەک ڕاسپێردراو لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە چووبوون بۆ باکووری ڕۆژهەڵات و یەکەمین کۆمیتە کە سەردانیان کردبوو، لە دزەی مەرگەوەڕ بوو. لەوێ لە ڕێگای هاوڕێیەکی حیزبییەوە ئاگادار دەکرێنەوە کە حاتەم، ئەفسەرێکی هێزی ئاسمانی، دەیەوێت چاوی پێیان بکەوێت. لە پێشدا فازڵی دەبینێت. فازڵی دەڵێت کە حاتەمم دیت، زۆر سەیر بوو، ئەوەی کە زەمیری ناخودئاگای پێی دەڵێن، کە بینیم ئەو کوڕە قیافەیەکی جوان و دەم و چاوێکی کوردانەی هەبوو و هەر زۆر قسەخۆش بوو. گوتی کاکە من لە هێزی ئاسمانی بوومە، بەڵام ئەمڕۆ ڕۆژی کوردبوون و کوردایەتییە. زۆر پیاوانە و بە هەیبەتێکی کوردانە و بەبێ پێچوپەنا قسەی کرد و گوتی کە من نامەوێ چی دیکە خزمەت بە کۆماری ئیسلامی بکەم و باوەڕیشم بە عەجەمان نییە. فازڵی دەڵێت: «بە حاتەمم گوت کە تۆ لە هێزی ئاسمانی بووی و لەوانەیە کۆماری

ئیسلامی لە زۆر ڕێگاوە هەوڵ بدات ئازار بە بنەماڵەت یان خۆت بگەیەنێت، لەو ڕۆژەوە کە بتەوێت کار لەگەڵ ئێمە بکەیت، دەبێت ئەو شتانەت لەبیر بێت. ئەوە کارێکی زۆر زەحمەتە». بۆیە فازڵی پێشنیار دەکات کە حاتەم بچێتە دەرەوەی وڵات. بەڵام حاتەم بە پێکەنینەوە وڵامی ئەو پێشنیارەی فازڵی دەدات و دەڵێت کە بەتەواوەتی بیرم لێ کردووەتەوە و دەشتوانم بچم بۆ دەرەوەی وڵات. بەڵام دەمەوێت خزمەت بە نەتەوەی خۆم بکەم. ئەو پێشنیارەی فازڵی، بە وتەی م.ئ.س.، لەلایەن زۆر کەسی دیکەشەوە بە حاتەم کرابوو، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو شۆڕش بەجێ بهێڵێت. دوای کاتژمێر و نیوێک پێکەوە ئاخافتنی حاتەم و فازڵی، فازڵی بە قەناعەت دەگات و دەڵێت کە مستەفا شەڵماشی ئاگادار دەکاتەوە تا قسەی لەگەڵ بکات. بەو وڵامە حاتەم زۆر دڵخۆش دەبێت و بە وتەی فازڵی، ئەو حەز و خۆشییەی لە دەم و چاویدا دیار بوو کە زۆر دڵخۆش بوو. دوای ئەوەی کە مستەفا شەڵماشی قسەی لەگەڵ دەکات، فازڵی بۆچوونی شەڵماشی لەسەر حاتەم دەپرسێت و شەڵماشی لە وڵامدا دەڵێت: «عەجەب کەڵە پیاوێکە! کابرایەکی زۆر بە شەخسییەت، زۆر بە بیروباوەڕ و زۆر کوردە. حەیفە ئەوە لە ئەرتەشی ئێراندا بووە». بە وتەی فازڵی، حاتەم زۆر بە زانینەوە ئەو بڕیارەی دابوو و گوتی کە حازر نییە خزمەت بە ئەرتەشی شا و خومەینی بکات و ئەگەر ئەوە بکات، ناچارە بە هۆی کێشە و پێکدادانی نێوان کورد و ڕێژیم، خەڵکی کوردستان بۆمباران بکات. ئەویش هەرگیز ئامادە نییە وەها کارێک بکات. حاتەم زۆر ڕاشکاوانە دەڵێت، کە ئەگەر وەک پێشمەرگەش قەبووڵی نەکەن، وەک دۆستێک و یان وەک خەڵکی دیکە لە هێزی بەرگریی نەتەوەییدا چەک بە دژی ڕێژیم هەڵدەگرێت و دێتەوە ناو شۆڕش و خزمەت بە نەتەوەکەی دەکات و بۆشی گرنگ نەبوو لە هێزی بەرگریی نەتەوەییدا بێت، پێشمەرگە بێت و یان ببێتە فەرماندەری هێز. ئەو کات قەت بیریشی لەوە نەدەکردەوە کە ڕۆژێک دوکتور قاسملوو ئەو وەک فەرماندە هێز دیاری بکات و یان ببێتە کەسێکی گرنگ لە نێو شۆڕشدا. ئەو تەنیا بڕیاری ئەوە بوو کە خزمەت بە نەتەوەکەی بکات. بە وتەی فازڵی، شەڵماشی لەگەڵ دوکتور قاسملوو باسی حاتەمیان کردبوو و دواتر کە حاتەم چاوی بە دوکتور قاسملوو دەکەوێت و فازڵیش بۆچوونی قاسملووی پرسیبوو لەسەر حاتەم، قاسملوو گوتبووی: «حاتەم کەسایەتییەکی تایبەتە و

دەبێتە یەکێک لە باشترین فەرماندەی هێزەکانی حیزب.»

بە وتەی فازڵی، هەر ئەو کاتیش ڕێژیم لە ڕێگای ڕۆکنی ٣ و دژە ئیتلاعاتەوە بەباشی ئاگای لە مەسەلەکان هەبوو. حاتەم لە ڕێگای هاوڕێیەکییەوە لەوە ئاگادار کرابووە کە ڕێژیم پلانی هەیە یان بیکوژێت و یان لە ئەرتەش دەری بکەن و حیزبیش لە ڕێگای دیکەوە ئاگاداری ئەو پیلانانەی ڕێژیم بوو. ئەحمەد عەزیزیش ئەو زانیارییانە دەرهەق بە ڕێژیم پشتڕاست دەکاتەوە. بە وتەی فازڵی، هەر پێش ئەوەی حاتەم ببێتە پێشمەرگەش، لەلایەن ئاشنایەکی خۆیەوە لە گوندی نوی ئاگادار کرابووەوە کە ڕێژیم پیلانی تیرۆرکردنی هەیە و بۆیە هەر پێش ئەوەی ببێتە پێشمەرگە، لە نێو گوندی دزەش بە چەکەوە دەگەڕا و دەمانچەی پێ بوو و ئاگای لە خۆی بوو.

غەنیپووریش دوای ئەوەی کە تەورێزی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ گوندی دزە، دوای ٤-٥ ڕۆژ ئەویش دەبێتە پێشمەرگە و مستەفا شەڵماشی کە لە ناوچە بووە، ئەگەرچی بەشی تەشکیلات پێیان خۆش بووە غەنی لە بەشی تەشکیلاتدا هاوکارییان بکات، بەڵام لەسەر پێشنیاری حاتەم، غەنی وەک فەرماندەی عەمەلیات لە هێزی نحۆ دیاری دەکات. غەنیپوور دەڵێت کە مستەفا شەڵماشی لە گوندی دزە لە ماڵی قاسم شێردڵ لەگەڵ حاتەم و کۆمیتە کۆبوونەوەی هەبوو، بە دوای غەنیدا دەنێرن و لەو کۆبوونەوەیدا بڕیار دەدەن ئەو وەک جێگری فەرماندەی هێز و فەرماندەی عەمەلیات ئەرک قەبووڵ بکات و بەڵگەی ئەو بەرپرسایەتییە لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە لەوێ پێی دەدەن.

غەنیپوور ئەگەرچی پێشتر لە نێو ئەرتەشی ئێراندا لە بەشی ڕاداردا کاری کردبوو، بەڵام کاتێک بۆ شەڕی زوفار نێردرابوو بۆ عومان، هەندێک دەورەی چریکیی بینیبوو.

غەنیپوور دەڵێت کاتێک کە بوو بە پێشمەرگە، هێشتا پێشمەرگەکانی هێزی نحۆ لە باری ڕێکخستن و دیسیپلینەوە بارودۆخیان زۆر تێکەڵ پێکەڵ بوو و ئەگەرچی خەڵکێکی زۆر ببووە پێشمەرگە، بەڵام هیچ پەروەردەیەکی چەکداریی ئەوتۆیان

نەدیتبوو. حاتەم زۆر چالاک و هەڵسوور بوو و سەرەڕای هەموو کەموکۆڕییەکان کارەکانی باش تێدەپەڕاند. ئەوکات هێزی پێشمەرگە لە باری جلوبەرگ و چەک و چۆڵەوە زۆر ناڕێکوپێک بوو و ئەوان هەوڵ دەدەن کە لەو بارەوە برێک ڕێکوپێکیان بکەن و دیسیپلین لە نێویاندا دابەزێنن. مورادی قسەکانی غەنیپوور لەو بارەوە پشتڕاست دەکات و دەڵێت کە ئەو کاتەی حاتەم بووە فەرماندەی هێز، بارودۆخی هێزی نحۆ زۆر ناڕێکوپێک بوو. حاتەم کەسێکی ڕێکخەر، خۆنەویست و بەبیروباوەڕ بوو و توانی ئەو هێزە ڕێک بخاتەوە.

## چەککردنی جاشەکانی ڕاژان - یەکەمین عەمەلیات

هەر چەند ڕۆژ دوای ئەوە، ناوچەکە بە هۆی ئەوەی برە خەڵکێک چەک لە ڕێژیم وەردەگرن و دەبن بە جاش، تووشی شڵەژان دەبێت. بە بڕوای غەنیپوور، ئەو شڵەژانە لەبەر ئەوە بوو کە هەندێک ئاغا و سەرۆک عەشیرەتی وەک سەید مووسا گەیلانی لە ڕاژان و ڕەشید بەگ لە ماوانە خەڵکیان چەکدار کردبوو و ببوون بە جاش. ئەو جاشانە لەلایەن قیادەی موەقەتەوە پشتیوانی دەکران.

حاتەم و غەنی بڕیار دەدەن ئەو جاشانە چەک بکەن و بۆیە داوای یارمەتی لە هێزی سمکۆ دەکەن و لکێک بە سەرپەرستیی محەممەدعەلیی پیرەژنێ (محەممەد کوردنژاد) کە خزمی حاتەم بوو و ئەحمەد عەزیزی جێگری بوو، دەچن بۆ یارمەتیی ئەوان کە جاشەکان چەک بکەن. ئەحمەد عەزیزی دەڵێت: «محەممەدی پیرەژنێ کەسێکی ئازا و خاوەن تەجربە بوو. ئەو ئاگاداری کردمەوە و گوتی بەرنامەیەکمان بەدەستەوەیە کە هێرش بکەینە ڕاژانێ. ئێمە خۆمان گەیاندە گوندی ڕەزگە. چووین بۆ گوندی ڕاژانێ. محەممەد عەلی پیرەژنێ بۆ خەڵک لەو گوندە قسەی کرد و گوتی کە ئێمە کوڕی ئێوەین و هەروەها قەت پێمان خۆش نییە لەگەڵ برایانی قیادەی موەقەت دەرگیر بین. ئێمە داوامان ئەوەیە ئەو چەکانەی کە پێتانە، ناوەکانتان دەنووسین و ئەو چەکانە دیسان هەر دەدەین بە ئەنگۆ و لەمەودوا ئێوە لەگەڵ دەوڵەت نین و لەگەڵ حیزبن.

خەڵکەکە پەشووکان، هەموو تفەنگیان هێنا بۆ مزگەوتێ. حاتەم و ئەوانیش لەوێ بوون. هەموو تفەنگەکانمان وەرگرت و بردمانەوە بۆ دزە». غەنیپوور دەڵێت: «بەڵام لە ئاخری شەڕەکەدا ئەوان (پێشمەرگەکانی هێزی سمکۆ) گەیشتن. شەڕ کە دەستی پێ کرد، ئێمە لە سێڕێیانی ڕاژانێ بووین. من بەرەو ماوانە چووم هەتا سەر ئەو گردانە. جاشەکان بەرگرییەکی زۆریان دەکرد. ئەرتەش و پاسدار نەبوون، بەس جاشەکان بوون. بەڵام هێلیکوتێر دەگەڕا و نەیدەزانی لە کوێ بدات و لە کوێ نەدات. لە لایەکی دیکە، قیادەی موەقەت لە ڕاژان و سلیڤانا هەبوو، لە ڕاژانێ پێشمەرگەکانیان ئامادەباش بوون و ئێمە دەمانبینی کە بۆ ئەملاوئەولا دەچن. لە سێڕێیانی ڕاژانێ تەقە دەستی پێ کرد، ئێمە تا نزیکی ماوانە چووین. حاتەم نەفەرێکی بەڕێ کرد کە بە من بڵێت بگەڕێمەوە، من گەڕامەوە. ئێمە هەوڵمان دا ڕاژان بگرین، چەند خومپارەیەکمان پێدا دا، من خومپارەم دەهاویشت. ئەوان کەسێکیان نارد کە داوا لە ئێمە بکەن تەقە نەکەین. تەقەمان ڕاوەستاند و بەو تەقە کەمەوە ئێمە چووینە نێو ڕاژانێ. ئێمە نزیکەی ١٠٠ بۆ ١٥٠ پێشمەرگەمان لەگەڵ بوو، پێشمەرگەکانی دیکە لە شەڕ بوون لە لای دۆڵەپێسان و ماوانە. ئێمە چووینە ناو ڕاژان، جاشەکان نزیکەی ١٥٥ کەس بوون، هەموومان لە چەک داماڵی. لە مزگەوتی ڕاژانێ دانیشتم و هەر جاشێک دەهات و ئێمە ناو و زانیارییەکەیانمان دەنووسی و چەکەکەی ڕادەست دەکرد، چەکەکانیان زۆرتر ژ-٣ و چەند چەکێکیش برنۆ بوو، هەروەها لە ڕاژان ٣ ئارپیجی و خومپارەیەکی ٦٠یشمان گرت. دوای ٣-٤ کاتژمێر تەواو بووین و چەکەکانمان لە ماشینێک هاوێشت و لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک ناردمانەوە بۆ مەقەڕی گوندی دزە. ئێمە لەوێ ماینەوە، بەڵام هیچ کەسێکمان ئازار نەدا، تەنانەت پێشمەرگەکان نەچوون بۆ ماڵی سەید مووسا کە ئەزییەتیان بدەن. من و شەهید حاتەم کونترۆڵی تەواومان هەبوو».

بە وتەی عەزیزی و غەنیپوور، بە هۆی ئەوەی محەممەدی پیرەژنێ پێشتر پێشمەرگەی قیادەی موەقەت بوو، قیادەکان بوونی ئەویان لە نزیک خۆیان بە مەترسی دەزانی و هۆکاری هەر چییەک بووبێت، پێیان خۆش نەبوو کە ئەو هاتووە بۆ ناوچەی مەرگەوەڕ. بە وتەی غەنیپوور، چەند پێشمەرگەیەکی قیادە

بەبێ چەک دەچن بۆ لایان و بە حاتەم و غەنی دەڵێن کە سەرۆک (مەسعوود بارزانی) داوا دەکات ئێوە بچن بۆ لای و پێی خۆشە لەگەڵ ئێوە قسە بکات. ئەو کات هێشتا قیادە بە دژی حیزبی دێموکرات شەڕی دەست پێ نەکردبوو و بگرە هاتووچۆش لە نێوانیاندا هەبوو. حاتەم و غەنی ٣-٤ پێشمەرگە لەگەڵ خۆیان دەبەن و دەچن بۆ مەقەڕی قیادە کە لە قوتابخانەیەک لە دەرەوەی گوندی ڕاژانێ بوو. لەوێ پێشمەرگەکانی قیادە زۆر بە حورمەتەوە وەریان دەگرن و داوایان لێ دەکەن کە چەکەکانیان لای ئەوان دابنێن و بەبێ چەک بچنەوە ژوور بۆ لای مەسعوود بارزانی. غەنیپوور دەڵێت کە فازل میرانی و سکرتێری ئەو کاتی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق و چەند کەسێکی دیکەش لە لای سەرۆک بارزانی بوون کە ناوەکەیانی لەبیر نییە.

بە وتەی غەنیپوور، لە پێشدا بارزانی دەستی بە قسە کرد و دیالۆگێکی بەو چەشنەیە لەنێوان «کاک مەسعوود» و حاتەمدا هاتە پێش:

-بارزانی: «باشە ئێوە بۆ هێرشتان کرد»؟

- حاتەم: «ئەز بەنی ئەوانە جاش بوون. ئێوەش دەزانن کە ئەوانە جاشن. ئەوانە لە پێشی شۆڕشی کوردستان ڕاوەستاون».

- بارزانی: « کارم بە ئەوانە نییە کە ئەوان جاش بن یان نەبن، بەڵام دەبێ ئێوە پرسێکتان بە ئێمە بکردایە. ئێوە و جاشەکان تەقە لە یەکتر دەکەن و ئێمەش لە نێوانتاندا ماوین. دەبێت ئێوە پێشتر ئێمەتان ئاگادار بکردایە».

- حاتەم: ئەز بەنی! ئێوە لێرە میوانی ئێمەن. لێرە ڕێبەری بەدەستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندایە. ئێوە میوانی ئێمەن و ڕێزتان لەسەر سەر و چاومانە. هەرچیمان لەدەست بێت، بۆ ئێوەی دەکەین، بەڵام ئێمە ڕێگا نادەین لە کاروباری ئێمەدا دەستێوەردان بکەن».

- بارزانی: «ئێوە بۆ محەممەدی عەلیی پیرەژنێتان لە لایەکی دیکەوە هێناوە بۆ شەڕ»؟

- حاتەم: «ئەز بەنی ئەو خزمی منە و ئێمە داوای هاوکاریمان لە هێزی سمکۆ کردبوو. جاشەکان زۆر بوون و ئێمە مەجبوور بووین لە هێزی سمکۆ یارمەتی وەربگرین».

غەنیپوور دەڵێت: «حاتەم هەر بەو ڕاشکاوییە قسەی کرد. کاک مەسعوود بەو قسانە زۆر تێکچوو. ڕەنگی سوور و سپی بوو. ڕابووە سەر چۆک و گوتی: «ئێمە ئەو شتانەتان لێ قەبووڵ ناکەین». ئاخافتنەکە بەرەو خراپی ڕۆیشت. من قسەکانم لە کاک حاتەم وەرگرتەوە و گوتم: ئەز بەنی! ئەوانە کۆسپ و ڕێگر بوون لە پێش ئێمە. ئەو هەموو جاشەیان لە ناوچە دروست کردووە، لە ماوانە و سلیڤانا و گوندەکانی دیکە. کاک مەسعوود هەر قسەکانی دەیهێنا و دەیبرد، بەڵام نەیتوانی ئێمە ئیقناع بکات. کاک حاتەم زۆر بە جوانی شیی کردەوە و باسی ئەوەی کرد کە ئێمە ڕێزمان بۆ ڕێبەریی ئێوە هەیە. خوا مەلا مستەفا بارزانی عەفوو کات. ڕێزمان بۆی هەیە. بەڵام هەرچی کاک حاتەم هەوڵی دا، کاک مەسعوود هەر لەسەر قسەی خۆی سوور بوو کە ئێمە دەبوایە ئیزنمان لەوان وەربگرتایە و بەبێ ئیزنی ئەوان ناتوانین لەو ناوچەیە هیچ عەمەلیاتێک بکەین و ئەوانیش هێزێکن. جارێکی دیکە کاک حاتەم دووپاتی کردەوە کە «ئەزبەنی! ئێوە میوانی ئێمەن، لەسەر چاوی ئێمە. بەڵام ئێمە ئیزن نادەین دەستێوەردان لە کاروباری ئێمەدا بکەن»! قسەیەک لەوان و قسەیەک لە ئێمە، بە هیچ نەگەیشتین. ئێمە هەستاین و خواحافیزیمان کرد و دەرکەوتین. بەڵام کاک مەسعوود هەر وڵامی خواحافیزیی ئێمەشی نەدایەوە و نەیگوت بەخێریش بچن. ئێمە بە دڵگرانی، بەڵام نەک دڵگرانییەکی توند، لە لای کاک مەسعوود و فازڵ میرانی و سکرتێری پارتی [عەلی عەبدوڵڵا؟] و ئەوان گەڕاینەوە. ئێمە هاتینە دەرێ و ببووە ئێوارەیەکی درەنگ. شەڕ تا ئەوکات هەر بەردەوام بوو لەسەر دۆڵەپێسان و ماوانە. بەڵام ئێمە گەڕاینەوە و هەموو پێشمەرگەکانمان هێنا بۆ گوندی دزە».

بە وتەی فازڵی، قیادە پێشتر لە باری ئەوەی کە میوانی کێیە، بڕیاری خۆیان دابوو. فازڵی دەڵێت کە هەر لەو سەردانەیدا بۆ باکووری ڕۆژهەڵات لەگەڵ

مستەفا شەڵماشی، شەڵماشی لە ڕاژان چاوی بە سەرکردایەتیی قیادەی موەقەتیش کەوت و لەگەڵیان قسەی کرد و پێیانی گوت کە هیوادارین ئێوە لێرە وەک میوان هەڵسوکەوت بکەن. بەڵام سەرکردەیەکی قیادە لە وڵامیدا دەڵێت: «ئێمە میوانی جمهووری ئیسلامین». ئەو قسەیە جێگای تێڕامانە و خەتی سیاسیی ئەوانیان لەو سەردەمەدا نیشان دەدا. لەبەر ئەوەی کە بە وتەی فازڵی، پێش دەسپێکردنی شەڕی قیادەی موەقەت لەگەڵ کوردی ڕۆژهەڵات، لە ئەبوو حیکمەت، سکرتێری حیزبی شیووعی گوێی لێ ببوو کە سەرکردەیەکی قیادە بڕیاری داوە شەڕی کوردی ڕۆژهەڵات بکات. ئەوە زۆر پێش ڕوودانی شەڕی قیادەی موەقەت لەگەڵ کوردی ڕۆژهەڵات بوو.

بە وتەی غەنیپوور، دوای گەڕانەوەی ناوبراو بۆ گوندی دزە و تەواوبوونی عەمەلیاتی گوندی ڕاژان و ماوانە، ئەو پێشمەرگانەی لە شەڕی لای دۆڵەپێسان بەشدارییان کردبوو، ئەوانیش گەڕابوونەوە بۆ گوندی دزە. هەموویان بەو سەرکەوتنە کە یەکەمین عەمەلیات بە فەرماندەیی حاتەم و جێگرەکەی (غەنیپوور) بوو، خۆشحاڵ بوون. دواتر پێشمەرگەکان بەو چەکانەی کە لە جاشەکان وەریانگرتبوو، پڕچەک کران.

بە وتەی فازڵی، دوای ئەوەی حاتەم بوو بە پێشمەرگە، جارێک لە دەفتەری سیاسیی حیزب چاوی بە حاتەم دەکەوێت کە کەلاشنیکۆف لە شان، هاتبووە بۆ دەفتەری سیاسی. فازڵی پیرۆزبایی لێ دەکات و لە وڵامدا حاتەم دەڵێت: «بەشداریی لە شۆڕشدا و خزمەت بە نەتەوە، ئەرکی هەموومانە و خۆ تەنیا ئەرکی خەڵکی کورد لە مەهاباد نییە. ئەوە ئەرکی هەر تاکێکی کوردە لە هەموو شوێنێکی کوردستان». فازڵی بوونی حاتەم لە نێو حیزبی دێموکراتدا زۆر بە گرنگ وەسف دەکات و دەڵێت کە بوونی قاسملوو و حاتەم لە نێو ریزی حیزبی دێموکراتدا، هۆکاری پێکەوەگرێدانی ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. حاتەم هەروەها ئەو بیرە چەوتەشی بە نیسبەت باکووری کوردستانەوە بەتاڵ کردەوە کە کوردایەتی تەنیا لە لای هەندێک بنەماڵەی تایبەت و لای هەندێک سەرۆک عەشیرەت قەتیس بکرێت. بەڵکوو ئەو سەلماندی کە هەر کوردێکیش لە باکووری ڕۆژهەڵات

ئامادەیە بۆ بەشدارییی لە شۆڕشدا و باکووری ڕۆژهەڵات دەبێت لەگەڵ ناوەند و باشووری ڕۆژهەڵات پێکەوە گرێ بدرێت. ئەو هەروەها هەم زۆر بە جوانی توانای دەربڕینی بۆچوونەکانی هەبوو و هەم بە جوانی بە هەردوو زاراوەی کورمانجیی سەروو و کورمانجیی خواروو قسەی دەکرد.

بە بۆچوونی فازڵی، یەکێک لە کاراکتەرەکانی دیکە حاتەم ئەوە بوو کە سەوادی سیاسیی کوردیی هەبوو. ئەو هەموو مێژوویی ڕاپەرینەکانی کوردی لە باکوور و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئینگلیزی خوێندبووەوە و زۆر زاڵ بوو بەسەر ئەو مێژووەدا. زاڵبوونی حاتەم لەسەر مێژووی کورددا لەلایەن غەنیپوورەوە پشتڕاست کرایەوە و گوتی کە حاتەم زۆر بەباشی شارەزای مێژووی کوردستان بوو.

غەنیپوور هەروەها دەڵێت کە ئەو و حاتەم دوای ڕێکخستنی پێشمەرگەکانی هێزی نحۆ و پێکهێنانی لک و دەستە و پەل، فۆکۆسی خۆیان دەخەنە سەر عەمەلیاتی پارتیزانی لە نێو شاری ورمێ و دانانی مین لەسەر ڕێگای پادگان و هێزەکانی ڕێژیم. بۆ ئەوەی کە باشتر هەوڵەکانیان لەسەر زەربەلێدان لە هێزەکانی ڕێژیم لە نێو شاری ورمێدا چڕ بکەنەوە، ئەوان لەسەر لووتکەی شاخی سیرێ بنکەیەکی عەمەلیاتی دادەنێن کە زاڵ بوو بەسەر شاری ورمێدا و حاتەم و غەنی بەردەوام لەو بنکەیەدا حزووریان هەبوو. لەو ڕێگایەوە ئەوان دەتوانن خۆیان لە شار نزیک بکەنەوە و پلان بۆ زۆر عەمەلیاتی پارتیزانی لە نێو شاری ورمێدا دابنێن و پێشمەرگەکان جێبەجێیان بکەن. نموونەی ئەو ئۆپەراسیۆنانە، چەندین جار ئاورتێبەردانی پۆمپ بێنزینەکانی حکوومەتی، هێرش بۆ سەر پادگانەکان و بنکەکانی هێزە داگیرکەرەکانی ڕێژیم بوون. ئەوان هەروەها توانیبوویان دوو ئەفسەری ئازەری لە لەشکەری ٦٤ی ورمێ بۆ هاوکاری ڕابکێشن و لە ڕێگای ئەندامێکی تەشکیلاتییەوە لە کاتی پێویستدا پەیوەندی بە یەکەوە بگرن. لە ڕێگای ئەوانەوە حاتەم و غەنی ئاگادار کران کە ڕێژیم بەتەمایە بە تیپی زرێهیی قەزوین هێرش بکات و بەرەو شنۆ بێت.

## تێکشکاندنی تیپی زرێهیی قەزوین لە «گەلیی قاسملوو»

شیوەسەڵی دەڵێت کە ئەو کات بۆ خۆی لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات نەمابوو و سەروان حاتەم بۆ خۆی لەوێ بوو و فەرماندەیی ئەو شەڕەی کردبوو. غەنیپوور لەو بارەوە دەڵێت: «ئاگادار کراین کە قەرارە هێزێکی گەورە بۆ هێرش لە گەلی قاسملووەوە بەرەو شنۆ بچێت. سەرلکێک هەبوو بە ناوی سەید کازم و یەکێک بەناوی سەید ئەنوەر عەلەوی کە سەردەستە بوو، خەڵکی ژاراوا بوو. ئێمە پێشمەرگەکانمان لە گەلیی قاسملوو دامەزراند و لکێکی هێزی سمکۆش هات. ئەوکات سەردەستەی ئەو دەستەیە لە پێشمەرگەکان سەید ئەنوەر بوو. ئەو پێشمەرگەیەکی زۆر زیرەک بوو. چەند ڕۆژ تێپەڕین و ئێمە هەر بەرنامەمان دادەڕشت کە چۆن پێشی ئەو ستوونە بگرین. من گەڕامەوە جارێکی دیکە، بۆ بەیانی هێرش کرایە سەر ستوونی زرێهیی ٨١ی قەزوین.

ئێمە هەتا دۆشکاشمان نەبوو، ئێمە هەر ئارپیجی، کەلاشنیکۆف و ژ-٣مان هەبوون، بەڵام پێشمـەرگەکان زۆر باش سەرکەوتوو بوون و ئەو ستوونەیان تێک شکاند. کاک حاتەم بە دوای منی ناردبوو کە خۆم بگەیەنێمە ئەوێ. کە چووم، پێشمەرگەکان هەموویان کەیفخۆش بوون و یەکترمان ماچ کردەوە. پێم وابێ ساڵی ١٩٨٠ بوو یان ١٩٨١. لە ڕادیۆی حیزب ئەو عەمەلیاتە خوێندرایەوە. لەو عەمەلیاتەدا چەکوچۆڵێکی زۆر وەک دەستکەوت کەوتە بەر دەستی پێشمەرگە. چەکی قورس کە وەک دەستکەوت کەوتە دەستی پێشـمەرگە، تۆپی ١٠٦ بوو. بە سەید کازمم گوت کە ئەو تۆپە ١٠٦ـە بۆ هێز دەبەم. گوتی هەر چۆنێک پێت خۆشە وا دەکەین. ئێمە هەندێک لەو چەک و فیشەکانەی کە بۆ هێز پێویستیمان پێ بوو، لەگەڵ خۆمانمان هێنا. تۆپی ١٠٦ هەتا ئەو کاتەی کە لە ناوچە بووین، لە لای ئێمە بوو. لە سەر چیای سیرێ دامانابوو. ماشین بۆ ئەو چیایە نەدەچوو. پێشمەرگەکان ئەو تۆپەیان لەسەر شانیان هەڵگرت تا گەیاندیانە سەر چیای سیرێ. ١٥ گولـلە تۆپمان هەبوو کە ئەوانیش هەر وەک دەستکەوت کەوتبوونە دەستی ئێمە. ئەوە دووهەمین یان سێهەمین عەمەلیات بوو کە ئێمە تێیدا سەرکەوتوو بووین و هێزی نحۆ ئیدی ناو و ناوبانگێکی

دەرکردبوو. پێشمەرگەکان زۆر سەرکەوتوو بوون. لەو شەڕەدا بریندارمان هەبوون، بەڵام دوای ئەو عەمەلیاتە، کۆماری ئیسلامی بە هاوکاریی جاشەکان هێرشی کردە سەر چیای سیرێ. دوژمن دەزانی کە ئێمە لەوێ مەقەڕمان هەیە. لە کاتی هێرشەکەدا ئێمە لەوێ نەبووین، بەڵام پێشمەرگە لەو بنکەیە هەبوون. بەداخەوە ١-٢ پێشمەرگە شەهید بوون کە خەڵکی دزەی مەرگەوەڕ بوون. یەکێک لە شەهیدەکان عەلی کوڕی دەروێش سلۆ بوو کە زۆر چاکم لەبیرە. بەداخەوە ئەو بە بریندارى کەوتە دەستی چەکدارانی ڕێژیم و ئەوان ئەسیدیان بە تەرمەکەیاندا کردبوو.

لە گەلی قاسملوو پێشمەرگەکان ٣-٤ سەرباز و ئەفسەرێکی ستوان دوویان بە دیل گرتبوو. ئێمە هاتینە سەر ئەو بڕیارە کە دیلەکان لەگەڵ تەرمی شەهید عەلی بگۆڕینەوە. کابرایەک هەبوو بە ناوی یوونس کە ئازەریی «یەکانی» بوو و لە دزێ دووکانی هەبوو. ئەو کابرایە لەنێو کۆماری ئیسلامیدا دەستی پەیدا کردبوو. ئەو هات بۆ دزێ و لەسەر پرسی تەرمی عەلی گوتی کە کۆماری ئیسلامی – پاسدارەکان- پێشنیار دەکەن کە ئێوە دیلەکان بدەن و ئەوانیش تەرمی عەلی بدەنەوە. ئێمە لەگەڵ تەشکیلات دانیشتین و ئامادە بووین کە هەم سەربازە دیلەکان و هەم ئەفسەرەکان ئازاد بکەین و ئەم کارەمان کرد و لە بەرامبەردا تەرمی عەلیمان وەرگرتەوە بۆ ئەوەی کە لە دەستی دوژمندا نەبێت. پاسدارەکانی ڕێژیم بێڕێزییەکی زۆریان بە تەرمەکەیان کردبوو. زۆر ژانهێنەر بوو، هەموو تەرمەکەیان ئەسید پێدا کردبوو و هەموویان شێواندبوو. ئەوانە فاشیست بوون و وەک کافر تەماشای ئێمەیان دەکرد. ئەو پاسدارانە زۆر قین و نفرەتیان لە کورد هەبوو. حەسەنی لە هیچ شتێک درێغیی نەدەکرد کە هێرش بکرێتە سەر ئێمە و یان هەتک و بێحورمەتی بە نەتەوەکەمان بکات».

شەڕی گەلی قاسملوو ئەوەندە زەربەیەکی گەورەی لە هێزەکانی ڕێژیم دابوو کە کاربەدەستانی ڕێژیم قەت لەبیریان ناچێتەوە و هەموو جارێ وەک شکستێکی گەورە بۆ خۆیان باسی لێ دەکەن.[١] بەڵام لە کاتی ڕوودانی ئەو شەڕەدا

---

١- گفتگوی سایت تابناک با پاسدار کریم بهرامی. «تعهد جلال طالبانی به سپاه». ١٤ اسفند ١٣٩١.
https://n9.cl/4846e

کاربەدەستانی ڕێژیم خۆیان لە گوتنی ڕاستییەکان دەبوارد و پێیان خۆش نەبوو کە خەڵک بزانن پێشمەرگەکان چ زەبرێکی گەورەیان لەو هێزەی ڕێژیم داوە. دوکتور قاسملوو لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی کەیهان، لە ڕێکەوتی ١٣٥٩.٠١.١٦دا باسی ئەم شەڕە و قارەمانەتیی پێشمەرگەکان دەکات کە هێزەکانی داگیرکەری ڕێژیم سەرەڕای ئەوەی چەندین تانکیان لەگەڵدا بووە و بە هێلیکوپتەریش پشتیوانی کراون، بەڵام لە گەلی قاسملوودا پێشیان پێ گیراوە و تێک شکێندراون.[١]

فازڵی دەڵێت کە حاتەم باسی ئەو عەمەلیاتەی بۆ کردووە چۆن هێزەکانی دوژمن بە لەخۆباییبوون، وەک ئەوەی بۆ سەیران هاتبن، پێشڕەویان دەکرد و هیچ ترسێکیان نەبوو. بەڵام کاتێک پێشمەرگەکان لێیان هاتنە دەست، ئەو لەشکەرە زەبەلاحە تەفروتوونا کرا. بە بۆچوونی فازڵی، کاریگەریی ئەو عەمەلیاتە بە ڕادەیەک گرنگ بوو کە وەرەی هێزەکانی ڕێژیم لە کوردستاندا بەتەواوی دابەزاند و ئەوان خۆیان بۆ ماوەیەک لە هێرش بۆ ناوچەکانی دیکە، بەتایبەتی ناوچەکانی مەهاباد و شنۆ پاراست. هەر بەو ڕادەیەی ڕۆحییەی هێزەکانی ڕێژیم دابەزی، بەو ڕادەیەش هێزەکانی پێشمەرگە هەستی بڕوابەخۆبوون و ڕۆحییەیان چووە سەر و دەرکەوت کە پێشمەرگە ئەگەر ئیرادەی هەبێت، دەتوانێت هەموو هێزێکی دوژمن تەفروتوونا بکات.

یەکێک لە نووسەرەکانی ڕێژیم بە ناوی «محمدحسن روزی‌طلب» لە کتێبێکدا لەژێر ناوی «تأسیس نهادهای امنیتی در جمهوری اسلامی»[٢] کە ساڵی ١٣٩٢ دەرچووە، لە لاپەڕەی ١٤٥دا باسی ئەو عەمەلیاتە دەکات و دەنووسێت: زیاتر لە ٦ تانک لەو عەمەلیاتەدا کەوتوونەتە بەر دەستی پێشمەرگە و ئەو شکستە ئەوەندە قورس بووە بۆ کاربەدەستانی ڕێژیم کە بەنی‌سەدر داوا دەکات پرسی کوردستان لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر بکرێت، بەڵام غەنیپوور دەڵێت کە ئەو

---

١- خوشحالی، بهزاد. کۆکراوەی بابەتەکانی پەیوەندیدار بە کوردستانەوە لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا. «دکتر عبدلرحمن قاسملو و کردستان». ل. ٤٦

https://n9.cl/ofktp

٢- روزی طلب، محمد حسین. ١٣٩٢. «تأسیس نهادهای امنیتی در جمهوری اسلامی». ل. ١٤٥

https://n9.cl/ytj9u

دوای تەواوبوونی شەڕەکە چووە بۆ مەیدانی شەڕ و هیچ تانکێکی نەبینیوە کە تێک شکێندرابێت.

## کۆبوونەوەی فەرماندەرانی هێز لەگەڵ دوکتور قاسملوو

غەنیپوور دەڵێت: «دوای جیابوونەوەی گرووپی هەفت کەسی لە حیزب، کۆماری ئیسلامی پێشنیاری کربوو ئەگەر حیزبی دێموکرات چەک دابنێت، ئەوان حازرن لەگەڵ حیزب وتووێژ بکەن. کاک دوکتور قاسملوو هەموو فەرماندەرانی چەکداریی حیزب کە ١١-١٢ هێز بوون، کۆ کردەوە و من و کاک حاتەمیش لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بووین».

غەنیپوور دەڵێت: «لە کۆبوونەوەکەدا ڕەحمان کەریمیمان بینی و ئەوە یەکەمین جار بوو ئەومان ناسی. کۆبوونەوەکە لە دەرەوەی شاری مەهاباد بوو. فانۆسیان دانابوو. وەک بازنەیەک دانیشتبووین کە دوکتور قاسملوو لە لای سەرەوە دانیشتبوو. دوکتور سەعیدیش لەوێ بوو. دوکتور قاسملوو زۆر بە زیرەکانە و بە وردی مەسەلەکەی شی کردەوە و بە هەموو خاڵەکاندا هاتەوە. زۆر چاکم لەبیرە باسی ئەوەی کرد کە لەگەڵ فەلەستینییەکان لە موزاکرەداین بۆ وەرگرتنی هۆک. تا ئەو کاتیش نەمدەزانی هۆک چییە. ئەو کات زانیم دەیانەوێت هۆک بدەن بە حیزبی دێموکرات کە چەکێکی دژە فڕۆکە بوو. گەورەترین خاڵی لاوازی حیزبی دێموکرات نەبوونی چەکی دژە هێلیکوپتێر و فڕۆکە بوو. ئەوان ئێمەیان بە هێزی ئاسمانیان شڕ دەکرد. لە هەر کوێ شەڕ هەبوایە، لە ئان و ساتدا هێلیکوپتێر دەگەیشتێ. دۆشکەیەکی وامان نەبوو و بە کەلاشنیکۆف نەماندەتوانی بەرامبەر هێلیکوپتێر شەڕ بکەین. دوکتور قاسملوو باش ئەوەی دەزانی. هەموومان دڵمان خۆش بوو. دوکتور قاسملوو دواتر باسی ئەوەی کرد کۆماری ئیسلامی داوای کردووە کە ئەگەر ئێمە چەک دابنێین، واریدی وتووێژ دەبین. گوتی بۆیە پێم خۆش بووە کە هەموو فەرماندەرانی چەکداریی حیزب کۆ بکەمەوە و لە ئێوە بپرسین کە ڕای ئێوە چییە. بەڵام زەمینەیەک هەبوو دوای

کۆنگرەی چوار کە غەنی بلووریان، حەمەدەمین سیراجی، ئەحمەد عەزیزی و نەوید موعینی و چەند کەسێکی دیکە لە حیزب جیا بووبوونەوە و موشکیلەیەکی گەورە بۆ حیزب هاتە پێش. دوکتور یەک بە یەک پێدا هات. هەموویان گوتیان کە شەڕ دەکەین. کە گەیشتە ڕەحمانی کەریمی، ڕەحمانی کەریمی مرۆڤێکی نەخوێندەوار نەبوو. زۆر حەراف بوو. کە گەیشتێ، گوتی کاک ڕەحمان دەڵێی چی؟ چەک دانێین یان شەڕ بکەین؟ دەنگی نەکرد. دوکتور قاسملوو دووبارەی کردەوە، ئەو دیسان بێدەنگ بوو. بۆ جاری سێیەم قاسملوو هەستایەوە سەر چۆکەکانی و گوتی وڵام بدەوە. دەڵێی چی؟ زۆر بە نابەدڵی گوتی شەڕ دەکەین. ئەو تێیدا مابوو. نەیدەتوانی دژایەتی بکات. کۆبوونەوەکە تەواو بوو. ئێمە شەوێک لای برادەرانی دەفتەری سیاسیماینەوە و دیسان گەڕاینەوە بۆ ناوچە و دەستمان بە عەمەلیات و کاروباری خۆمان کردەوە».

لەسەر ئەو هەڵوێستەی ڕەحمان کەریمی، فازڵی دەڵێت کە بۆ خۆی لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداریی نەکردبوو، بەڵام باسەکەی لە حاتەم بیستبوو. فازڵی دەڵێت کە بۆیە ڕەحمان کەریمی لە بەرامبەر پرسیاری دوکتور قاسملوودا بێوڵام بوو، تا ئەوکات خۆی ساغ نەکردبوو لەگەڵ گرووپی هەفت کەسی بکەوێت و حیزب بەجێ بهێڵێت و یان هەر لە نێو حیزبدا بمێنێت. بۆیە خۆی لە وڵامدانەوە بەو پرسیارەی دوکتور قاسملوو پاراستبوو.

## پەیامی دەفتەری سیاسی و ئەرکێکی حیزبی

فازڵی دەڵێت کە حاتەم کەسێکی زۆر نهێنیپارێز بوو و قەت سڕ و نهێنییەکانی حیزبی لای کەس باسی نەدەکرد. بۆیە ئەو کاتانەی بۆ ئەرکێکی تایبەت دەهاتەوە بۆ دەفتەری سیاسی، سەرەڕای ئەوەی کە زۆر پێکەوە ڕەفیق بووین، قەت لای من باسی نەدەکرد. ئەوەش یەکێک لەو دەرسانە بوو کە دوکتور قاسملوو زۆر پێداگریی لەسەر دەکرد و هەوڵی دەدا هەموومان ئەو پرەنسیپە فێر بین. غەنیپوور دەڵێت کە بۆ ئەرکێکی حیزبی ئەو و حاتەم بانگهێشتی دەفتەری

سیاسی کران و دوای ئاگادارکردنەوە لەو ئەرکە و جێبەجێکردنی، گەڕانەوە بۆ دەفتەری سیاسی و دواتر زۆر چەکوچۆڵی باشیان لەگەڵ خۆیان هێنا بۆ هێزی نحۆ. غەنیپوور دەڵێت کە ماوەیەک دوای ئەوە، ژمارەی پێشمەرگەکانمان لە هێزی نحۆ گەیشتە نزیکەی ٤٠٠ پێشمەرگە و هەموویان چەکی باش و مودێرنیان پێ بوو؛ نزیکەی ٢٠ تا ٢٥ ئارپیجی، قومپارەکانی ٢٢٨، ١٢٠ و ٦٠ و زۆر چەکی دیکە.

## چاوپێکەوتن لەگەڵ فازڵ میرانی

غەنیپوور دەڵێت کە ڕۆژێک ئاگادار کرانەوە کە فازڵ میرانی لەلایەن سەرکردایەتیی قیادەی موەقەتەوە پێی خۆشە چاوی بە حاتەم و غەنی بکەوێت لە «کەندالێ میرزا محەممەد». کەندالی میرزا محەممەد دوڵێکە کە لە نێوان زێوە و گوندی دزەی مەرگەوەڕ هەڵکەوتووە. غەنیپوور دەڵێت: «ئێمە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک ڕۆیشتین. ئێمە بە پێیان ڕۆیشتین و ئەوان بە ماشین لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکیان هاتن. فازل میرانی بەڕاستی هەڵسوکەوتێکی زۆر مرۆڤانە و دۆستانەی هەبوو. یەکترمان ماچ کرد. هەندێک شتی بە ئێمە گوت. گوتی: ئێمە ئاگادار کراوین کە ئێوە لەگەڵ حکوومەتی عێراق پەیوەندیتان هەیە و دەتانەوێت لە ئێمە بدەن. ئێمە گوتمان کە قەت شتێکی لەو چەشنە بوونی نییە. ئەوە هەموو پڕۆپاگاندەیە کە جاشەکان سازی دەکەن. ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا نییە. ئێمە هەر ئەو سەلاحییەتەمان نییە. ئەگەر ئێوە لەو ماوەیەدا بچووکترین شتتان لە ئێمە دیتبێت و یان سوخەنرانییەکمان بە دژی ئێوە کردبێت، پێشمەرگەیەک بێحورمەتییەکی بە پێشمەرگەکانی ئێوە کردبێت، یان لە ماڵەکانتانیان دابێت، ئەوە ماڵەکانتان لە زێوە و لە قایر، لە مەلا باستەکان، لە گاڕانە لە ڕەزگەن، ئەو کات قسەکانتان ڕاستە. ئێمە هیچ شتێکمان بە دژی ئێوە نەکردووە. حاتەم گوتی: کەنگێ ئێمە بێحورمەتییەکمان دەرهەق ئێوە کردووە؟ ئێوە بڵێن، با ئێمەش بڵێین کە ئێوە ڕاست دەکەن. بەڵام ئەو دەیگوت کە کڵاوڕەش لە گارانە بە ئارپیجی لە ماڵێکی قیادەی موەقەتی

داوە. کڵاوڕەش سەردەستەیەکی هێزی نحۆ بوو کە پێشمەرگەیەکی زۆر زیرەک بوو، بەڵام بەڕاستی شتی وا هەر نەبوو. کەچی ئەوان سازیان کرد. ئەوان بۆ مەسەلەی پڕۆپاگاندە و شتی وا، تەجربەیان لە ئێمە زۆرتر بوو و بۆیە لە توانایاندا هەبوو کە هەموو شتێکی ساز کەن. جاشیش لە دەستی ئەواندا بوون. کاک فازڵ میرانی زۆر دڵخۆش بوو و گوتی کە ئەوە ئەو قسانە دەگەیێنمە لای سەرۆک. لەوانەیە لە داهاتوودا زۆرتر پێکەوە دانیشین. حاتەم گوتی کە کاک فازل! ئێمە دەزانین کە ئێوە خەریکن چەک لە کۆماری ئیسلامی وەردەگرن. ئەو گوتی: «نا، شتی وا نییە.» حاتەم گوتی کە ئێمە حازرین بە هەر شێوەیەک یارمەتیی ئێوە بدەین و ئێوە لەسەر دەستی خۆمان دابنێین تا ئێوە لە سنوور تێپەڕ دەبن و بچن لە عێراق بدەن. ئەگەر لە دەستیشمان بێت، یارمەتیشتان دەکەین لەو بارەوە. بەڵام نابێت ئێوە کە چەک وەردەگرن، بە دژی ئێمە بێت. گوتی نە، شتی وا بە هیچ جۆرێک بوونی نییە. بەڵام ئەو بوارە هەبوو. ئەو بوارەیان پێک دەهێنا».

بە وتەی فازڵی، حاتەم لەسەر چەکهەڵگرتنی قیادە بۆ دەوڵەتی ئێران لەگەڵ دەفتەری سیاسی ڕاوێژی کردبوو و لەو بارەوە ڕێنوینیی پێویستی وەرگرتبوو کە نابێت هەتا ئەگەر قیادە تەقەش لە پێشمەرگەکانی ئێمە بکات و پێشمەرگەش شەهید بن، پێشمەرگەکانی حیزب دژکردەوەیەک نیشان بدەن. قاسملوو لەو بارەوە بە حاتەمی گوتبوو کە دەبێت لەو بارەوە زۆر وریا بن و ئەوان ئاگاداری شەڕی جەلالی-مەلایی نین. شەڕێکی وا ئەوەندەماڵوێرانکەرە کە کۆتاییهاتنی زۆر زۆر ئەستەم و دژوارە. بۆیە حاتەم لەو بارەوە زۆر وریا بوو کە نەهێڵێت لەو ناوچەیە ناکۆکییەک بێتە پێش.

## شەڕی ورمێ

شەڕی ئازادکردنی ورمێ بە فەرماندەیی حاتەم دوعاخان یەکێک لە گرنگترین شەڕەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەم شەڕە لە ڕوانگەی زۆر کەسەوە

کە تەنیا ئاکامی شەڕەکە لەبەر چاو دەگرن، وەک تێکشکان دەژمێردرێت. بەڵام گرنگیی ئەم شەڕە لەوەدایە کە دوای شۆڕشی سمکۆ تا کاتی عەمەلیاتی هاوبەشی هێزی سمکۆ و هێزی نحۆ بۆ ئازادکردنی ورمێ، کورد هەوڵی ڕزگارکردنی چەکدارانەی ورمێ بەو بەرینییە نەدابوو. هزری ئازادکردنی ورمێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاکامەکەی، هزرێکی نیشتمانی و ئامانجێکی ئایدیاڵی نەتەوەیی بوو کە بۆ یەکەمین جار دوای تێکشکانی شۆڕشی سمکۆ، بۆ جێبەجێکردن و ڕێالیزەکردنی بە شێوەی پراکتیک هەوڵی بۆ درا. بەس ئەم کارە لە نەفسی خۆیدا، وەک بەشێک لە فەلسەفەی ئەخلاقی شۆڕشگێرانە، کارێکی بەجێ و دروست بووە. بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ئووتیلیتاریستییەوە سەیر بکرێت و ئاکامی شەڕ پێوانەی هەڵسەنگاندنی دروستی و نادروستیی شەڕەکە بێت، ڕوونە کە بە شکست ئەژمار دەکرێت.

ئەحمەد عەزیزی دەڵێت، کە بۆ یەکەمجار لە شاری شنۆ چاوی بە حاتەم کەوت لەو کاتەیدا کە مەلا محەممەد جوانرۆیی هاتبوو بۆ شنۆ و ئەوان بۆ پێشوازیی چووبوون. بە وتەی عەزیزی، حاتەم لەوێ بە ئەحمەد عەزیزی گووتبوو کە لە هێزی ئاسمانییەوە هاتووە و بووە پێشمەرگە و ئەگەرچی شەڕی پێشمەرگانە پسپۆریی ئەو نییە، بەڵام زۆر شتی پێیە و دەزانێت کە بۆ شۆڕش پێویست و بەکەڵکە. ئەوان هەروەها لەسەر ئەوە قسەیان کردبوو کە بە هاوکاریی ئەو ئەرتەشییانەی هاتوونەتە نێو ڕیزی شۆڕش، بە جۆرێک شەڕی پارتیزانی ڕێک بخەن و لەو بارەوە هێزی سمکۆ و هێزی نحۆ چەند چالاکییەکی هاوبەش بەڕێوە بەرن.

بە وتەی عەزیزی، نزیکەی مانگێک پێش شەڕی ورمێ، ڕۆژێک حاتەم لەگەڵ ئەو و سەروان چەکۆ ڕەحیمی لەسەر ئازادکردنی ورمێ قسەی کرد. عەزیزی دەڵێت: «حاتەم ڕۆژێک بە کاک چەکۆی گوتبوو کە بەرنامەیەکم بەدەستەوەیە و دەمەوێ جێبەجێی بکەم. لەگەڵ خودی دوکتوریش دانیشتوومە و قسەمان کردووە. ئێمە دەمانەوێت شەڕێک بکەن و بچینە نێو ڕەزاییە. لە لەشکەری ٦٤ی ورمێ بەڵێنیان بە ئێمە داوە کە ئەوان هاوکاریی ڕێژیم ناکەن. قەرارە ئەوان هیچ نەکەن و خەڵکی ڕەزاییەش زۆربەیان شاپەرەستن و ئەوانیش

یارمەتیی ئێمە دەکەن. ئەوە کاک حاتەم گوتی بە من و کاک چەکۆ کە ئێمەش بیرێکی لێ بکەین». بە وتەی عەزیزی، دەفتەری سیاسی بە حاتەمی گوتبوو کە دەبێت بۆ ئەو عەمەلیاتە هێزی سمکۆش یارمەتیتان بدات. هەروەها باس لەوە دەکرێت کە هێزەکانی قەهرەمان و سەرگورد عەباسیش لەوە ئاگادار کرابوونەوە کە لەو عەمەلیاتەدا هاوکاری بکەن، بەڵام ئەوان نە یارمەتیدەر بووبوون و نە فەرماندەرانی هێزی سمکۆ و نحۆ لە بەشدارینەکردنیان لەو شەڕەدا ئاگادار کردبووەوە. بەرپرسانی ئەو کاتی هەردوو هێزی قەهرەمان و سەرگوڕد عەباسی لە باری بیروبۆچوونەوە لە ڕەحمان کەریمی نزیک بوون.

بە وتەی غەنیپوور، حاتەم لە سەفەرێکدا بۆ دەفتەری سیاسی لەلایەن دوکتور قاسملووەوە قسەی لەگەڵ کرابوو لەسەر بەڕێوەبردنی عەمەلیات لە ورمێ. غەنیپوور دەڵێت کە هەم حاتەم و هەم سەرهەنگ سمکۆ عەلیار کە بۆ خۆیان ئاگاداری هەموو پلانەکە بوون، بۆ غەنیپوور باسی چۆنیەتیی بڕیاردان لەسەر ئەم شەڕەیان کردووە. سەرهەنگ سمکۆ عەلیار موخالیفی ئەم شەڕە بووە، بەڵام حاتەم قەبووڵی کردبوو ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات. غەنیپوور دەڵێت: «کاتێک حاتەم لەسەر ئەو پرسە لەگەڵ من قسەی کرد، پێم گوت کە چۆن شتێکی وەهات قەبووڵ کردووە؟» ئەحمەد عەزیزی دەڵێت، کە لە کاتی چوونەوە بۆ عەمەلیاتەکەش ،لە ڕێگادا بۆ نێو شار، لەگەڵ حاتەم قسەی کردووە بۆ ئەوەی پاشەگەز بێت لەو عەمەلیاتە. بەڵام حاتەم لەسەر بەڵێنی خۆی بە ڕێبەریی حیزب پێداگر بووە. حاتەم گوتبوو کە ئەگەر هەمووشمان شەهید بین، دەبێت ئەو شەڕە هەر بکرێت. ئەوەش تەنیا لەو پرەنسیپە نەگۆڕەی حاتەمەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە لایەک زۆر لە بەرامبەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا پێداگر بووە و لە لایەکی دیکەشەوە بوێرییەکی لە ڕادەبەدەری هەبووە. ئەو هەروەها پلان و بەرنامەکانی لەسەر بناغەی زانیارییەکان دادەنا کە لەو عەمەلیاتەدا ئەو زانیارییانە کێشەیان تێدا بووە. ئەو کێشانە چ هەر لە سەرەتاوە هەڵە بووبن و یان بە هۆی نەپاراستنی نهێنییەکانەوە دوژمن پێی زانیبێت، هەردووی ئەم ئەگەرانە بە یەک ڕادە بەهێزن. لەبەر ئەوەی کە بە وتەی غەنیپوور و عەزیزی، پێشمەرگەکانی هێزی سمکۆ ماوەیەک بەر لە دەستپێکردنی عەمەلیات، ئاگاداری ئەم پلانە بوون و ڕەحمان

کەریمیش هەم لە نێو هێزی سمکۆ و هەم لە نێو هێزی نحۆدا کەسانێکی هەبوو کە لە ئەم پرسانە ئاگاداریان دەکردەوە. غەنیپوور دەڵێت کە لە نێو هێزی نحۆدا بێجگە لە خۆی و حاتەم هیچ کەسێکی دیکە ئاگاداری ئەم عەمەلیاتە نەبوو. ڕەحمان کەریمی ئەگەرچی بەرپرسی کۆمیتەی ورمێ بوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە کەریمی دژی خەتی سیاسیی دوکتور قاسملوو بوو، حاتەم هەرگیز ئیزنی نەدەدا کە ئەو ئاگای لە وەها پلانێکی گرنگ بێت.

بە وتەی عەزیزی و غەنیپوور، پێش عەمەلیات پێشمەرگەکانی هێزی سمکۆ، هێزی نحۆ و بەرگریی نەتەوەیی لەسەر چیای سیرێ کۆ بیوونەوە و ژمارەیان نزیکەی ٤٠٠ کەس دەبوون و هەموو ئەوانەی کە بەشداریی عەمەلیاتەکە بوون، بە دڵخوازی خۆیان بەشدار بوون.

ئەگەرچی هەندێک دەڵێن کە ئەم شەڕە لە ١٨ی ڕەزبەری ١٣٥٨دا ڕووی داوە، بەڵام سایتی «ویکی دفاعـ»ـی[1] ڕێژیم نووسیویەتی، کە ئەم شەڕە لە ١٢ی ڕەزبەری ١٣٥٨ بووە و هێرشەکە لە سێ لاوە کراوەتە سەر هێزەکانی ڕێژیم، بەڵام ئەحمەد عەزیزی دەڵێت کە پێشمەرگەکان بەسەر چوار بەشدا دابەش کرابوون و دەستەیەکیش چوون بۆ گرتنی بنکەی ڕادیۆ-تەلەفزیۆن. کەچی غەنیپوور دەڵێت، کە پێشمەرگەکان لە سێ دەستەدا دابەش کراون بۆ چوونەوە نێو شار کە فەرماندەی دەستەکان حاتەم، چەکۆ و من بووین. غەنیپوور دەڵێت: «بەرپرسایەتیی بلواری ئاپادانا بۆ چەکۆ دانرا، دەستەیەک بە بەرپرسایەتیی من چووین لە قۆیوونکۆپی تێپەڕ بین، کە تووشی کەمین هاتین. بەڵام تەقە زۆر نەبوو و ئەوان ڕۆیشتن و ئێمەش درێژەمان دا و چووین بۆ سەر لەشکەری ٦٤. دەستەی دیکە لە ژێر بەرپرسایەتیی حاتەمدا چوون بۆ نێو شار کە ئەوانیش تووشی دەرگیری بوون. ئەوانەی کە ئێمە لای بلواری ئاپادانا دامانابوو بۆ ئەوەی کە لای پشتەوە بگرن کە نەهێڵن ڕێگای گەڕانەوەمان بکەوێتە دەست دوژمن، ئەوان جێگایان بەردابوو و ئەرتەش هاتبوو و ڕێگای پشت سەری ئێمەی گرتبوو». بە وتەی غەنیپوور و عەزیزی، پێشمەرگەکان زۆر باش بەرگرییان

١- سبزمحمدی، پریا. «ارومیه». سایت ویکی دفاع
https://n9.cl/e4wp

کرد و زەبرێکی باشیان لە دوژمن وەشاند. کەچی بەداخەوە لەو شەڕەدا ٤٠-٤٢ پێشمەرگە شەهید بوون و هەندێکیش بە دیل گیران، بەڵام ژمارەی کوژراوانی ڕێژیم لە سەرەوە بووە. غەنیپوور دەڵێت کە نزیکەی ١٥٠ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژراون، بەڵام ئەحمەد عەزیزی دەڵێت کە لە کەسێک بە ناوی وەلی کە دواتر پەیوەندی بە حیزبەوە گرتبوو و لە کاتی شەڕدا لە لەشکەری ٦٤ی ورمێ بووە، بیستووە کە کوژراوەکانی ڕێژیم نزیکەی ٩٠٠ کەس دەبوون. پێشمەرگەکان لەو عەمەلیاتەدا بە زەحمەت خۆیان دەرباز دەکەن و دەگەڕێنەوە بۆ چیای سیر. غەنیپوور و عەزیزی ئەو شەڕە بە شکست دەژمێرن.

فازڵی هۆکاری سەرنەکەوتن لە شەڕی ورمێدا دەگەڕێنێتەوە بۆ نەپاراستنی نهێنی و لە ئاکامدا پێزانینی ڕێژیم لەو جموجووڵە و پاشەکشەی بەشێک لە پێشمەرگەکان بەبێ ئەوەی کە فەرمانی پاشەکشەیان پێ کرابێت. فازڵی و غەنیپوور لەو بارەوە هاوڕان کە دوای تەواوبوونی شەڕی ورمێ، بە هۆی هەندێک کارشکێنیی فەرماندە مەیدانییەکان، دەفتەری سیاسی لەگەڵیان کۆ بووەوە و سەرگورد عەباسیش لەو فەرماندەرانە زۆر تووڕە ببوو کە ئەو کارشکێنییە و هەڵە گەورەیانەیان کردووە. فازڵی دەڵێت کە هاوئاهەنگیی پێویست لە نێوان هێزی پێشمەرگەدا نەبوو و ڕێژیمیش کە بەو پیلانە زانیبووی، خۆیان قایم کردبوو و هێزی زیادەیان هێنابوو بۆ ورمێ.

## خیانەتەکانی ڕەحمان کەریمی

بە وتەی عەزیزی، ڕەحمان کەریمی دوای ئەو خیانەتانەی کە لە پیرانشار بە حیزبی دێموکرات و شۆڕشی گەلی کوردی کردبوو، دانی بە خیانەتەکانی دانابوو و گوتبووی کە هەڵەی کردووە و بۆیە لە پیرانشارەوە ڕاگوێزرابوو بۆ ناوچەی ورمێ و لەوێ ببوو بە بەرپرسی کۆمیتەی ورمێ. بەڵام لەلایەن حیزبەوە هەر لەژێر چاودێریدا بوو. هاتنی کەریمی بۆ ورمێ ئەو دەرفەتەی پێ دابوو کە خۆی زیاتر لە ڕێژیم نزیک بکاتەوە و لە هەمان کاتدا کە قیادەی موەقەتیش بەرەو کۆماری

ئیسلامی ڕاکێشرابوو، ڕەحمان کەریمی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەوانیش بەرفراوان کردبوو. لە بەشێک لە کتێبی مەسعود بارزانیدا لە ژێر ناوی «بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد»، بەشی دووهەمی بەرگی چوارەم کە بە دەنگ بڵاو کراوەتەوە، دەردەکەوێت کە ڕەحمان کەریمی بە هۆی حەرافبوونی و بە هۆی هاوڕابوونی لەگەڵ ڕێبەرانی قیادەی موەقەت دەرهەق بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی ڕێبەرانی قیادە و ئەوانەی بە دژی حیزبی دێموکرات و بەتایبەتی ئەو بەرپرسانەی کە وەک ئەوان بیریان نەدەکردوە و لە ناوچەی ورمێ خەباتیان دەکرد و حاتەم دوعاخان بەرچاوترینیان بوو، کاریگەرییەکی زۆری هەبووە. ڕەحمان کەریمی هەروەها خەریکی ئاژاوە و ڕاکێشانی پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبیش بوو بۆ لای خۆی و لەو ڕێگایەوە بۆ بەکارهێنانیان بە دژی حیزب و لە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامیدا. عەزیزی دەڵێت: «ڕەحمان کەریمی موعجیزەیەکی زۆر خەتەرناک بوو. لەگەڵ هەموو بەرپرسان [مەبەست لە ناوچەی ورمێ و شنۆیە] لە خوارێڕا بۆ سەرێ قسەی کردبوو. لەگەڵ من و چەکۆش قسەی کردبوو. بە هۆی ئەوەی کە پێشتر لە نێو ئەرتەش لە بەشی دژە هەواڵگری کارم کردبوو، دەمزانی کە قسەکانی تەڵەیە [داوە]. هەموو ڕابردووی ئێمەی دەزانی. لە دەوڵەتەوە ئەو زانیارییانەی دەست کەوتبوو. بۆ نموونە کاتێک کە لەگەڵ من قسەی دەکرد، دەیگوت کە تۆ کەسێکی باشی و کوڕە زەحمەتکێشی، بەڵام چەکۆ کوڕی ئوستوار ڕەحیمییە و حاتەم پیاوی عێراقە. پاسدارەکان نەهادی ئینقلابن و ئەوانیش کوڕە زەحمەتکێشن، ئێوە نابێ یەکتر بکوژن. ئەو ئەفسەرانەی کە هەڵهاتوون، دەبێت بیانگرین و تەحویلی ئێرانی بدەینەوە. ئێوە نابێ مین لەسەر ڕێگای هێزەکانی ڕێژیم دابنێن. دەبێت هەڵیانگرنەوە. ئەو پیلانی هەبوو کە پاشماوەکانی گرووهی ٧ کەسی بتوانن کوودەتا بکەن. ئەوان بە دژی دوکتور قاسملوو زۆر پڕۆپاگەندەیان دەکرد و لە ناوچەی ورمێش بە هۆی نزیکایەتیی حاتەم لە دوکتور قاسملوو، نووکی هێرشیان بۆ سەر حاتەم بوو». بە لەبەریەکدانانی قسەکانی عەزیزی و بارزانی، دەردەکەوێت کە بیانووەکانی ڕەحمان کەریمی و سەرکردەکانی قیادەی موەقەت لە حاتەم، هەر لە یەک ڕەگەزن. غەنیپوور دەڵێت کە قیادە و ڕەحمان کەریمی ویستیان کەڵک لە ئەندازیار جیهانگیر ئیسماعیلزادەش وەربگرن بۆ

ڕاگواستنی حاتەم بۆ شوێنێکی دیکە تا بتوانن لە جێبەجێکردنی پیلانەکانی ڕەحمان کەریمی و ڕێژیمدا سەرکەوتوو بن. کاتێک کە سەرکردەکانی قیادە گلەیی لە حاتەم دەکەن لای ئیسماعیلزادە، ئەو لە پلینۆمێکی کۆمیتەی ناوەندیدا باسی ئەو گلەییانە دەکات و داوا دەکات کە حیزب حاتەم بۆ شوێنێکی دیکە بگوازێتەوە و لە ورمێ دووری بخاتەوە. لەو کاتەدا دوکتور شەرەفکەندی وڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێت کە ئەگەر حیزب حاتەم بۆ شوێنێکی دیکەش بنێرێت، لە جێگای تۆ دایدەنێت و تۆ دەنێرێت بۆ شوێنێکی دیکە. لەبەر ئەوەی کە شەرەفکەندی ئاگای لە پیلانەکانی دژبەرانی حیزب هەبوو و ڕێژیمیش بوونی حاتەمی لە ناوچەی ورمێ بۆ خۆی بە مەترسی دەزانی و ئەو شکستە گەورەیەی گەلیی قاسملوویان لەبیر نەچبووەوە. عەزیزی دەڵێت: «حاتەم کوڕێکی زوبدە و وەرزیدە بوو، جەوانێکی خوێنگەرم بوو، دەستووری ئیجرا دەکرد، لە دەفتەری سیاسی زۆر نزیک بوو، هەمیشە لەگەڵ دەفتەری سیاسیدا لە پەیوەندیدا بوو، حیزب شانازیی پێ دەکرد. دوژمنیش قامک لەسەر خاڵێک دادەنێت کە بۆ تو زەربەیە. بۆ نموونە، قامکیان لەسەر دوکتور قاسملوو دانابوو و پڕوپاگەندەیان بە دژی دەکرد. شکم نییە کە ڕێژیم لە ڕێگای ڕەحمان کەریمییەوە زانیارییان لەسەر بارودۆخی حاتەم کۆ دەکردەوە و دەیانزانی کە حاتەم چەندە کەسێکی بە باندۆرە لەو ناوچەیە و بۆیە قامکیان لەسەر حاتەم دانابوو و دەیانزانی کە حاتەم بە هاسانی فریوی ئەوان ناخوات. فازڵیش لەو بارەوە لەگەل عەزیزی هاوڕایە و دەڵێت کە حاتەم فرۆکەوانێکی لێهاتوو بوو و ئێران بۆ شەڕی ئێران و عێراق پێویستییان بە کەسانی وەک حاتەم و یان لانیکەم زانیارییەکانی هەبوو. بۆیە هەوڵییان دەدا کە ئەو بە هەر جۆرێک بێت، بگەڕێننەوە بۆ لای خۆیان کە ئەگەر هەر نەبێت، ئەو زانیارییانەی لێ وەربگرن.

ڕەحمان کەریمی بە هاوکاریی ڕێژیم و هەندێک لایەنی وەک قیادەی موەقەت و گرووپی ٧ کەسی پلان دادەڕێژن کە زەبرێکی گەورە لە حیزبی دێموکرات بوەشێنن و ناوچەکانی ورمێ و شنۆ بۆ ڕێژیم داگیر بکەن. بە وتەی غەنیپوور، ڕەحمان کەریمی کە هێشتا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی کۆمیتەی ورمێ بوو، ڕۆژێک لەگەڵ سەنار مامەدی، جیهانگیر ئیسماعیلزادە، محەمەدئەمین

سیراجی، غەنی بلووریان، ئەحمەد عەزیزی [ئەوە ئەحمەد عەزیزییەکی دیکەیە و ئەوەی کە وەک ئینفۆرمانت قسەی کردووە ناویان وەک یەکە، بەڵام دوو کەسی جیاوازن]، ئەحمەدی وەفا و بە ئامادەبوونی ئیدریس و مەسعوود بارزانی لە ڕاژان لەگەڵ ئایەتوڵڵا ئیشراقی کۆ دەبنەوە. کە لەو کۆبوونەوەیەدا ئەگەرچی مەسعوود و ئیدریس هەوڵ دەدەن ئەوانە بە ڕێکەوتنێک بگەن، بەڵام بە ئاکام ناگەن. دانەر لەسەر ئەم کۆبوونەوەیە لە پەرتووکی دیرۆکەکە ڤەشارتیدا باسی شتی وردی نووسیوە و بۆیە خۆی لە دووپاتکردنەوەی دەبوێرێت. بە وتەی غەنیپوور، کەریمی ٣-٢ ڕۆژ دوای ئەو کۆبوونەوەیە دەچێت بۆ گوندی دزەی مەرگەوەڕ. غەنیپوور دەڵێت: «ئێمە ئاگادار بووین کە ئەو خەریکی چییە. بۆیە لە بەرامبەر ئێمەدا نەیدەتوانی خۆی ڕاست بکاتەوە. ئێمە لەگەڵ دەفتەری سیاسی و خەتی دوکتور قاسملوودا بووین. ڕەحمان کەریمی بە هۆی ئەوەی کەسێکی قسەزان بوو، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر خەڵک لە ناوچەکەدا. هاتە دزێ و بە دوای من و حاتەمیدا ناردی. ئەو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، ئێمە فەرماندەی چەکداری. گووتی باسی ئێوەشم کردووە لەگەڵ ئایەتوڵڵا ئیشراقی. ئێوە دەگەڕێنەوە بۆ نێو ئەرتەش و بە پلەی بەرزتر کۆماری ئیسلامی ئێوە وەردەگرێت. ڕەخنەی لە قاسملوو گرت و گوتی قاسملوو ئاوایە و ئاوایە. حاتەم گوتی: «کاک ڕەحمان! ئێمە جەنازەی خۆشمان ڕادەستی کۆماری ئیسلامی ناکەین. باسی دوکتور قاسملووش مەکە ئەو نە هی دەمی تۆیە». ڕەحمان کەریمی تێکچوو و قسەیەک ئەو لا و قسەیەک ئەملا، ڕەحمان کەریمی گوتی لە قازانجی ئێوە قسە دەکەم. بەڵام بەرگریی لە کۆماری ئیسلامی دەکرد. لەوێ بۆ ئێمە ڕوون بووەوە دەسیسەیەکی زۆر گەورە هەیە کە دەفتەری سیاسیی حیزب، بە تایبەتی دوکتور قاسملوو و دوکتور سەعید و ئەوان لەنێو ببەن. دواتر سەناری مامەدی و ئەندازیار جیهانگیر ئیسماعیلزادە، بەتایبەتی سەنار مامەدی کە دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی شپیران و ئەوان، ئەو تێگەیشت کە دەسیسەیەک هەیە لەلایەن گرووپی ٧ کەسی و جیاوازیی بۆچوونیان لەگەڵ یەک زۆرە». فازڵی دەڵێت کە بۆ خۆی لە حاتەم گوێی لێ بووە کە گوتوویەتی ڕەحمان کەریمی کەسێکی زۆر ئازایە، بەڵام هەر بەو ڕادەیە کە لە بەرامبەر عەجەمێکدا ئەستۆی لار دەکات، بەو ڕادەیەش بەرامبەر کەسانی سەر بە نەتەوەی کورد کەسێکی لووتبەرزە و

کەسێکە کە عوقدەی دەروونیی خۆی هەیە و کەسی قەبووڵ نییە و هەر کات لەگەڵ کوردێک قسە دەکات، لە کلاسێکی سەرێ قسان دەکات و وەک ئەوەی کە بەرامبەرەکەی هیچ تێ ناگات. بەڵام کە لەگەڵ عەجەمێکدا قسان دەکات، ئەستۆی لار دەکات و ئەوەندە خۆی بە بچووک دادەنێت، قسەی پێ ناکرێت.

ئەحمەد عەزیزی و غەنیپوور لەو بارەوە هاوڕان کە کەریمی نفووزێکی زۆری هەبوو لە نێو پێشمەرگەکانی هێزی سمکۆ، هێزی ئاوارە و هەندێک لە پێشمەرگەکانی هێزی نحۆ. غەنیپوور، عەزیزی، فەتاحی و فازڵی دەڵێن کە ڕەحمان کەریمی پلانێکی گەورەی هەبووە بۆ کوودەتایەک و تێدابردنی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و ڕادەستکردنی ناوچە ڕزگارکراوەکان بە کۆماری ئیسلامی. هاوکات کە پیلان بۆ ئەم یەکە دادەڕێژێت و بە درۆ پەیام بۆ دەفتەری سیاسی دەنێرێت کە کۆماری ئیسلامی حازرە لە ڕادەی وەزیردا دانیشتن لەگەڵ ڕێبەریی حیزب بکات، نامەیەکیش لەسەر ناوی فەرماندەیەکی حیزب بۆ حاتەم و غەنی دەنێرێت کە بۆ ڕاوێژ لەسەر هەندێک بەرنامەی چەکداری بچن بۆ شنۆ. عەزیزی و فەتاحی ناتوانن پشتڕاستی بکەنەوە کە ئەو نامەیە لەلایەن ئەو کەسە بۆ خۆی نێردراوە کە نامەکە بە ناوییەوە بووە. غەنیپوور دەڵێت کە دوای چوونەوەی حاتەم و غەنی بۆ جێگای کۆبوونەوە لە شنۆ کە باقی و جەلالیشیان لەگەڵ بووە، ئەو و حاتەم لەلایەن ئەو پێشمەرگانەی کە لە بنکەی شارەداریی شنۆ بوون، قووڵبەست دەکرێن و دوای بێحورمەتییەکی زۆر، ئەو و حاتەم دەگوازرێنەوە بۆ گوندێکی نزیک پادگانی جەڵدیان کە ڕادەستی کۆماری ئیسلامی بکرێن. هاوکات ڕەحمان کەریمی پیلان دادەڕێژێت بۆ کوشتن یان ڕادەستکردنی شەرەفکەندی و شەڵماشی کە لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە بۆ ئەو بەناو وتووێژە کە کەریمی باسی لێ کردبوو، نێردرابوون. شەرەفکەندی و شەڵماشی کە دەگەنە ناوچەکانی شنۆ، بە پیلانەکە دەزانن و شەرەفکەندی زوو کونترۆڵی بارودۆخەکە دەگرێتە دەست و ئەوەش دەبێتە هۆکار کە حاتەم و غەنی ڕزگاریان بێت. بە وتەی فازڵی، موراد قادری لە ناوچەی شنۆ دوکتور سەعید و ئەوان دەبینێت و ئاگاداریان دەکاتەوە. ئەو بابەتە لەلایەن موراد قادری پشتڕاست کرایەوە و موراد قادری دەڵێت کە پیلانیان هەبوو بۆ ڕادەستکردنی ئەو، شەرەفکەندی، شەڵماشی و

چەند ئەفسەرێکی ئێرانی کە لە گوندی نەڵۆس بوون، بەڵام ئەو بێئاگایە لەوەی کە پیلانی ڕادەستکردنی حاتەم و غەنیش هەبووبێت و یان ئەوان دەسبەسەر کرابن.

شەرەفکەندی کە خوێندنەوەیەکی باشی بۆ ئەو وەزعە هەبوو، دەزانێت کە گیانی حاتەم لە مەترسیدایە و لەوانەیە کەسانێکی سەر بە باندی ڕەحمان کەریمی، حاتەم تیرۆر بکەن. بۆیە داوا لە حاتەم دەکات کە بچێتە بۆ دەفتەری سیاسی و لە نێو دەفتەری سیاسیشدا دەبێت هەموو کاتێک چەک و ڕەختی لەگەڵ بێت و ئاگای لە خۆی بێت. ئەحمەد عەزیزی دەڵێت کە ئەو شەوە لە خەودا بووە کە شەرەفکەندی و شەڵماشی بە دواییەوە دەنێرن و ئاگاداری دەکەنەوە کە بەپەلە خۆ بگەیەنێتە مەقەڕی حیزب لە بنکەی شارەداریی شنۆ. لەبەر ئەوەی کە چەکۆ ڕەحیمی کە فەرماندەی هێزی سمکۆ بوو، لەگەڵ بێسیمی ڕاکاڵ دیار نامێنن، لەلایەن شەرەفکەندییەوە، ئەحمەد عەزیزی ئەرکدار دەکرێت کە ئەرکەکانی فەرماندەی هێز بگرێتە ئەستۆ و پێشمەرگەکان بنێرن بۆ کەمین و نەهێڵن ڕەحمان کەریمی دەرچێت. فازڵی دەڵێت: «بێجگە لە چەکۆ ڕەحیمی، نەبی قادریش کە بەرپرسی کۆمیتەی شنۆ بوو، دوو ڕۆژ ون دەبێت و لە هیچ جێگایەک دەرناکەوێت و خۆی نیشان نادات». بە وتەی قادری، ئەو پێشنیار دەکات کە شەرەفکەندی لەگەڵ کۆمیتەی شنۆ کە تازە هەڵبژێردرابوو کۆ بێتەوە و لەو ڕێگایەوە کونترۆڵی وەزعەکە بکات. بە وتەی مورادی و عەزیزی، ئەگەرچی ڕەحمان کەریمی دەکەوێتە کەمینی پێشمەرگەکان، بەڵام ڕزگار دەبێت و خۆی دەگەیەنێتە مەقەڕەکانی قیادەی موەقەت لە ڕاژان. بە وتەی موراادی، محەممەدی عەلی پیرەژنێ لە دەربازبوونی ڕەحمان کەریمیدا دەوری هەبوو. ئەو پیلانانەی کەریمی بەو شێوەیە لە ڕادەستکردنی حاتەم دوعاخان و ناوچە ڕزگارکراوەکان بە ڕێژیم پووچەڵ دەبنەوە.

بە وتەی موادی، جارێک پێشتریش ڕەحمان کەریمی هەوڵی گرتنی ئەو و حاتەمی دابوو کە ئەوان بگرێت و ڕادەستی کۆماری ئیسلامی بکاتەوە، بەڵام موراد و حاتەم لە ڕێگای ساڵح زەرزا لەو پیلانە ئاگادار کرابوون و ڕزگارییان دەبێت. ئەگەرچی ئەوان دەفتەری سیاسییان لەو پیلانانە و زۆر کردەوەی

نابەجێی دیکەی ڕەحمان کەریمی ئاگادار کردبووەوە، بەڵام دەفتەری سیاسی بە هۆی ئەوەی کەریمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، زۆر گوێیان بۆ ئەو قسانە شل نەکردبوو. دوای هەڵهاتنی کەریمی و خیانەتەکانی بە شێوەی ئاشکرا، ڕەحمان کەریمی لەلایەن سەنار مامەدییەوە ئێعدام کرا  کە دانەر باسی ئەو ڕووداوەی لە پەرتووکی دیرۆکێکی ڤەشارتیدا کردووە.

## پاشەکشە لە باکووری ڕۆژهەڵات بە هۆی سەپاندنی شەڕ لە لایەن کەواسوورەکانی بەر لەشکەری ڕێژیم

بە وتەی غەنیپوور، دوای ئەو ڕووداوانەی شنۆ و هەڵهاتنی ڕەحمان کەریمی و ڕزگاربوونی غەنی و حاتەم لە پیلانەکانی توودەییەکان، دوکتور شەرەفکەندی لەگەڵ حاتەم قسە دەکات کە ئەو بچێتە بۆ دەفتەری سیاسی، بەڵام حاتەم ڕازی نابێت کە بچێتەوە بۆ دەفتەری سیاسی. ئەو لەسەر داوای خۆی وەک فەرماندەی هێز نامێنێت و یووسف ئەمینی لە جێگای دادەنێن. شاهۆ حوسێنیش ببووە فەرماندەی هێزی سمکۆ لە شنۆ. هەر لەو کاتەدا ڕێژیمیش هەموو هەوڵی خۆی خستبووە گەڕ کە ناوچەکە داگیر بکات. بە سازکردنی سیناریۆی دەرهێنانی تەرمی مەلا مستەفا بارزانی، ڕێژیم توانی شەڕی قیادەی موەقەت لەگەڵ حیزب ساز بکات. هەڵبەت مادەی هەشتیش کە بە پلانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و لە ڕێگای کۆمەڵە و شێخ عیزەدین حوسێنییەوە پێشتر هاتبووە ئاراوە، لە پاڵدانی قیادە بۆ لای کۆماری ئیسلامی دەوری هەبوو. ئەگەرچی ئەحمەد عەزیزی دەڵێت کە بەبێ مادەی هەشتیش قیادە هەر لە هەوڵدا بوو خۆیان لە ڕێژیم نزیک بکەنەوە.

کاتێک کە شەڕی قیادە لەگەڵ حیزب ڕووی دا، حاتەم پێشمەرگەیەکی سادە بوو و هیچ بەرپرسایەتییەکی نەبوو. بە وتەی غەنیپوور، ئەو لە دزەی مەرگەوەڕ بوو و حاتەم لە گەلازێ دادەنیشت. یووسف ئەمینی لەگەڵ ڕەحمان کەریمی کەوتبوو و لەو لاشەوە قیادە هێرشی هێنابوو. حیزب داوای کردبوو کە غەنی

و حاتەم بەرپرسایەتی وەربگرن، بەڵام ئەوان قەبووڵیان نەکردبوو. کاتێک کە هێرشی قیادە دەگاتە لای گەڵازێ، حاتەم لەگەڵ پێشمەرگەکان بەرگرییان کردبوو. هێزەکانی قیادە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە پڕچەک کرابوون و بە هاوکاریی هێزەکانی ڕێژیم و جاشەکانی ناوچە پاشەکشەیان بە پێشمەرگەکان کردبوو. ئەوان ناوچەیان بەجێ هێشتبوو و چووبوون بۆ دەوروبەری پیرانشار لە ناوچەی لاجان. بە وتەی مورادی، هێزەکانی قیادەی موەقەت بە خیانەتی مەلا ئیسماعیل پیرەژنێ ڕێگایان بۆ کرایەوە کە بێنە نێو شاری شنۆ. بە وتەی ئەحمەد عەزیزی، کاتێک کە لە ناوچە زۆر کێشە هاتنە پێش، لە لایەک ئەو کێشانە کە لەگەڵ سەنار مامەدی ساز بوون بە هۆی سەرەڕۆیی فەرماندەیەکی ناحاڵیی و سەرەڕۆی وەک کەریم خاڵدار و لە لایەکی دیکە قیادەی موەقەت شەڕی ساز کرد و لە لایەک خیانەتی ڕەحمان کەریمی، دەفتەری سیاسی داوای کردبوو کە پێشمـەرگەکان ناوچەکە چۆڵ بکەن و بچنەوە بۆ دەوروبەری دەفتەری سیاسی.

بە وتەی غەنیپوور، ٣ـ ٢ ڕۆژ دوای پاشەکشەی هێزی نحۆ بۆ لاجانی پیرانشار، یووسف ئەمینی لەگەڵ ١٢ پێشمەرگە هەڵهاتن و خۆیان ڕادەستی دوژمن کردەوە. غەنیپوور دەڵێت: «دوای ئەوە هەندێک پێشمـەرگەی دیکەش نەمان و چوونەوە. لەو کاتەدا کە یووسف ئەمینی کە فەرماندەی هێز بوو و چوو خۆی ڕادەستی کۆماری ئیسلامی کرد، پێشمەرگەکان زۆریان پێ ناخۆش بوو. ئیدی فەرماندەی هێز نەمابوو. پێشمەرگەکان بۆ خۆیان لەو گوندانەدا ئەو خانوویانەی کە بەتاڵ بوون یان خەڵکەکە هەڵهاتبوون، جێگای خۆیان کردەوە. ئێمە جێگای مانەوەمان دابین کرد، تا دوکتور قاسملوو بە دوای ئێمەی نارد، منیش پێداگریم دەکرد کە ئێمە نەکەین، زۆر شتیان بە سەر ئێمەدا هێنا، ناڕەحەتییەکی زۆرمان کێشا. حوسێن مەدەنی هەتا قیادە نەگەیشتە شنۆ، هەر دەیگوت نە کاکە چۆن شتی وا دەبێ!؟ هەر پەیوەندییان لەگەڵ قیادەی موەقەت هەبوو. لە تەشکیلاتی ورمێشدا کەسانێکی بەو چەشنە هەبوون. ڕەحمان کەریمی کڵاوی لەسەری هەموویانی دانابوو».

## لە لاجانی پیرانشار- ڕێکخستنی دووبارەی هێزی نحۆ

دوای ئەوەی کە یووسف ئەمینی خۆی ڕادەستی ڕێژیم کردبوو، هێزی نحۆ بەبێ فەرماندە هێز مابوو. بە وتەی غەنیپوور، ئەو کات دەفتەری سیاسی لە ناوچەی سەردەشت لە لای میراوێ بوو کە قاسملوو داوا دەکات حاتەم و غەنی سەردانی دەفتەری سیاسی بکەن. غەنیپوور دەڵێت، کە لەگەڵ حاتەم قسەی کردبوو کە بەرپرسایەتیی وەرنەگرن و شۆڕش بەجێ بهێڵن. بەڵام کاتێک کە دەچنە دەفتەری سیاسی و قاسملوو لەگەڵیان قسە دەکات و لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە حوکمی فەرماندەی هێز بۆ حاتەم و حوکمی فەرماندەی عەمەلیات بۆ غەنی دەنووسێت، ئەوان پێیان عەیب دەبێت کە لای دوکتور قاسملوو ئەو ئەرکە ڕەت بکەنەوە. دوکتور قاسملوو دڵدارییان دەداتەوە و دەڵێت کە هەندێک هەڵە لە ناوچە کراوە، ئێوە خۆتان نارەحەت مەکەن، ڕێبەریی حیزب ئاگاداری ئەو شتانەیە. غەنیپوور دەڵێت: «ئێمە هاتین بۆ هێزی نحۆ و دەستمان کرد بە ڕێکخستنی پێشمەرگە. پێشمەرگەکان زۆریان پێ خۆش بوو کە جارێکی دیکە کاک حاتەم هاتووە و بووە فەرماندەی هێز. پێشمەرگە جارێکی دیکە ڕۆحییەیان گرت و مۆڕالیان بەرز بووەوە، خەڵکی ناوچەش زۆریان پێ خۆش بوو. ئێمە بەرەبەرە بۆ پێشمەرگەکان مەقەڕمان دانا و بە وەرگرتنی بوودجەیەک لە دەفتەری سیاسی، تەداروکاتمان دابین کرد بۆ پێشمەرگەکان و لە باری چەک و تەقەمەنییەوە، هەندێک شتمان کەم بوون کە حیزب ئەوانەیان بۆ دابین کردین و لە حیزبمان وەرگرت». فازڵی دەڵێت کە ئەو بەرپرسی ئەنباری تەقەمەنیی حیزب بوو ودوکتور قاسملوو ئەوی ڕایسپاردبوو کە هەر چەکێک حاتەم داوای بکات، بیداتێ و نابێت بێدڵیی حاتەم بکرێت. حاتەم کە کەسێکی پسپۆڕ بوو و دەیزانی چ چەکێک باشە و هێز چ چەکێکی پێویستە، بۆ خۆی ئەو چەک و تەقەمەنییە دەسنیشان دەکات و هەڵیدەبژێرێت و لە فازڵی وەریدەگرێت.

بە وتەی مەحموود دەشتی، لە هاوینی ساڵی ٦٠دا لە گوندی گردەبلێژی ناوچەی لاجان کە کۆمیتەی ورمێ لەوێ جێگیر ببوو، کۆمیتە شارستانیان هەڵبژارد و حاتەم کە فەرماندەی هێز بوو، وەک کەسایەتی کەسێکی ئارام، لێهاتوو و

بڕیاردەر لە کار و ئەرکی خۆیدا بوو و زۆریش هەوڵی دەدا باشترین هاوکاریی هەبێت لەگەڵ کۆمیتەدا.

غەنیپوور دەڵێت ئەو کاتەی ئەوان کە لە ناوچەی لاجانێ بوون، ئەو ناوچەیە مەیدانی چالاکیی هێزی ئاوارە بوو و بۆیە سەید ڕەسووڵ بابی گەورە زۆر هاتووچۆی هێزی نحۆی دەکرد. ناوبراو ڕۆژێک پێشنیار دەکات کە بۆ هێزی نحۆ و هێزی سمکۆ ناچن لە پشت سنووری ڕۆژهەڵات و لەنێو خاکی باشووری کوردستاندا بنکەیەک دابنێن تا بتوانن لەوێڕا بە شێوەی پارتیزانی لە ناوچەکەیان چالاکی بکەن. ئەو کە شارەزای هەڵکەوتی ناوچەکە بووە، پێشنیار دەکات کە ئەوان بنکەکانیان لە گوندی بیرکمێ دابنێن و لەو بارەوە لەگەڵ دەفتەری سیاسی قسە بکەن تا هاوکارییان بکات بۆ ئەم مەبەستە ئیزن لە دەوڵەتی عێراق وەربگرێت. ئەو کات کە وەرزی پاییز دەبێت. بۆیە سەید ڕەسووڵ پێشنیار دەکات کە ئەگەر هات و ئیزن درا، ئەوان بچن و لەوێ چادر هەڵدەنەوە و تێیدا بژین تا ئەو کاتەی چارەیەک بۆ خۆیان دەدۆزنەوە. دەفتەری سیاسی کە داوای کۆبوونەوە لەگەڵ حاتەم و غەنی دەکات، ئەوان لەگەڵ سەید ڕەسووڵی بابی گەورە دەچن و ئەو پێشنیارەی سەید ڕەسووڵ لەگەڵ دوکتور قاسملوو باس دەکەن و ئەویش پێی پێشنیارێکی باش دەبێت. بۆیە حاتەم و غەنی ئەرکدار دەکرێن بۆ پەیداکردنی چەکوچۆڵ و پێداویستییەکان بۆ ئەم مەبەستە سەردانی بەغداد بکەن و لەگەل حکوومەتی بەعس قسە بکەن. حکوومەتی بەعس بەڵێنی هاوکاری دەدات، بەڵام لەوێ شتەکانیان نادەنێ و پێیان دەڵێن کە دواتر لەگەڵ کەرکووک هاوئاهەنگی بکەن و بۆیە حاتەم و غەنی جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە بۆ لای پێشمەرگەکان.

## وەرێخستنی شەڕی پارتیزانی

شاهۆ حوسێنی دەڵێت، کە هاتنی کەسێکی فرۆکەوان بۆ نێو حیزب بۆمان بڕێک جێگای سەرسووڕمان بوو. ئەویش کەسێکی وەک حاتەم کە لە ئەمریکا

دەورەی دیبوو و فڕۆکەوانی فڕۆکەی شەڕکەر بوو. بۆ یەکەمین جار شاهۆ لە دەفتەری سیاسی لە ناوچەی سەردەشت چاوی بە حاتەم دەکەوێت. بە وتەی شاهۆ، ئەوان پێیان خۆش بوو لە کەسانی وەک حاتەم نزیک بن بۆ ئەوەی هەم بیناسن، هەم دڵدارییان بدەنەوە کە ئەوان فیداکارییان کردووە و پەیوەست بە ڕیزی پێشمەرگەکانی کوردستان بوونە و هەم بۆ ئەوەی شتێکی لێ فێر بن. شاهۆ دەڵێت: ئەو، سەرگورد عەلییار، حاتەم و دوو ئەفسەری دیکە کە دواتر حیزبیان بەجێ هێشت، پێکەوە سەردانی دوکتور قاسملوویان کرد. قاسملوو لەو کۆبوونەوەیەدا هەلومەرجی ناوچەکەیان بۆ شی دەکاتەوە و حزووری هێزی پێشمەرگە لە شنۆ بە گرنگ دادەنێت. دوای نانخواردن و جگەرەکێشانێک کە جگەرەکانیان قاسملوو پێیانی دابوو، حاتەم و شاهۆ لە کاتی جگەرەکێشاندا زیاتر پێکەوە قسە دەکەن و هەردووکیان لە ئاکامی کۆبوونەوە لەگەڵ دوکتور قاسملوو خۆشحاڵن. دواتر حاتەم دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری پیرانشار و دوای دوو ڕۆژ ئەو و سەید ڕەسووڵی بابی گەورە جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی و لەگەڵ شاهۆ باسی ئەوە دەکات کە بەو ئیمکانات و هێزەی کە هەیانە، دەتوانن شەڕی پارتیزانی بە دژی هێزەکانی داگیرکەر لە شنۆ وەڕێ بخەن و پێشنیار دەکات کە لەو بارەوە لەگەڵ دوکتور قاسملوو قسە بکەن. قاسملوو ئەو پلانە پەسەند دەکات و ڕایاندەسپێرێت کە گەڵاڵەی ئەم کارە ئامادە بکەن و لەو بارەوە لەگەڵ سەید ڕەسووڵیش قسە بکەن. بڕیار دەردەرێت کە هێزی سمکۆ و هێزی نحۆ پێکەوە بچن. لەو بارەوە قسەکانی شاهۆ و غەنیپوور وەک یەکە.

ئەحمەد عەزیزی دەڵێت، کە دوای گەڕانەوەیان لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ناوچەی لاجان، دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەیەکی پێک هێنا بۆ هەموو ئەو فەرماندە هێزانەی لە ناوچەکانیان تووشی شکست ببوون. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا هێزێک لە کێلەشینەوە و هێزێکیش لە نەغەدەوە بچێت بۆ شنۆ و ئەو دوو هێزە لە نێوەڕاستی دەشتی شنۆ یەک بگرنەوە و بەرەو شنۆ بچن بۆ ئەوەی کە بتوانن هەندێک چالاکی بکەن. بەڵام ئەحمەد عەزیزی لەو ئەرکەدا هیچ بەرپرسایەتییەک قەبووڵ ناکات. لەبەر ئەوەی کە ئەو پێی وابووە زەحمەتە دوای ئەم پاشەکشەیە، ئەوەندە زوو بتوانرێ پێشمەرگەکان لە حاڵەتی دیفاعییەوە

دەربهێنرێن و حاڵەتی هێرشیان پێ بدەن. بۆیە لە جێگای ئەو، مەحموود ڕەحمەتپوور ئەرک وەردەگرێت.

بە وتەی غەنیپوور کە ئەویش لە کۆبوونەوەی حاتەم، شاهۆ، سەید ڕەسووڵی بابی گەورە و قاسملوودا بەشداریی کردبوو، پلانەکە وا دادەڕێژرێن کە غەنی لەگەڵ هێزەکە بچێت و حاتەمیش بچێت بۆ ئەوەی ئەو چەک و تەقەمەنییەی کە قەرار بوو لە حکوومەتی عێراق وەربگیرێت، وەری بگرێت و بهێنێت بۆ هێز، بەڵام لە ڕێگادا حاتەم پەشیمان دەبێتەوە لەو دابەشکارییە. لەبەر ئەوەی کە لە کاتی سەفەر بۆ بەغداد، لە زۆر جێگادا بە ناچاری مەجبوور بوون بە پێیان بڕۆن و پێیەکانی حاتەم بریندار بوون و نەیدەتوانی بە ڕێگادا بڕوات. بۆیە غەنی دەنێرێت بۆ هێنانی چەکەکان و بۆ خۆی لەگەڵ هێز دەچێت. بە وتەی غەنیپوور، ناوبراو حاتەم و شاهۆ ئاگادار دەکاتەوە تا ئەو کاتەی کە خۆی نەگەڕێتەوە، ئەوان جووڵە نەکەن و نەچن بۆ ناوچە، بەڵام ئەوان ئەو بەڵێنە لەبیری خۆیان دەبەنەوە و پێش گەڕانەوەی غەنی، لەگەڵ هێز دەگەڕێنەوە بۆ ناوچە.

## شەهیدبوونی حاتەم - «ئەگەر کورد نەمکوژن، عەجەم قەت ناتوانن زەفەرم پێ بەرن»!

شاهۆ و غەنی لەو بارەوە هاوڕان کە ئەو کاتەی پێشمەرگەکان بەڕێ کەوتبوون بۆ ناوچە، پاییز بوو و هەوا ساردی کردبوو و بەتایبەتی کێلەشین بە هۆی ئەوەی کە بەرزە، هەواکەی ساردتریشە و ئەوان ئەو زانیارییەیان پێشتر لەلایەن ئەوانەی شارەزای ناوچەکە بوون، بەدەست هێنابوو. بە وتەی شاهۆ، لەسەر پێداگریی حاتەم جووڵەیان کردبوو. شاهۆ دەڵێت کە حاتەم گوتویەتی: «ئەو هەموو خەڵکە، ئەو هەموو پێشمەرگەیە گیانی خۆیان داوە، ئێمە لە سەرما بترسین!؟ دەمانهەوێ ڕوو لە فیشەک و گوللە بکەین، لە سەرما بترسین»!؟ بە وتەی شاهۆ، کاتێک کە ئەوان دەگەنە سەر شاخی کێلەشین، بە هۆی ماندوویەتیی ڕێگا، جوان شناسایی جێی مانەوەیان ناکەن و لەوێ بڕیار دەدەن

کە چۆن دامەزرێن و لەو بارەوە ئەرکەکان دابەش دەکەن. ئەوان بڕیار دەدەن بەشێک لە پێشمەرگەکان بچنە نێو گوندەکان و خۆیان لەنێو گوندەکاندا ڕاگرن تا بەیانی و بەشی دیکە لەسەر شاخ بمێنن کە ئەگەر هێرش هات، بتوانن دیفاع بکەن. حاتەم لەگەڵ بەشێک لە پێشمەرگەکان لەسەر شاخی کێلەشین دەمێنێت و پێشمەرگەکانی هێزی سمکۆ لەگەڵ شاهۆ دەچنەوە خوارەوە بۆ نێو گوندەکان، بەڵام ئەوان ئاگایان لەوە نەبووە کە «ئەوانەی ببوون بە کەواسووری بەر لەشکەری کۆماری ئیسلامی پێشتر هاتوون و تەواوی شاخەکانی ئەولایان گرتووە و لەسەر هێزەکانی پێشمەرگەدا زاڵن. بە وتەی شاهۆ، ئەوان جێگای شەهید حاتەمیان زانیبوو، کە هێرش دەکەن، زۆربەی هێرشەکە بۆ سەر ئەو خێوەتە بوو کە حاتەم لێی دەمایەوە و بەو شێوەیە حاتەم شەهید کرا.

غەنیپوور چۆنیەتیی شەهیدبوونی حاتەم لە عەلی دوعاخان، برای حاتەم دوعاخان، پرسیوە و ئەو وەها باسی کردووە: «ئەو کاتەی ئەوان دەگەنە سەر شاخی کێلەشین، دوو پێشمەرگەی هێزی نحۆ دەچن و خۆیان ڕادەستی هێزەکانی قیادە دەکەن و ئەوانیش بەو شێوەیە ئاگادار دەکرێن کە پێشمەرگەکانی حیزب گەڕانەوە بۆ ناوچە و ئەوانیش هێز دەنێرن و هێرش دەکەن. هێزەکانی قیادە و جاشەکان بە ئۆتۆمبێل سەردەکەون و هیچ بەرگرییەک بەرامبەر خۆیاندا نابینن. ئەو پێشمەرگانەی لە کاتی شەڕدا بۆ جێگای دیاریکراو نێردرابوون کە دیفاع بکەن، بەبێ فەرمان سەنگەرەکانیان بەجێ دەهێڵن و هەندێکیان یەکراست دەچن بۆ ناوچەی مەرگەوەڕ و تا ساڵێک لە هێز دادەبڕن. پێشمەرگەکانی هێزی سمکۆش تووشی شەڕ دەبن و هەر لە دەستپێکی شەڕەکەدا مەحموود ڕەحمەتپوور کە فەرماندەی عەمەلیات و جێگری فەرماندەی هێز بوو، بریندار دەبێت و دواتر گیانی لەدەست دەدات و شەهید دەبێت. حاتەم لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک بڕێک بەرگری دەکەن، بەڵام دواتر فیشەکێکی بەر دەکەوێت و شەهید دەبێت». بەو چەشنەیە ئەو قسەیەی حاتەم وەڕاست گەڕا، کە لەو کاتەی فازڵی لێی پرسیبوو: «حاتەم!؟ لە عەجەمان ناترسێی»؟ ئەویش وڵامی دابوویەوە: «ئەگەر کورد نەمکوژن، عەجەم قەت ناتوانن زەفەرم پێ بەرن»!

فازڵی دەڵێت، کە دوو جار بینیویەتی قاسملوو بگری. یەکەم جار بۆ شەهید

هەژار و جاری دووهەم بۆ حاتەم. لەبەر شەهیدبوونی حاتەم، قاسملوو ئەوەندە خەفەتبار دەبێت کە هەفتەیەک ناتوانێت ئەرکەکانی جێبەجێ بکات و دوکتور شەرەفکەندی ئەرکەکانی بە ئەستۆ دەگرێت و ڕایدەپەڕێنێت. فازڵی دەڵێت: «تازیەباربوونی قاسملوو بۆ حاتەم وەک چۆن باوکێک بۆ کوڕەکەی خۆی تازیەبار و نارەحەت دەبێت، بەو شێوەیە بوو». شایانی باسە حاتەم دوعاخان لە ڕێکەوتی ۱۹ی ڕەزبەری ۱۳٦۰دا لە ناوچەی شنۆ شەهید بوو.[١]

---

١- نامیلکەی «جنگ در کردستان، مهر و آبان ١٣٦٠» لە بڵاوکراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ل. ٢٨

# شیکردنەوەی کەسایەتیی حاتەم دوعاخان وەک پێشمەرگەی نموونە

## کەسایەتیی حاتەم دوعاخان لەسەر بنەمای فەلسەفەی ئەفلاتوون

بەشێک لەو ڕەنگدێرانەی لەلایەن ئینفۆرمانتەکانەوە لەسەر کەسایەتیی حاتەم لە قسەکانیاندا بەکار هاتوون، بریتین لە: خاوەنی ئەخلاقی بەرز، ڕێزدانان بۆ گەورەکان، دڵنزم، خاکی، دلۆڤان، هۆگری خوێندن و فێربوون، قۆتابییەکی زیرەک و ژیر، خاوەنی بەرزیی چڕیی هۆش، لەشساغیی باش، فرۆکەوانێکی لێهاتوو و کارامە، سەرسامهێنەر، چالاک، نەتەوەپەروەر، وڵاتپارێز، خاوەنی قیافەیەکی جوان، هەڵکەوتوو، ڕێکوپێک، شیرین، ڕاشکاو و قسەلەڕوو، شەرافەتمەند، بەناموس، چەکدارێکی بە ڕۆحیە ئەرێنی نەک ڕۆحییەی داگیرکەرانە و خۆهەڵکشانە، خاوەنی ڕۆحییەی خاکەڕایی، فیداکار، قارەمان، ئازا و نەترس، خاوەنی ڕەوشتی شۆڕشگێڕانە، کەسێک کە وەک ڕاستی لە دایک بوو، لە ڕاستیدا ژیا و وەک ڕاستی خۆ لە پێناوی نەتەوەکەیدا فیدا کرد، هاوڕێی ڕۆژە ئەستەمەکان و تا سەر، خاوەنی ڕوخسارێکی کوردانە، قسەخۆش، لەبەردڵان، کەڵەپیاو، خاوەن کەسایەتی، بەبیروباوەڕ زۆر کورد، بڕیاردەر لەسەر بنەمای زانین و تێگەیشتن، گرینگینەدان بە پلە و پایە، خاوەنی کەسایەتییەکی تایبەت، هەڵسوور، ڕێکخەر، خۆنەویست و بەبیروباوەڕ، خاوەنی شیاویی دەربڕینی بۆچوونەکانی بەبێ هیچ پێچوپەنایەک، خاوەنی سەوادی سیاسیی کوردی، شارەزا لە مێژووی کوردستان، خاوەن ئیرادە، نهێنیپارێز، خۆڕاگر، پێداگر لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکان، پسپۆڕ لە بەشی خۆیدا، دڵسۆزی نەتەوە و شۆڕش، جێگای شانازیی حیزب، خاوەن نفووز و خۆشەویست لەنێو خەڵکدا، بەباندۆڕ، خۆڕاگر لە بەرامبەر پیلانەکانی دوژمن، لەسەرخۆ و ئارام و مەتین، بەخشەندە و دەست و دڵکراوە، مودیر و لێزان لە بەڕێوەبەریدا، بوێر و بوێر.

ئەو هەموو ڕەنگدێرە بەرز و ئەرێنییانە کە لە کەسایەتیی حاتەم دوعاخاندا کۆ بوونەتەوە، دەرخەری کەسایەتیی بەرز و خاوەن ئەخلاقی حاتەم دوعاخانن و لەوەوە سەرچاوە دەگرن کە ئەو بەدوور بووە لە گەندەڵیی هزری، گەندەڵیی ماڵی و گەندەڵیی ئەخلاقی و توانیویەتی لە ڕێگای پەروەردەی دروستەوە کە هەر لە منداڵییەوە لە بنەماڵەکەیدا دەستی پێ کردووە، سروشت و نێوەڕۆکی ڕەنگدێرەکانی خۆڕاگری، تێکۆشەربوون و بوێری بناسێت و هەوڵ بدات ئەوان بکات بە بەشێک لە بوونی خۆی.

## حاتەم- کەسێکی پەروەردەکراو

هەروەک ئینفۆرمانتەکان باسیان کردووە و لە بەشی پێشوودا ئاماژەیان پێ کرا، حاتەم لە باری پەروەردەی جەستەییەوە توانیبوو بەو ڕادەیە خۆی بەهێز بکات کە بە ئاسانی لە تاقیکردنەوەکانی زانکۆی فڕۆکەوانی لە باری لەشساغی و پەروەردەی جەستەیی دەرچێت. ئەو پەروەردەیە لەلایەن حاتەمەوە بە کردەوە کاریگەریی لەسەر پەروەردەی ڕۆحیشی داناوە و هەر ئەوەی کە حاتەم دەتوانێت بوێرانە بەرامبەر داگیرکەران ڕابوەستێت و بڕیارەکانی ئەوان بۆ بۆمبارانی خەڵکی کوردستان ڕەت بکاتەوە، نیشان دەدات ئەو هێندە بوێر و چاونەترس بووە و خۆی لە ترسی مردن ڕزگار کردبوو کە توانیویەتی لە نێو چاوانی دوژمنان بڕوانێت و لە بەرامبەریاندا ڕابوەستێت. ئەو لە لایەک هۆگری زانست و فێربوون بووە و لە لایەکی دیکەش کەسێکی دلێر و چالاک. بەو واتایە کە ئەو خاوەنی ئەو کاراکتەرە بەرزانە بووە کە شیاوی پارێزڤانانی ڕاستەقینەن.

کاتێک دەگوترێت حاتەم پەروەردەی چاکی جەستەیی هەبووە، بەو واتایەیە کە ئەو کەسێکی بەئیرادە بووە، چونکە بەهێزبوون سەرچاوەی ئیرادەیە. ئەو هەروەها لە باری نەرمبوونیش پەروەردەی دروستی وەرگرتووە. چونکە باس دەکرێت حاتەم کەسێکی دلۆڤان بووە و ڕێزی لە گەورەکان گرتووە، دلۆڤانی و میانڕەوی دوو کاراکتەری پێویستن بۆ پارێزڤانان.

حاتەم کەسێکی تێگەیشتوو بووە و توانیویەتی هەستەکانی بەباشی کونترۆڵ بکات. ئەو هەر لەو کاتەدا کە بڕیار دەدات ببێتە پێشمەرگە، لە قسەکانیدا لەگەڵ فازڵی، نیشان دەدات ئەو بە بیرکردنەوە لەسەر هەموو سەختییەکان، ئەو ڕێگایەی هەڵبژاردووە. ئەو هێندە بە بروابەخۆبوون قسەی لەگەڵ فازڵی و شەڵماشیدا کردووە و بەبێ هیچ پێچوپەنایەک بە ئارامی هزرەکانی هێناوەتە زمان کە دەردەکەوێت ئەو کەسێکی خۆڕاگر، لەخۆبردوو و بەدوور لە ماستاوچییەتی و درۆ بووە.

هەروەها لە بەشی پێشوودا باس کرا کە حاتەم کەسێکی پێداگر بووە لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حیزبی. ئەو کەسێکی بەناموس و خاوەنی ئەخلاقی بەرزی شۆڕشگێڕانە بووە. وەها کەسێک کە لە فەرمانی ڕێبەران پێڕەوی دەکات و کەسێکی میانرەوە و زەوق و شەهوەتەکەی بۆ دەسەڵات و چێژە هەستەکییەکان بەباشی کونترۆڵ دەکات، کەسێکی خۆڕاگرە. هەر بۆیە بە وتەی ئەفلاتوون ئەو ڕەنگدێرە بۆ پارێزڤانان زۆر گرنگە.

حاتەم شارەزای بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی بووە و خۆی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکاندا بەرپرسیار زانیوە. شارەزایی لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکاندا و خۆبەئەرکدارزانین یەکێک لەو خاڵانەیە کە بۆ فەرماندەرانی پارێزڤانان لەبەر چاو دەگیرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ژیاننامەی حاتەم، دەردەکەوێت کە ئەو لە بەرژەوەندیی نەتەوە، وڵات و شۆڕشی ڕزگاریخوازانەدا و لە ئاکامدا لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەدا بە دڵ و گیان خەباتی کردووە و تێکۆشاوە و خۆی لە ئەنجامی ئەو کارانەی کە زەرەریان هەبووە بۆ شۆڕش و نەتەوەکەی، پاراستووە. ئەوە نیشانەی بیر و باوەڕی پۆڵایینی حاتەم بووە بەو ڕێبازەی کە خەباتی بۆ کردووە. ئەو لەو بارەوە خۆی بەئەرکدار زانیوە. خۆبەئەرکدارزانین بەو واتایەیە کە مرۆڤ بەرژەوەندی، خێر و زەرەری ئەو شتەی کە خۆشی دەوێت، بە هی خۆی دەزانێت. بەس کەواتە، حاتەم ئەویندارى نەتەوە و وڵاتەکەی بووە.

حاتەم دوعاخان کاتێک دەبێتە پێشمەرگە کە خەڵکی کوردستان پێویستییان بەوە هەبوو لە بەرامبەر دوژمنانی داگیرکەر و کەواسوورەکانی بەر لەشکەری ئەوان کە

ماف و ئازادیی خەڵکی کوردستانیان پێشێل دەکرد، بەرگیریان لێ بکرێت. ئەو هەر زوو لێهاتوویی خۆی نیشان داوە و ڕێبەرانی شۆڕشی کوردستان هەستیان بەو ڕاستییە کردووە کە کەسێکی وەها لێزان، بوێر و لێهاتوو دەتوانێت یەکێک لە باشترین هاوکارەکانی ئەوان بێت لە شۆڕشدا و بۆیە ئەرکی فەرماندەیی هێزی نحۆیان خستبووە سەر شانی و حاتەم بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و یارمەتیدان بە پلان و ئامانجەکانی ڕێبەری، لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و بەهێز لەگەڵ دەفتەری سیاسی و ڕێبەری ئەم شۆڕشە واتە دوکتور قاسملوو بووە. حاتەم بە کردەوە نیشانی دابوو و سەلماندبووی کە یەکێک لە باشترین پارێزڤانانی خەڵکی کوردستانە و خەڵکی ناوچە و ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بەو هۆیەوە کردار و خەباتی حاتەمیان بە دروست زانیوە و بڕوای تەواویان پێ هەبووە و کاتێک کە هەندێک کەس حاتەم بە مەترسی بۆ نفووز و پیلانەکانی خۆیان دەزانن، هەوڵ دەدەن لە ڕێگای کەسانی هاوچەشنی خۆیان لە ناوچەکە دووری بخەنەوە، ڕێبەرانی وەک دوکتور سەعید لە بەرامبەریاندا ڕادەوەستێت و بوونی حاتەم لە خەباتدا بە گرنگ دادەنێت و ئیزن نادات کە ئەوان بە ئاواتی خۆیان بگەن. حاتەم بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی، نەک لە ئیمکاناتی شۆڕش و خەڵک لە بەرژەوەندیی خۆی کەڵکی وەرنەگرتووە، بەڵکوو ئەو سەرمایە ماددییەی خۆی کە پێشتر پاشەکەوتی کردبوو، بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی پێشمەرگە و شۆڕش بەکاری هێناوە. فازڵی دەڵێت کە ئەو قەت داواکاریی تاکەکەسیی لە حیزب نەبوو و قەت نەیبینیوە کە بۆ تاقە جارێکیش داوای شەخسی لە ڕێبەریی حیزب بکات. کەواتە، حاتەم وەک پارێزڤانێکی ڕاستەقینە، نەک هەوڵی ئەوەی نەدا لەسەر حیسابی شۆڕش ببێتە خاوەنی سامان و موڵک، بەڵکوو بۆ ڕیالیزکردنی بەرزترین ئامانجی کە ئازادی و بەختیاریی خەڵکی کوردستان بوو، تێدەکۆشی. لەبەر ئەوەی کە ئەو ژان و شادیی خەڵک بە هی خۆی دەزانی و تێدەکۆشا بە دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان، بزە بخاتە سەر لێوی هەموو کوردێکی وڵاتپارێز و نیشتمانحەز.

حاتەم وەک پارێزڤانێکی ئایدیاڵ لە مەیدانی شەڕیشدا شانبەشانی هاوڕێیانی بەشدار بووە و قەت نموونەی نەبووە کە بۆ تاقە جارێکیش هاوڕێیانی خۆی لە

مەیدانی شەڕدا بەجێ بهێڵێت. ئەوە لە کاتێکدایە لانیکەم دوو جار ئەو لە مەیدانی شەڕدا لە لایەن هەندێک هاوڕێی ترسنۆک بەجێ هێشتراوە کە لە جاری دووەمدا بە نرخی گیانی تەواو بوو. حاتەم تەنیا هەڵسوکەوتی باش و دلۆڤانانەی لەگەڵ پێشمەرگەکان نەبوو، بەڵکوو ئەو هەروەها لە بەرامبەر دیلەکان و کوژراوانی دوژمنیشدا خاوەنی ئاکارێکی بەرزی مرۆڤانە بوو. ئەو هەموو جارێک دوای تەواوبوونی شەڕەکان هەوڵی داوە کە دیلەکانی دوژمن زیانیان پێ نەگات و ئەگەر ئیمکانی هەبێت، دیلەکانی دوژمن لەگەڵ ئەو پێشمەرگانەی کە بەدیل گیرابوون یان تەرمەکانیان کەوتبووە دەستی دوژمن، پێکەوە ئاڵوگۆڕ بکرێن.

حاتەم چ لە کاتی سەرکەوتندا و چ لە کاتی پاشەکشەی هێزەکانی پێشمەرگەدا خسڵەت و کاراکتەری بوێری و بوێربوونی خۆی لەدەست نەداوە. ئەو نیشانی دابوو کە خاوەنی پەروەردەیەکی بەرزی ڕۆحی و جەستەییە.

لە قسەکانی ئینفۆرمانتەکاندا بەڕوونی دەردەکەوێت کە حاتەم کەسێکی خۆڕاگر و زاڵ بەسەر نەفسی خۆیدا بووە. چونکو ئینفۆرمانتەکان لە لایەک باسی دڵاواڵایی و دەستکراوەیی ناوبراو دەکەن و لە لایەکی دیکە بە کەسێکی بەناماووس ناوی دەهێنن. یانی بەشی بەرزی ڕۆحی لەسەر بەشی نزمی ڕۆحیدا زاڵ بووە و ئەو حاکمی خۆی بووە. بۆیە هەر کاتێک کە ئەو وەک ڕێبەرێک (فەرماندەی هێز) ئەرک بە ئەستۆ دەگرت، خەڵک و پێشمەرگەکان پێی دڵخۆش دەبوون.

حاتەم هەروەها کەسێکی دادپەروەر بووە، چونکە کار و ئەرکەکانی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەبووە لەگەڵ ئەو پسپۆڕییەی کە هەیبووە و ئەو کەسێکی لێهاتوو و شایستە بووە بۆ ئەم ئەرکە. لێرەدا دەردەکەوێت کە حاتەم لەلایەن بەشی ژیرانەی ڕۆحییەوە بەڕێوە چووە و بەشی بوێریی ڕۆحی لە پشتیوانیی بەشی ژیرانەدا بەکار هاتووە و بەو چەشنەیە ئەو توانیویەتی بەسەر بەشی هەست و هەوەسی ڕۆحیدا سەرکەوتوو بێت و پشت لە خۆشییەکانی ژیان بکات و ڕێگای خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوە و وڵاتەکەی بگرێتە بەر. ئەو هاوئاهەنگییەی کە لە نێوان بەشی ژیری و بەشی بوێریی ڕۆحی حاتەمدا خۆی نیشان دەدات، بە واتای ئەوەیە کە ئەو توانیویەتی لە ڕێگای پەروەردەی دروستەوە ئەو یەکە لە

ناخیدا دروست بکات و لە ناخیدا هەست بە بەختیاری بکات. ئەوەش هۆکار بووە حاتەم بتوانێت لە بارودۆخی ئەستەمدا، لە بەرامبەر پیلانەکانی دوژمنان و خۆفرۆشانی وەک کەریمی و جاشەکان و سەرۆک عەشیرەتە خۆفرۆشەکاندا کە دوژمنانی نێوخۆییی بزاڤی کوردستان بوون، خۆی بپارێزێت و نەهێڵێت بەلاڕێدا ببرێت. ئەو هەڵوێست و هەڵبژاردەیە هەروەها دەرخەری بوێریی حاتەمە. لێرەدا مەبەست لە بوێری هەر ئەو وتەیەی ئەفلاتوونە کە دەڵێت: «بوێر ئەو کەسەیە کە بەشی تووڕەیی ڕۆحی لە کاتی مەترسی و یان لە کاتی ئارامیدا پێڕەوی لە بەشی ژیریی ڕۆحی دەکات و فەرمانی ئەم بەشە جێبەجێ دەکات».

## حاتەم وەک ڕێبەر

حاتەم لە ڕێگای پەروەردە و ئەزموونەوە گەیشتبووە ئاستێکی بەرزی ناسین. ئەو لە پێشدا خۆی و نەتەوەکەی باش ناسیبوو. لەو ڕێگایەوە جوانیی نەتەوەکەی لە ئازادی و سەربەستیدا دەبینی. بۆ ئەو ئازادی و سەربەستی جوانییە ڕاستەقینەکان بوون و ئەو بەباشی لەو تێگەهانە تێگەیشتبوو و ئەگەرچی بە هۆی کات و بارودۆخ وەک ئەندامی ڕێبەریی حیزب دەسنیشان نەکرابوو، بەڵام ئەو بەڕاستی ڕێبەر بوو (حاتەم پاش کۆنگرەی چوارەم بووە پێشمەرگە و پێش کۆنگرەی پێنجەم شەهید بووە). حاتەم کە بە فازڵی دەڵێت: «ئەگەر حیزب وەک پێشمەرگەش وەری نەگرێت، ئەو لە هێزی بەرگریی نەتەوەییدا چەک هەڵدەگرێت و بەرگری لە نەتەوەکەی دەکات» و یان ئەگەرچی بۆ ماوەیەک وەک فەرماندەی هێز نامێنێت و وەک پێشمەرگەیەک ئەرکەکانی ڕادەپەڕێنێت، بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ ئەو ڕاستییە کە ئەو پلە و بەرپرسایەتیی وەک نیعمەتێکی گەورە نەبینیوە. بەڵکوو ئەو بە هۆی گەیشتن بە پلەی بەرزی زانین و ئایدیای چاکە (ئازادی و ڕزگاری)، ڕێبەربوونی بە ئەرکێکی قورس و بەدوور لە خێر و نیعمەت زانیوە و خێر و بەرژەوەندیی نەتەوەکەی ناسیوە و بۆ دەستەبەرکردنی تێکۆشاوە.

حاتەم لە نێو شۆڕشدا خۆی پەروەردە نەکردبوو. ئەو پێش هاتنی بۆ نێو شۆڕش

خۆی پەروەردە کردبوو، یانی شۆڕش مافی ئەوەی نەبوو کە ئەرک بخاتە ئەستۆی حاتەم. بەڵام ئەو بە هۆی پەروەردەی بەرزیەوە ئەرکە نەتەوەییەکانی دەناسی و کەسێکی دەوڵەمەندی هزری و بە هۆی ئەو زانستەوە خاوەنی سەرمایەی ڕاستەقینە بوو. بۆیە پاراستنی پرەنسیپ و یاسا حیزبییەکان و عورفییەکانی دەپاراست و لە بەرامبەر ئەوانەدا دەوەستاوە کە هەوڵییان دەدا ئەو پرەنسیپ و یاسایانە بشکێنن. بۆیە بێپرەنسیپەکان و عورف و یاساشکێنەکان بە دژی بوون. حاتەم بەدوور بوو لە پەستی، چاوچنۆکی، ترس و خۆنوێنی. ئەو کەسێکی زانا، زیرەک و خاوەنی یادگەیەکی بەهێز بوو کە ئەو پرەنسیپە بەرزە ئەخلاقی و نەتەوەییانەی فێری ببوو، فەرامۆشی نەدەکردن. بۆیە دەتوانین بڵێین کە حاتەم خاوەنی یەکێک لە بەنرخترین ڕۆحەکان بوو. چونکە هەردوو بەشی ژیری و بوێریی ڕۆح تێیدا زۆر بەهێز بوون و هەستی شەرەف و سەربەرزی لە ڕێگای خەباتکردن بۆ نەتەوەکەی بە شێوەیەکی ژیرانە لە پراکتیکدا گرتبووە بەر و لەو تاقیکارییە ئەستەمەدا سەربەرز و پاک هاتبووە دەر. بۆیە ئێستاش کە نەماوە، بە شکۆ و ڕێزەوە ناوی دەهێنرێت.

## تێگەیشتنی حاتەم لە خەبات و کوردایەتی

ئینفۆرمانتەکان لە خۆشەویستیی حاتەم بۆ نەتەوە و نیشتمان دواون و بە کەسێکی خاوەن کەسایەتییەکی کوردانە ناوی دەبەن. ئایدیای چاک بۆ حاتەم ڕزگاری و ئازادیی نیشتمان و نەتەوە بوو. بەو واتایە کە حاتەم توانیبوو لە ماوەی ژیانیدا ئاراستەی هێزی ناسین لە ناخیدا بۆ لای فێربوونی شتی باش ئاراستە بکات و کاتێک کە دەگاتە پلەی بەرزی زانین، ڕێگای خەبات دەگرێتە بەر. یانی حاتەم شیاوی ئەوە بوو لەو شۆڕشەدا ئەرکی ڕێبەری بە ئەستۆ بگرێت. چونکە ئەو خاوەنی ناسینی ژیرانە بوو. هەروەها ئینفۆرمانتەکان باس لەوە دەکەن کە حاتەم لە دەربڕینی بیروبۆچوونەکانیدا کەسێکی ڕاشکاو بوو. یانی حاتەم لە باری دیالێکتیکیشدا کەسێکی لێهاتوو بووە و توانای شیکردنەوەی هزرەکانی هەبووە و ئەوەش نیشان دەدات ناوبراو بە شێوەیەکی سروشتی خاوەنی ڕادەیەکی بەرزی

چڕیی ژیری بووە، لە بیرکردنەوە ماندوو نەبووە، خاوەنی ڕۆحێکی بەهێز بووە و ماندوونەناسانە هەوڵی فێربوون و خۆپێگەیاندنی داوە.

هەروەک کە پێشتر باس کرا، حاتەم لە باری پرسی کوردستان و ماف و ئازادیی نەتەوەی کورد گەیشتبووە ئاستێکی بەرزی تێگەیشتن و ئایدیای چاکە و لە باری هزری، ماددی و ئەخلاقییەوە بەدوور بوو لە گەندەڵی. هەروەها باس کرا کە پلە و پایە لە لایەی حاتەم گرنگ نەبوو، ئەوەش بەو واتایەیە کە حاتەم حکوومەتی تیموکراتیی ڕەت کردووەتەوە. ئەو هەروەها خاوەنی کەسایەتییەکی خاکەڕا بووە و بەدوور بووە لە شەڕئەنگێزی، لووتبەرزی، خۆپەرستی و پارەپەرستی و بەتەواوی لە نێوان سێ بەشی ڕۆحیدا هاوئاهەنگی هەبووە. ئەو هەروەها کەسێکی ئۆلیگارشیش نەبووە کە بە دوای کۆکردنەوە سامان و سەروەتەوە بێت و خۆی پێ دەوڵەمەند بکات. کەسێکی زانستخۆشەویست و هۆگری خۆپێگەیاندن بووە و هەروەها  کەسێکی ئازاد و خاوەن ئیرادەی ئازادی خۆی بووە. کەواتە، ئەو لە لایەک بە هۆی جەنگاوەربوونی کەسێکی بەرزیخواز و بە هۆی زانستخوازییەوە کەسێکی زانستخواز بووە و ویستوویەتی بەرزیخوازی و زانستخوازی لە پراکتیکدا بخاتە خزمەتی ئامانجە بەرزەکانی و هەر ئەوەش گرنگترین هۆکار بووە کە ئەو هەم لە لای خەڵک و هەم لە لای ڕێبەرێکی وەک دوکتور قاسملوو و ئەوانەی کە بەڕاستی دڵیان بۆ کوردستان لێ دەدا، خۆشەویست بێت. بۆیە کەسێکی بەختیار بوو. جێگای سەرسووڕمان نییە کە کەسێکی خاوەن ئەو هەموو ڕەنگدێرە ئەرێنی و بەرزانە، دوکتور قاسملووی خۆش بوێت و لە هەمان کاتدا لای قاسملوو خۆشەویست بێت و پەیوەندییەکانیان لە ئاستی پەیوەندی و خۆشەویستیی نێوان کوڕ و باوک ببینرێت.

# شیکردنەوەی کەسایەتیی حاتەم لەسەر بنەمای ڕوانگەی قاسملوو لەسەر پێشمەرگە

شک لەوەدا نییە کەسایەتیی حاتەم لەسەر بنەمای هزر و ئایدیای ئەفلاتوون شیاوی ئەوەیە لە ئاستی بەرزی فەرماندەرانی پارێزڤانان‌دا پۆلێنبەندی بکرێت و وەک ڕێبەرێکی کارامە دابنرێت. ئەگەر ئەو ڕوانگەیەی قاسملوومان قەبووڵ بێت کە پێشمەرگە زاراوەیەکە دەبێت هەموو ئەندامانی حیزب لەخۆ بگرێتەوە، حاتەم یەکێک لەو پێشمەرگانە بووە کە لە ئاستی هەرەبەرزدا وەک پێشمەرگەیەکی ئایدیاڵ دادەنرێت. چونکە حاتەم ئەو پێشمەرگەیە بوو وەک مرۆڤێکی واقیعی لە پێناوی ڕزگاریی خەڵک و خاکی کوردستاندا لە هەموو ئاسوودەیی و خۆشییەکانی ژیان گوزەرا. ئەو لە هەموو هەلومەرجێکدا ئامادەبوو خزمەت بە دۆزی ڕەوای نەتەوەی کورد بکات و تەنانەت سەرمای کێلەشینیش نەیانتوانی ڕێگر بێت لەو خزمەتە. ئەو لە یەکێک لە ئەستەمترین کاتەکاندا بڕیاری وەڕێخستنی شەڕی پارتیزانیی لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات دا. ئەو هەر ئەو ڕۆلە بەئەمەگەی خەڵکە کە قاسملوو باسی لێوە دەکات کە هەموو سەرمایەی ژیانی بە سەخاوەتەوە لە خزمەتی ئامانجەکانی نەتەوەکەیدا دانا و بە گیان و بە ماڵ خزمەتی بە بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەی کرد، بەبێ ئەوەی کە هیچ چاوەڕوانییەکی لە نەتەوەکەی هەبێت. بۆیە جێگای هیوا و هومێدی خەڵک بوو و وەک گەوهەرێکی بەنرخ لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا لە قەڵەم دەدرا.

ئەو هەر لە دەسپێکەوە نیشانی دابوو کەسێکی ئاگا و دەروەستە و دەزانێ بۆچی خەبات دەکات و هەم دیسیپلینی پێشمەرگانەی هەبوو، هەم دیسیپلینی حیزبیی دەپاراست و هەم فێری پێشمەرگەکانی دەکرد کە چۆن ئەو دیسیپلینە فێر بن و بیپارێزن. ئەو خاوەنی ئاکار و ڕەوشتێکی بەرزی شۆڕشگێڕانە بوو لە هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەریدا، خاوەن بڕیار و بیر و بۆچوونی خۆی بوو و بەدوور بوو لە گوێڕایەڵیی کوێرکوێرانە.

جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ڕێبەریی حیزب، پشتگیریی خەڵک و ئەو نفووز،

کاریگەری و خۆشەویستییەی کە حاتەم لەنێو خەڵکی ناوچەکەدا هەیبوو، ببووە هۆکار بۆ ڕاکێشانی پشتگیریی خەڵک لە شۆڕش و فیداکاری، گیانبازی و لەخۆبردوویی حاتەم. پێشمەرگەکان هاوڕێی ئەو وەک خۆی، هۆکاری سەرەکیی نفووز و ڕەوایی حیزبی دێموکرات و بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد بوون لەو ناوچانەی کە حاتەم خەباتی تێدا دەکرد. لەوەدا حاتەم وەک فەرماندەی هێز هاندەر بوو بۆ ئەوەی کە پێشمەرگەکان وەک بەشی ئازای کۆمەڵگا پشتیوانی لە بڕیارەکانی ڕێبەریی حیزب بکەن و ئەو ئەرکەیان کە لەگەڵ ڕۆحیان تەبا بوو، بە باشترین شێوە جێبەجێ بکەن. یانی شێوازی بەڕێوەبەریی ئەرکەکان لە لایەن حاتەمەوە ببووە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی دیسیپلین و توانای تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە.

پەروەردەی حاتەم لە دوو گۆڕەپاندا جێگای سەرنجە. یەکەم ئەو پەروەردەیەی کە لە بنەماڵەکەیدا بینیوە و حاتەم زۆر بەباشی توانیویەتی فێری کولتوور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان بێت و بە هۆی کوردپەروەریی بنەماڵەکەیەوە، توخمی نەتەوەپەروەری و وڵاتپارێزی لە ڕۆحیدا بچێنرێت و ئەو هەستە لە ناخیدا بەهێز بێت و چرۆ بکات. سەرەڕای ئەوە، کاتێک کە باوکی دژایەتیی فێربوونی زانستی مۆدێرن دەکات، حاتەم وەک شۆڕشگێڕێک بەپێچەوانەی ویستی باوکی، ڕێگای خوێندن دەگرێتە بەر و ڕێگای خوێندن لە قوتابخانە و دواتر زانکۆی نیزامی و لە گۆڕەپانی دووهەمدا فێری زانستی مۆدێرن دەبێت. حاتەم کە لەژێر سێبەری حکوومەتی داگیرکەری ئێراندا فێری ئەو زانستە دەبێت و چاوەڕوان دەکرێت خزمەت بەو سیستەمە داگیرکارییە بکات، بەڵام کاتێک کە حاتەم دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسێ بۆ درێژەدان بە خوێندنی فڕۆکەوانی بچێتە ئەمریکا، لەژێر کاریگەریی پەروەردەی نەتەوەیی لە بنەماڵەکەیدا، بە دوای خۆناسین دەکەوێت و بە خوێندنی مێژووی ڕاپەرینەکانی کوردستان، ئاستی تێگەیشتن و خۆناسینی دەباتە سەر و بە جۆرێک دەگاتە بەرزترین ئاست و دۆزینەوەی ئایدیای چاکە کە ئازادیی نەتەوە و نیشتمانەکەیەتی. هەر ئەوەش هۆکار بووە کە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران کە هەلی ئەوەی بۆ دەڕەخسێت لە پراکتیکدا بۆ ڕیالیزەکردنی ئەو ئایدیایە بێتە مەیدانی تێکۆشان، وەک پارێزڤانێکی ئاست بەرز ئەو ڕێگایە دەگرێتە بەر و وەک ڕێبەرێک شان دەداتە بەر ئەرک

لە ڕەفی شۆڕشدا. بۆ ئەم ئامانجە، حاتەم کە ئەویندارى وڵات و نەتەوەکەی بووە، بە هۆی بارودۆخی شۆڕش و کاتی وەرگرتنی ئەو بەرپرسایەتییە، وەک فەرماندەی پارێزڤانان ئەرک قەبووڵ دەکات و لە لایەک ڕێکخراوەکانی هێزی پێشمەرگە پەروەردە دەکات، لە لایەک هەوڵی ڕاکێشانی پشتیوانیی خەڵک بۆ لای شۆڕش دەدات و لە لایەکیش بە باشترین شێوە هاوکاریی ڕێبەریی شۆڕش دەکات. بۆیە حاتەم لە ڕیزی ئەو ڕێبەرانەدا پۆلێنبەندی دەکرێت کە قاسملوو بە شیاوی دەزانێت بۆ ڕێبەری و توانایی ئیدامەکاریی بەردەوامی هەبووە. حاتەم هەم بە هۆی هەبوونی شارەزایی لە سیاسەتی کوردیدا و هەم بە هۆی پسپۆڕیی کە هەیبووە، شیاوی ئەوە بووە کە وەک کادرێکی پلە بەرزی حیزبی حیسابی بۆ بکرێت.

بە لەبەرچاوگرتنی ژیاننامەی حاتەم و ئەو ڕەنگدێرانەی کە ئینفۆرمانتەکان بۆ ناوبراویان بەکار هێناوە، دەردەکەوێت کە ئەو بە زیادەوە خاوەنی هەموو ئەو پێوەر و کارەکتەرانەیە کە قاسملوو بۆ کادری پلە یەکی حیزبی دەسنیشانی کردوون. ئەو لە لایەک بە بیروباوەڕەوە کەسێکی دێموکرات و خاوەن سیمای دێموکراتی بووە و ئەوەش لە ئاکارەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، لە لایەکی دیکەش بە دژی ئانارشیزم بووە و بێدیسیپلینیی ڕەت کردووەتەوە و بەدڵ و گیان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی هەوڵی داوە و پارێزەری سیاسەت و پرەنسیپەکانی حیزب بووە.

حاتەم هەروەها کەسێکی پەروەردەکراو و شارەزا بووە و هەوڵی داوە لە مەیدانی خەباتدا ئاستی تێگەیشتنی خۆی زیاتر بەرز بکاتەوە. بە هۆی ئەو کارەکتەرەوە توانیویەتی هەستەکانی باشتر کۆنترۆڵ بکات و کەسێکی پشوودرێژ بێت. بۆیە کوالیتیی مودیریەتیی بەرزی هەبووە و توانیویەتی هەم دڵی خەڵک ڕابگرێت و هەم لە کاتی پێویستدا بڕیاردەر بێت و سەربەخۆ بڕیاری داوە و هەڵوێستی هەبووە. ئەوەش بەڵگەیەکی بەهێزە کە دەری دەخات ئەو خاوەنی پەروەردەی جەستەیی و ڕۆحی بووە و لەو بارەوە خۆی باش پێگەیاندبوو.

هەڵوێست و بڕیارەکانی حاتەم چ بەرامبەر دوژمنانی دەرەکی و نێوخۆیی و چ لە هەلومەرجی سەخت و پڕمەترسیدا، بەڵگەیە بۆ ئازایەتی و بوێریی ئەو و

نیشان دەدات ئەو لە ترسی مردن ئازاد ببوو و ئامادە بوو نرخی ئازادیی نەتەوە و نیشتمانەکەی بدات و خۆی بۆ وەدیهاتنی ئەم ئامانجە فیدا بکات.

حاتەم سەرەڕای ئەوەی کە بە هۆی بارودۆخی دژواری ئەوکاتی شۆڕش و خیانەتی هەندێک کەس، جاروبار هەستی بە ناهومێدی کردووە و ویستوویەتی لە بەئەستۆگرتنی ئەرک خۆ ببوێرێت، بەڵام هەستی شۆڕشگێڕانە و ئەوەی کە پارێزڤانانی ڕاستەقینە دەبێت هاوکاری ڕێبەران بن، هەر کاتێک قاسملوو بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێک داوای لێ کردووە، بەبێ دوودڵی، وەک کەسێکی فیداکار و دەروەست ئەو ئەرکەی قەبووڵ کردووە کە ئەوە خاڵێکی بەهێزی فەرماندەرانی پارێزڤانانە و دەری دەخات کە ئەو چەندە شۆڕشی کوردی خۆش ویستووە و خێر و زەرەرەکانی بە هی خۆی زانیوە.

هەروەک کە پێشتریش گوترا، حاتەم کەسێکی ڕەوشت بەرز بوو و بەدوور بوو لە گەندەڵیی هزری، ماڵی و ئەخلاقی. ئەفلاتوونیش دەڵێت، ئەوانەی کە لە بەرامبەر شتە چێژهێنەرەکاندا تەسلیم دەبن، دیکتاتۆرەکانن و قاسملووش هەنگاونان بەرەو دیکتاتۆری بە هەڕەشە لەسەر دێموکراسی دەزانێت. حاتەم وەک کەسێکی خاوەن ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە و کەسایەتیی دێموکراتیک نیشانی دابوو کە خاوەن ڕابردوویەکی پاکە.

هەروەها ئینفۆرمانتەکان حاتەم بە کەسێکی ئارام و لەسەرخۆ ناو دەبەن کە زوو تووڕە نەدەبوو و لە کاتی تەنگانەدا خۆی نەدەدۆڕاند. ئەو هەروەها کەسێکی خۆڕاگر و خاوەن ئازایەتییەکی بێوێنە بوو. ئەو دوو کاراکتەرە بۆ جەنگاوەرانی وڵات گرنگییەکی زۆری هەیە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە جەنگاوەران لە بەرامبەر هەوەس و لە کاتی تەنگانە و هەڵهاتندا بڕوای خۆیان لەدەست نەدەن. ئەوان کەسانێکێن کە حاکمی نەفسی خۆیانن و جۆرێک ڕێکوپێکی لە ناخیاندا هەیە و لەلایەن بەشی بەرزی ڕۆحییانەوە بەڕێوە دەچن.

حاتەم لە بەرامبەر نەتەوە، وڵات، بنەماڵە، هاوڕێیان و شۆڕشدا کەسێک بووە هەستی بە بەرپرسایەتیی کردووە. هەر ئەو سەردەمانەی کە خەریکی خوێندن

لە زانکۆی سەربازی بووە، پارەی مانگانەی لەگەڵ بنەماڵەکەی بەش کردووە و یارمەتیی بنەماڵەکەی داوە. ئەو سەردەمەی کە بۆ دەورە نێردراوە بۆ ئەمریکا، ژن و منداڵەکانی بەجێ نەهێشتووە و لەگەڵ خۆی بردبوویانی. ئەو بە هۆی هەست بە بەرپرسایەتیکردن،یان ئەو دەمەی کە غەنی لەلایەن ڕێژیمەوە دەسبەسەر کراوە، خۆی دەکاتە هاوچارەنووسی غەنی. کاتێک کە شۆڕش لە کوردستان دەست پێ دەکات، پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەگرێت و بەشدار دەبێت لە شۆڕشدا. کاتێک کە ڕێژیم هێرش دەکاتە سەر کوردستان، ئەو چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان و بەرگری دەکات. کاتێک هەندێک لایەن هەوڵی دەستێوەردان لە باکووری ڕۆژهەلاتدا دەدەن و خەریکن خەڵک بۆ جاشایەتی هان بدەن، حاتەم لە بەرامبەریاندا ڕادەوەستێت و وەبیریان دەهێنێت کە سنووری خۆیان بناسن. کاتێک کە کەسانی وەک ڕەحمان کەریمی هەوڵی خیانەت بە شۆڕش دەدەن، ئەو لە بەرامبەریاندا ڕادەوەستێت و هەر کاتێک ڕێبەریی حیزب ئەرکی بۆ دیاری کردبێت، بەوپەڕی فیداکارییەوە هەوڵی جێبەجێکردنی داوە و هەوڵی داوە هاوکارێکی باش بێت لەگەڵ کۆمیتەکانی حیزبی و هەوڵی سەرخستن و باشتر بەڕێوەچوونی بەرنامەکانی هاوکارانی داوە.

حاتەم لە پەروەردەکردنی خەڵکی کوردستانیشدا ڕۆڵی هەبوو و هەر کاتێک پێویست بوایە و دەرفەتی هەبوایە، بۆ خەڵک قسەی دەکرد و هەوڵی دەدا کە ئەوان لە پیلانەکانی دوژمنان ئاگادار بکات و هانیان بدات کە لە لایەک نەکەونە بن باندۆڕی پیلانەکانی دوژمن و لە لایەکی دیکەش وەک ئەرکی نەتەوەیی-نیشتمانی، پشتیوانی شۆڕش بن.

حاتەم کەسێکی دڵسۆز بوو بۆ ماڵ و دارایی حیزب و هەر ئەوەندە بەسە کە فازڵی دەڵێت: «حاتەم لە کاتی شەهیدبوونیدا پارەی لە گیرفانیدا نەبوو و هیچ کاتێک داوای شەخسیی لە دەفتەری سیاسی یان قاسملووی نەبووە». ئەو نەتەنیا خاڵی لاوازی ئەخلاقیی نەبوو، بەڵکوو خۆشەویستی خەڵکی ناوچە و هاوڕێیانی بوو و زۆربەی ئەو ئینفۆرمانتانەی قسەیان لەگەڵ کرا، لە کاتی گێرانەوەی بیرەوەرییەکانیاندا لەبەر گەورەیی حاتەم فرمێسکیان دەڕشت. ئەوان زۆرتر بۆ ئەوە خەمبار بوون کە حاتەم بە گوللەی لایەنێکی کوردی شەهید کرا. بکوژانی

حاتەم ئەو فیشەکەیان لە دوژمنانی کورد وەرگرتبوو تا سینگی باشترین پارێزڤانانی کوردستان پێی بپێکن و ئەو دڵە لە کار بخەن کە بۆ ئازادیی کوردستان لێی دەدا. کاتێک کە باسی ئەو هەموو ڕەنگدێرە دەکرێت، نامۆ نایەتە بەرچاو کە قاسملووش بکەوێتە ژێر کاریگەریی کەسایەتیی حاتەم و لە کاتی شەهیدبوونیدا بۆ ماوەی هەفتەیەک هەست بە خەمبارییەکی ئەوەندە گەورە بکات کە ئەرکەکانی بۆ جێبەجێ نەبێت و هاوکار و پشتیوانێکی وەک شەرەفکەندی ئەرکەکانی بگرێتە ئەستۆ تا دیسان قاسملوو خۆی بدۆزێتەوە و بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکانی حاتەم، دیسان بگەڕێتەوە و ئەرکەکانی بەڕێوە بەرێت.

# ئەنجام

هەر نەتەوەیەک بۆ ئەوەی بتوانێت لە ژیان بەردەوام و ماف و ئازادییەکانی پارێزراو بێت، پێویستیی بە خەڵکێکی دڵسۆز، سپایەک لە جەنگاوەرانی بوێر و ڕێبەرانێکی ژیر و زانا هەیە کە هەر یەک لەوانە لە ڕێگای ئەنجامدانی ئەرکەکانییانەوە کۆمەڵگا هەم لە دوژمنانی دەرەکی و ئاژاوەگێرانی نێوخۆیی بپارێزن و هەم یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی کە پەرگالێکی دادپەروەرانە لە وڵاتدا جێ بگرێت. بۆ ڕئالیزەکردنی ئەم ئامانجە، کۆمەڵگا پێویستیی بە سیستەمێکی پەروەردەیی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت تاکەکان لەو ڕێگایەوە بۆ بەئەستۆگرتنی ئەرک، پەروەردە و ئامادە بکات. نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان کە ئێستا لە ژێر ستەمی نەتەوەکانی داگیرکەردا دەژین، لە هەموو نەتەوەکانی دیکە زۆرتر پێویستییان بە پارێزڤانانی ڕاستەقینە و تا ئەو جێگایەیی دەشێت، ئایدیاڵ هەیە. دوکتور قاسملوو لە سەردەمی ڕێبەریی خۆیدا زۆر هەوڵی دا هەندێک پرەنسیپ دەسنیشان بکات و جێگیریان بکات بۆ ئەوەی یارمەتیدەر و ڕێنیشاندەر بن بۆ پەروەردەی کادرەکان و هەڵبژاردنی کەسانی شایستە و لێهاتوو بۆ ڕێبەریی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان، بەڵام مخابن لەو ساڵانەی دواییدا بە هۆکاری جۆراوجۆر ئەو پرەنسیپە بەیاخدارانە پشتگوێ خراون. ئێمە پێویستە جارێکی دیکە ئەو پرەنسیپانە بە بیری خۆمان بهێنینەوە و هەر لەو کاتەشدا بە لەبەرچاوگرتنی ژیان و خەباتی پاکرەوان حاتەم دوعاخان، ئەو وەک نموونە و پارێزڤانێکی لێهاتوو، ژیر و بوێر بۆ خۆمان بکەینە سەرمەشق و هەوڵ بدەین ئێمەش بەوپەڕی بوێری، لێهاتوویی و ژیرییەوە خزمەت بەو دۆزە ڕەوایە بکەین. شێوازی شەهیدبوونی حاتەم دوعاخانیش دەتوانێت وانەیەک بێت بۆ هەموو لایەک و لەو ڕاستییە تێبگەین ئەگەر ڕۆژێک کەسانێک بیانەوێت یارمەتییەک لە دوژمنانی کورد وەربگرن بۆ ئەوەی کە لە ململانێیە نێوخۆییەکاندا لە بەرامبەر یەکتردا سەرکەوتوو بن، نەک سەرکەوتنێک دەستەبەر ناکەن، بەڵکوو باشترینەکانی نەتەوەکەمان دەبنە قوربانی و هەر بۆیە ئەو هەڵەیە نەک گەورە بەڵکوو خەیانەتە و قەت فەرامۆش ناکرێت. ئەو بەسەرهاتە تاڵەی ژیانی

حاتەم دوعاخان جارێکی دیکە هەموومان ئەرکدار دەکات شەڕی کورد بە کورد هەتاهەتایە شەرمەزار و حەرام بکرێت و وەک هێڵێکی سووری نەتەوەیی، هەموو ئەوانەی کە خۆیان بە خزمەتکاری نەتەوە و نیشتمان دەزانن، بەو پرەنسیپە سەرەتاییە وەفادار بمێنن.

# ژێدەر و ژێرنووسەکان

[1] Berman, Paul. 2017. «Realism and the Kurds. Bernard-Henri Lévy presents his extraordinary documentary Peshmerga at the United Nations, but civilization isn't listening."

https://n9.cl/jf7uw

[2]قاسملوو، عەبدولڕەحمان. ٢٠٠٠. «چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی». ل. ٥٦

https://n9.cl/fy6vm

[3] سازمان پیشمرگان مسلمان کرد - ویکی امام خمینی

https://n9.cl/xyvzv

[4] Lindqvist, Moa. 2023. «"Governing the nation is more important than revenge"Amnesty for Kurdish Collaborators in the Aftermath of Genocide and its Influence on Reconciliation in Iraqi Kurdistan". (univ. Lund University, Department of Political Science, Peace and Conflict Studies). P. 6

https://n9.cl/wnasw

[5] قاسملوو، عەبدولڕەحمان. ١٣٨٦. «تاقگەی هەقیقەت- بەشێک لە بەرهەمەکانی قاسملوو » (بەرگی سێیەم). کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی . ل.

٢٠٧

[6]قاسملوو، عەبدولڕەحمان. ١٣٨٤ «تاڤگەی هەقیقەت- بەشێک لە بەرهەمەکانی قاسملوو « (بەرگی دووەم). کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی. ل. ٣٤

[7] قاسملوو. ١٣٨٤. ل.١١٣-١١٤

[8] ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارەی ١٠١، ل. ٩ و ١٩.

[9] ئەفلاتوون. ١٩٧٤. «جمهوری» ترجمه به فارسی از محمدحسین لطفی، چاپخانه خوشه ١٣٥٣. ل. ٩٨

https://n9.cl/22ply

[10] ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٩٧-١١٧

* دوکتور شەرەفکەندی لە وتەکانیدا بە بۆنەی شەهیدبوونی د. قاسملوو دەڵێت: «با دایکانی کوردستان ڕۆڵەکانیان لە باوەشی گەرم و پڕ لە خۆشەویستیی خۆیاندا، بەهەستی گەرمی نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازی پەروەردە بکەن و چیرۆکی ژیانی دوکتور قاسملوو و شەهیدانی ڕێگای ڕزگارییان بە گوێدا بخوێنن.

با باوکانی کوردستان دەرسی ئازایەتی و خەباتگێڕی فێری منداڵەکانیان بکەن و تێیان بگەیەنن کە چەندە خۆشە جێگای هیوا و هومێدی کۆمەڵەکەیان و گەلەکیان بن.

با لاوانی کورد، کوڕ و کچ باش بزانن کە ژیان لە ئەسیری و ژێردەستەییدا و بە سەرشۆڕی و شەرمەزارییەوە چەندە بێقەدر و قیمەتە و لە بەرامبەردا هەوای پاک و بێگەردی سەربەرزی و ئازادی چەندە خۆش و دڵڕفێنە.“

[11]ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ١١٨-١٢٠

[12]ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ١٢١

[13]ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ١٣٢

[14]ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ١٣٧-١٤٤

[15]ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ١٤٥-١٤٦

[16]ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ١٤٧-١٦٢

[17]ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ١٦٣-١٧٢

[18]ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ١٧٦-١٨٣

[19]ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٢٥٥-٢٥٩

[20]ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٢٦٢-٢٦٩

[21]ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ١٩٠-٢٠٣

[22]ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٢٠٤-٢٢٠

[23]ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٢٧٣-٢٨٦

[24]ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٣٥٥-٣٥٦

[25]ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٢٨٩-٣١٤

[26]ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٣١٥- ٣٣٧

[27]ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٣٣٧-٣٥٤

[28]ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٣٥٨-٣٨١

[29]ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٣٨١-٣٩٤

[30]ئەفلاتوون، ١٩٧٤، ل.٤٠٠-٤٧٢

[31]ئەفلاتوون. ١٩٧٤. ل. ٤٧٥-٤٨٧

[32]قاسملوو. ١٣٨٦. ل.٢١٠

[33]قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٥٥-٢٥٦

[34] قاسملوو. ١٣٨٨. ل. ١٤٦-١٤٧

[35]قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٥٥

[36] قاسملوو. ١٣٨٦. ل.١٩٤

[37]قاسملوو. ١٣٨٦. ل.١٩١-١٩٥

[38]قاسملوو. ١٣٨٦. ل. ١٥٨

[39]قاسملوو. ١٣٨٦. ل.١٩٤

[40] سیمای دێموکرات چەند پرەنسیپ و پێوەرێکێن کە قاسملوو بۆ کادرەکانی حیزبی دەسنیشانی کردوون. دانەر لە پەرتووکی «اندیشەهای قاسملو درباره دمکراسی برای ایران کثیرالله» ئەو خاڵانەی شی کردووە و بۆیە لێرەدا لە شیکردنەوەی خۆی دەبوێرێت.

[41]قاسملوو. ١٣٨٦. ل.١٠٥-١٠٦

[42]قاسملوو. ١٣٨٦. ل.١٠٧

[43]سەرچاوەی پێشوو

[44] بەهرامی کاوە. ئامادەکردن ١٣٨٢. «قاسملوو، ڕێبەرێکی مودێڕن و شۆڕشگێرێکی دێموکرات». ل. ٨٩

[45]قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٦٨

[46]قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٦٩

[47] آصف، هاجر. ١٣٩٤. «نظریه‌های فلاسفه در زمینه شیوه‌های اقناع (با تأکید بر آرای افلاطون، ارسطو و دکارت)».

& https://n9.cl/djcq2

Amjarso, Bilal. 2007."Persuasiveness from a Pragma-Dialectical Perspective". (University of Amesterdam).

https://n9.cl/gn2jd

[48]قاسملوو. ١٣٨٦. ل. ٢٠٦

[49]قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ١١٤-١١٥

[50]قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٥ و ٥٣

[51]قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٨٢-٨٣

[52]قاسملوو. ١٣٨٦. ل. ٢٠٧

[53]قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٥٧

[54] قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ١١٧

[55]قاسملوو. ١٣٨٦. ل. ٧٨

[56]قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٦٠

[57]قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ١٨٥

[58]قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٧٨

[59] قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٨٦

[60] قاسملوو، عەبدوڵڕەحمان. ١٣٨٨. «کردستان رنج و ایستادگی- بخشی از مقالات و مصاحبەهای دکتر عبدالرحمن قاسملو» (تاڤگەی هەقیقەت بەرگی چوارەم) گردآورەندە کاوە بهرامی.. ل. ٢٩٩-٣٠٠

[61] قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٧٨-٢٧٩

[62] قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢١٠

[63]قاسملوو. ٢٠٠٨. ل.٣٠٣-٣٠٤

[64] بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر مانگی دیفاع و هێرش بڕوانە پەرتووکی تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی دووەم.

[65]قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٦٥-٢٦٦

[66]قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٧٣

[67] قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ٢٥٥

[68] قاسملوو. ١٣٨٦. ل.٧٩

[69] قاسملوو. ١٣٨٤. ل. ١١٦

[70]غەنی غەنیپوور نزیکترین هاوڕێی حاتەم لە منداڵییەوە تا کاتی شەهیدبوونی بوو. غەنیپوور یەکێک لەو ئەفسەرانەی ئەرتەشی ئێران بوو کە لە کاتی شۆڕشی ئەیلوولدا لەلایەن ئەرتەشی ئێرانەوە نێردرابوو بۆ باشووری کوردستان بۆ ئەوەی کە لە ڕێگای ڕادارێکی بچووکەوە کە لەگەڵ ڕاداری پایگای شکاری ی تەورێز لە پەیوەندیدا بوو، چاودێریی هێرشی فڕۆکەکانی عێراق بکات بۆ سەر سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول کە ئەو کات ئەو شۆڕشە لە باری دابینکردنی پێداویستییەکانی چەکدارییەوە خۆی بە ڕێژیمی شای ئێرانەوە بەستبوو و هەر ئەوەش بووە هۆکار کە دوای پەیماننامەی ئەلجەزایر، شۆڕش تووشی نسکۆ ببێت. بە وتەی غەنیپوور، ئەو ئێستاشی لەبیرە کاتێک کە لەلایەن ئەرتەشی

ئێرانەوە فەرمانیان پێ کرا کە کەلوپەلەکانی ڕادار کۆ بکەنەوە و بگەڕێنەوە بۆ ئێران.

[71]زاراوەی موهاجیر لە لایەن خەڵکی ناوچەوە بۆ ئەو هاووڵاتییە کوردانە بەکار هاتووە و دانەر خاکی کوردستان بە موڵکی هەموو کوردێک و بەتایبەتی ئەوانە دەزانێت کە لە ڕێگای شۆڕشی کورددا نرخیان داوە و هیچ کوردێک لەسەر خاکی کوردستان بە موهاجیر نازانێت.

[72] حەجۆ و محەمەدئەمین حاتەمی دواتر بە پیلانی ڕەحمان کەریمی و بڕیاری کەسانێکی کاڵفام گوللەباران کران بۆ ئەوەی کە تاوانەکە بکەوێتە ئەستۆی حیزبی دێموکرات و عەشیرەی سیدانی هەرکی و خەڵکی ناوچە ببن بە دوژمنی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کورد. ئەگەرچی ڕەحمان کەریمی لە پیلانەکەیدا بۆ کوشتنی نارەوای حەجۆ و محەمەدئەمین حاتەمی سەرکەوت، بەڵام بە هۆی وشاریی ئەندامانی بنەماڵەی و خەڵکی ناوچە، بەشی دووهەمی پیلانەکەیان کە دروستکردنی دوژمنایەتی بوو لە نێوان بزاڤی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کورد و خەڵکی ناوچەی مەرگەوەڕ، سەرکەوتوو نەبوون. ڕەحمان کەریمی کە مۆرەیەکی حیزبی توودە و جاشێکی نفووزیی کۆماری ئیسلامی بوو لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا بۆ ماوەیەک جێگای بۆ خۆی کردبووەوە، دواتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن دادگای شۆڕشەوە کوژرا. مەسعوود بارزانی لە زۆر جێگا لە نووسینەکانیدا ئەو خایینەی بە شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر بە خوێنەرانی نووسینەکانی دەناسێنێت کە ئەوەش هۆکاری تایبەتیی خۆی هەیە.

[73] کورە سونی، گرووپێک لە خەڵکی ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانن کە بە زمانی تورکیی ئازەری قسە دەکەن، بەڵام ئۆلەکەیان سونییە. ئەو هاوبەشییەی ئۆلی بووەتە هۆی پەیوەندییەکی قووڵی کۆمەڵایەتی لە نێوان ئەوان و کوردەکاندا و زۆر لەگەڵ یەک نزیکن.

[74] لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمزدا باس لەوە کراوە کە تێچووی فێرکردنی هەر فڕۆکەوانێکی ئێرانی ٢٥٠ هەزار دۆلار بووە. دیارە کە ئەو بڕە

پارەیە بەشی گەندەڵیی کاربەدەستانی ئێرانی و بەشە زیادەکەی کە دراوەتە دەوڵەتی ئەمریکای لەگەڵ نییە لەو ڕاپۆرتەدا.

https://n9.cl/ixyadr

[75]بە گوێرەی بەڵگەکانی ئەمریکا دەردەکەوێت کە ئەمریکا پلانی هەبووە بۆ ڕاهێنانی ١٠ فڕۆکەوانی ئێرانی بۆ فڕۆکەی F16، لە ساڵی ١٩٧٩دا. غەنیپوور دڵنیا نەبوو کە دروست حاتەم لە چ ڕێکەوتێکدا نێرراوە بۆ ئەمریکا. لەوانەیە ١٩٧٩ ڕاست بێت.

https://n9.cl/ggeogg

[76] مهرنیا، احمد. «ستارەهای نبرد هوایی، جلد دوم. انتشارات سوره مهر». ١٣٩٨. ل. ٨٧

https://n9.cl/3sk7q1

[77] ئەوە دەبێت نازناوی بێت. لەبەر ئەوەی کە ڕۆکنی ٢، بەشی دژە هەواڵگریی ئەرتەشە و ئەفسەرانی ئەم بەشە زۆرتر نازناو لە جیاتی ناوی ڕاستەقینەی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن.

[78] سزاوار سەیدی، یەکێک لە لایەنگرانی خومەینی بوو لە مەشهەد کە کەسێکی خاوەنی کەسایەتییەکی نزم بووە و لەلایەن خودی کاربەدەستانی ڕێژیمیەوە دوای چەند ساڵێک لە کار لادەدرێت و بە خەیانەت تۆمەتبار دەکرێت. لەبەر ئەوەی کە ئەو زۆربەی فڕۆکەوانەکانی پایگای دووهەمی شکاری ی تەورێزی بە تۆمەتی شاپەرستی دەرکردبوو.

ئەو کەسەی دووەم کە غەنیپوور دەڵێت لەگەڵ سەیدی لێپێچینەوەیان لە غەنیپوور کردووە، دەبێت کەسێک بەناوی بایرامعەلی بێت. ناوی سەیدی و بایرامعەلی لەو لینکانەدا پێکەوە هاتووە:

https://n9.cl/bg0w0

https://n9.cl/fbkfm

https://n9.cl/2v1t6

[79]محەممەدعەلی عەبدیەزدان، کە ڕەئیسی زیندانی تەوریز بووە، کەسێکی بێویژدان و خاوەنی کەسایەتییەکی زۆر نزم بووە. براکەی ناوی محەممەدحەسەن عەبدیەزدانی بووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئەم لینکانە:

https://n9.cl/ham6s

https://n9.cl/8mqv4

https://n9.cl/mx78w

https://n9.cl/q1gjv

https://n9.cl/o97iz

[80]گفتگوی سایت تابناک با پاسدار کریم بهرامی. «تعهد جلال طالبانی به سپاه». ١٤ اسفند ١٣٩١.

https://n9.cl/4846e

[81]خوشحالی، بهزاد. کۆکراوەی بابەتەکانی پەیوەندیدار بە کوردستانەوە لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا. «دکتر عبدلرحمن قاسملو و کردستان». ل. ٤٦

https://n9.cl/ofktp

[82]روزی طلب، محمدحسین. ١٣٩٢. «تأسیس نهادهای امنیتی در جمهوری اسلامی». ل. ١٤٥

https://n9.cl/ytj9u

[83]سبزمحمدی، پریا. «ارومیه». سایت ویکی دفاع

https://n٩.cl/e٤wp

[84] نامیلکەی «جنگ در کردستان، مهر و آبان ١٣٦٠» لە بڵاوکراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ل. ٢٨

# پاشکۆ

## ١ـ کادرێکی باشی حیزبی دەبێ

- ❖ هەم لە باری بیروباوەڕ و هەم لە باری کردەوە و ئاکارەوە دێموکرات بێ و سیمای دێموکراتی هەبێ.
- ❖ لە سیاسەت و تێکۆشانی حیزبیدا شارەزا بێ و ئامادە بێ کە ڕادەی تێگەیشتن و زانینی سیاسی و نەزەریی خۆی بەرێتە سەرێ.
- ❖ مودیرییەتی هەبێ، هەم «مردم دار» بێ [خەڵکی بێت] و هەم قاتیعیەتی هەبێ و هەم لە کاتی پێویستدا بتوانێ سەربەخۆ بڕیار بدا.
- ❖ هەم لە باری سیاسی و هەم لە باری شەخسییەوە ئازا و نەترس بێ.
- ❖ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی حیزبی ئامادەی هەر چەشنە فیداکارییەک بێ و هەر ئەرکێک لەلایەن حیزبەوە پێی بسپێررێت، جێبەجێ بکا.
- ❖ ڕابردووی حیزبیی پاک بێ. نوقتە زەعفی گەورەی نیشان نەدابێ.
- ❖ لەسەرخۆ بێ. زوو تێک نەچێ و تووڕە نەبێ و لە تەنگانەدا خۆی نەدۆڕێنێ.
- ❖ هەست بە مەسئوولییەت بکا، هەڵسووڕ و چالاک بێ، تەکرەوی نەکا، گیانی هاوکاریی هەبێ و حەز لە بەڕێوەبەریی جەمعی بکا.

- ❖ بۆ حیزب و دارایی حیزب دڵسۆز بێ.
- ❖ خۆشناو بێ، نوقتەزەعفی ئەخلاقیی نەبێ کە بە ئیعتیباری حیزب زیان بگەیەنێ.

## ٢. سیمای دێموکرات

- ◆ دێموکرات: باوەڕی بە ڕەساڵەتی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیە و ئەم حیزبە بە ڕێبەر و ڕێکخەری خەباتی خەڵکی کوردستانی ئێران دەزانێ.
- ◆ دێموکرات: بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پەسەند دەکا و لە تێکۆشانی سیاسیی خۆیدا لە سیاسەت و ڕێنوێنییەکانی ئەم حیزبە پەیڕەوی دەکات و بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم سیاسەتە لە هیچ چەشنە گیانبازییەک خۆ نابوێرێ.
- ◆ دێموکرات: بە حەق شانازی بەوە دەکا کە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی پێشەوا قازی محەممەد و هەزاران شەهیدی بەڕێزە کە لە ڕێگای ئازادیی کوردستاندا گیانیان بەخشیون.
- ◆ دێموکرات: لە بەستراوەیی بێزارە و هەر بۆیە پێی خۆشە کە حیزبەکەی بەبێ هیچ بەستراوەییەک لە بڕیارداندا بە تەواوی ئازاد و سەربەخۆ بێت.
- ◆ دێموکرات: لایەنگری ئازادی و دێموکراسییە و باوەڕێکی قووڵی بە دێموکراسی هەیە و لە ئاکار و کردەوەی خۆیدا بەرامبەر بە هەموو هێزە سیاسییەکان و بەرامبەر بە کۆمەڵانی خەڵک لەم ئەسڵە ئیلهام وەردەگرێت.

- دێموکرات: بۆ هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیک لە ئێران لەسەر بناغەی پلۆرالیزم خەبات دەکات.
- دێموکرات: بۆ وەلانانی ستەمی نەتەوایەتی خەبات دەکات.
- دێموکرات: ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگ نییە و بۆ دۆستایەتیی نێوان گەلانی ئێران ڕێز دادەنێ و مافی هەموو گەلانی لەلا بەڕێزە.
- دێموکرات: پارێزەری مافی زەحمەتکێشانە و بە دژی هەر چەشنە چەوسانەوەیەکی ئادەمیزاد بە دەستی ئادەمیزاد خەبات دەکات.
- دێموکرات: لایەنگری بەرابەریی تەواوی مافی ژنان و پیاوان لە کۆمەڵ و لە نێو خێزاندایە.
- -دێموکرات: بەشەردۆستە و بە دۆستایەتیی نێوان ئینسانەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و مەزهەب بایەخێکی زۆر دەدا و هەر چەشنە ڕەگەزپەرەستی و فاشیزم و مەزنیخوازییەک مەحکووم دەکات.

## ٣. نامیلکەی "جنگ در کردستان، مهر و آبان ١٣٦٠" لە بڵاوکراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران:

ضمیمهٔ چهارم

جنگ در کردستان

اشنویه

### نیروی شهید سمکو

مهرماه

١٩/٧/٦٠ — در درگیری سخت و نابرابری که در روستاهای "شیخان"، "کانی رەش" و "درو" بین پیشمرگان و جاشهای قیاده موقت روی داد بیش از ٧٧ تن از جاشهای قیاده موقت بهلاکت رسیده و ٢ جاش نیز بنام خالد و حاجی شینو باسارت پیشمرگان درآمدند. در این درگیری ٤ تن از پیشمرگان بنامهای حاتم دعاخوان (فرمانده نیروی نحو)، محمود رحمت پور (معاون نیروی سمکو)، کرم چولی و رسول حمیدی بشهادت رسیدند.

درهمین روز در درگیری پیشمرگان و جاشهای قیاده موقت ٦ تن از افراد قیاده بهلاکت رسیده و ٥ تن نیز زخمی شدند.

٢٠/٧/٦٠ — پیشمرگان نیروی افشین و نیروی سمکو در روستاهای "بالاگیر"، "نەرزەمیز"، "کونه قلا"، "دربند" و "دی شمس" با نیروهای رژیم و جاشهای قیاده موقت درگیر شدند. در نتیجه ٣ تن از جاشهای قیاده موقت بهلاکت رسیده و عدهای نیز زخمی شدند. در این درگیری نابرابر ٤ تن از پیشمرگان بنامهای ابوبکر نوزادی از نیروی افشین، عمر محمد پور از نیروی سمکو، مراد همزەزاده از نیروی افشین و کریم شاهان از نیروی افشین بشهادت رسیدند.

٢٣/٧/٦٠ — پیشمرگان در اشنویه منازل ٣ جاش بنامهای ملاعبدالله وحیدی، ملاعبدالله حسامی و اسماعیل زرزا را مورد حمله قرار داده و خسارات سنگینی به این منازل وارد آوردند.

— ٢٨ —

## وێنەکان




سروان حاتم
FORCE T-38A NO-65
SERIAL NO
66-4389
U.S.




وێنەی بەڵگەی تەواوکردنی کۆرسی زمانی ئینگلیزیی ئامریکاییی حاتەم دوعاخان



THE UNITED STATES AIR FORCE

MCMXLVII

*Certifies that*

FIRST LIEUTENANT HATAM DOAKHAN, 1185-IR

*has successfully completed the*

TACTICAL INSTRUCTOR PILOT COURSE, T38BOIOOAA

*and is herewith awarded this*

**CERTIFICATE of TRAINING**

LB Anderson

LESLIE B. ANDERSON, Lt Colonel, USAF
Commander, 435TFTS

27 July 1979
Date

AF FORM 1256, NOV 73

بەڵگەی تەواوکردنی دەورەی ڕاهێنەری تاکتیکیی فڕۆکەوانیی حاتەم دوعاخان. ئەوە پەیوەندیی بە دەورەی فڕۆکەوانیی ١٦ Fەوە هەیە.




ئێتیکێتی فڕۆکەوانیی حاتەم دوعاخان




حاتەم دوعاخان لەگەڵ هاوکارانی لە پایگای چوارەمی شکاری  لە دزفوول- ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی



حاتەم دوعاخان لەگەڵ کۆمەڵێک فڕۆکەوانی دیکە



حاتەم دوعاخان لەگەڵ کۆمەڵێک فڕۆکەوانی دیکە



**حاتەم دوعاخان لەگەڵ کۆمەڵێک فڕۆکەوانی دیکە**



حاتەم دوعاخان لەگەڵ دوو کەسی دیکە لە ئامریکا



حاتەم دوعاخان و خێزانی ڕێحان



حاتەم دوعاخان، ڕێحان و سۆهراب دوعاخان



حاتەم دوعاخان، ڕێحان و سوهراب دوعاخان



لە چەپەوە بۆ ڕاست: ڕێحان، حاتەم و عەیشان خۆشکی حاتەم دوعاخان




حاتەم دوعاخان و غەنی غەنیپوور



لە چەپەوە بۆ ڕاست: حاتەم دوعاخان، غەنی غەنیپوور و حوسێن ساربان/ حوسێن ساربان لە ١٣٥٧دا لە ورمێ بە دەستی عەجەمەکان کوژرا. ئەم وێنەیە لە ساڵی ١٣٥١دا گیراوە.



لە چەپەوە بۆ ڕاست: عەلی خەندانڕوو، حاتەم دوعاخان، مستەفا ئەمجەدیپوور، محەممەد (زاوای شەهید حاتەم)



لە چەپەوە بۆ ڕاست: عیززەت غەنیپوور، حاتەم دوعاخان، ڕەحمان غەنیپوور(باوکی غەنی غەنیپوور)، سەعید دوعاخان (برای شەهید حاتەم)، محەممەد زاوای شەهید حاتەم



**لە چەپەوە بۆ ڕاست: عەلی خەندانڕوو، ئیبراهیم غەنیپوور و حاتەم دوعاخان**



لە چەپەوە بۆ ڕاست: عەلی حەوسەت، شەهید حوسێن ساربان، ئەحمەد حەوسەت،  شەهید حاتەم دوعاخان و حەسەن ساربان



لە چەپەوە بۆ ڕاست ڕاوەستاوەکان: سالەح بەهادوران (برای شەهید باقی بەهادوران)، ئەوانی دیکە نەناسراون

دانیشتووەکان: ئەوەی نێوەڕاستێ شەهید حاتەم دوعاخانە. ئەوانی دیکە خەڵکی گەلازی دەشتەبێلن. ناوەکانیان نازانرێت.



شەهید حاتەم دوعاخان



**لە چەپەوە بۆ ڕاست: غەنی غەنیپوور و شەهید حاتەم دوعاخان**



لە چەپەوە بۆ ڕاست: پێشمەرگەیەکی هێزی نحۆ کە ناوەکەی نەزانرا، شەهید حاتەم دوعاخان، شەهید خورشید پوولادی، مەلا خالید عەزیزی، شەهید جەمشید ئەسەدی



لە چەپەوە بۆ ڕاست: شەهید حاتەم دوعاخان، غەنی غەنیپوور، وەستا حامید، جەلال مووساپوور

**Impressum:**
**Verlag:**
TISHK – Zentrum für Studien über Kurdistan.
**Verlags- bzw. Erscheinungsort:**
Köln
**Autor:**
Ali Monazzami
**Druck:** Eigendruck
**Vertrieb:** TISHK
**Anschrift der Redaktion:**
TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
Postfach: 840108
51033 Köln
**Email:** info@tishk.org
**Webseite:** www.tishk.org
**Tel.Nr.:** +4915110338428

TISHK
The Center for Kurdistan Studies

TISHK Center for Kurdistan Studies

**TISHK Book**
**December 2024**
**Cologne**

**Copyright.**

© 2024 by TISHK Center for Kurdistan Studies is licensed under CC BY-NC 4.0

**This book** is published under the Creative Commons Attribution 4.0 International Licence, which permits use, copying, adaptation, distribution and reproduction in any medium or format, provided you give proper credit to the original author(s) and the source.

**TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.**
P.O.: 840108
51033 Cologne
www.tishk.org
info@tishk.org
Tel.Nr.: +4915110338428

ISBN 978-3-68939-006-8
ISBN (Online) 978-3-68939-007-5
https://doi.org/10.69939/TISHK2624

The **TISHK Book**s is a platform dedicated to promoting and distributing books related to Kurdistan, Iran and the Middle East, and various academic disciplines. Our goal is to make these valuable resources accessible to readers worldwide. TISHK Books is an integral part of the center's mission to promote knowledge and understanding of Kurdistan and the Kurdish situation in the Middle East. It is a publishing initiative that aims to produce high-quality books on various topics related to Kurdish studies.

Design by TISHK

Ali Monazzami

**Ideal Peshmerga**

TISHK
The Center for
Kurdistan Studies

# Ideal Peshmerga

Ali Monazzami

TISHK
The Center for Kurdistan Studies

978-3-68939-006-8

9 783689 390068

پێشمەرگە وەک یەکێک لە پیرۆزترین زاراوەکان لە وێژەی سیاسیی کوردستان و هێزی ڕزگاریدەر و پارێزڤانی نەتەوەیی-نیشتمانی زۆر کەم بە شێوەی تیئۆری لەسەری نووسراوە و ئەو بەهایەی کە پێویست بووە لە نووسینە ئاکادمییەکاندا پێی نەدراوە. لەژێر تیشکی فەلسەفەی ئەفلاتوون و هزرەکانی قاسملوودا ئەو زاراوەیە شی کراوەتەوە و دواتر بە هێنانە بەرباسی ژیان و کەسایەتیی حاتەم دوعاخان وەک پێشمەرگەیەکی نموونە، کارەکتەرە سەرەکییەکانی کەسایەتیی پێشمەرگەی ئایدیال خراوەتە بەر چاوی خوێنەران. ئەوە بە چەشنێک هێماسازییە لە کولتووری بەرخوەدانی نەتەوەییدا، بۆ ئەوەی وەک ئاوێنەیەک لەبەر چاو بێت و وەک هێمایەک یارمەتیدەر بێت بۆ بیرکردنەوەی ئەبستراکت لە پەیوەندیی لەگەڵ پێشمەرگە و بیر و کردەوەی شۆڕشگێڕانەدا و مەجالێک بخولقێت بۆ هەموو ئەوانەی کە ناوی پیرۆزی پێشمەرگەیان هەیە کە بیر لە هەڵسوکەوت و کردەوەکانیان بکەنەوە و لەو چوارچێوەیەدا باشتر خزمەتی دۆزی ڕزگاریی نەتەوە و وڵاتەکەیان بکەن.

TISHK
The Center for Kurdistan Studies

TISHK Book
December 2024
(13)
Cologne